# ڕێبەری بەکارهێنەری ECTS
# 2015


وەرگێرانی بۆ کوردی

سەردار عبدالله حسێن

محمد علی عبدالله

کۆسرەت رسوڵ حەمەشل

تحسین رجب حمد

پێداچونەوەی وەرگێران: د. جمال علی عمر

پێداچونەوەی زمانەوانی: د. شێروان حسێن حمد

دیزاین و نەخشەسازی: د. کمال سمایل محمد



Erasmus+

University of Raparin

٢٠١٨- ٢٠١٩

# ناوەڕۆک


پێشەکی........................................................................................................................١
بەشی یەکەم: گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ECTS..............................................................٣
بەشی دووەم: ECTS و ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی EHEA.................................................٥
بەشی سێیەم: ECTS بۆ دیزاینکردن و گەیاندن و چاودێریکردنی پرۆگرامەکان.......................٧
٣,١ چوارچێوەی پرۆگرامەکە..............................................................................................٨
٣,٢ هەگبە یان پاشخانی پرۆگرامەکە....................................................................................١١
٣,٣ ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە.................................................................................١٢
٣,٤ پێکهاتەی پرۆگرامەکە و دابەشکردنی یەکەکان (کرێدیتەکان)...............................................١٣
٣,٥ فێربوون و فێرکردن (وانەگوتنەوە) و هەڵسەنگاندن..............................................................١٥
٣,٦ چاودێریکردنی دابەشکاری کرێدتەکان(یەکەکان)...............................................................١٧
بەشی چوارەم: ECTS بۆ ئاڵوگۆڕ و پشتڕاستکردنەوەی کرێدیت(یەکە)........................................١٨
٤,١ ئاڵوگۆڕی بڕوانامە......................................................................................................١٨
٤,٢ ئاڵوگۆڕی یەکە..........................................................................................................٢١
٤,٢,١ ماوەی پێش ئاڵوگۆڕی یەکە.........................................................................................٢١
٤,٢,٢ ماوەی دوای ئاڵوگۆڕی یەکە........................................................................................٢٢
٤,٢,٣ یاسا و ڕێساکانی دامەزراوەیی .....................................................................................٢٣
٤,٣ دابەشکردنی بڕوانامە ...................................................................................................٢٥
٤,٤ گۆڕینی بڕوانامە .........................................................................................................٢٧
بەشی پێنجەم: ECTS و فێربوونی ماوەدرێژ ...........................................................................٢٨
٥,١ فێربوونی ماوەدرێژ- هەلی فێربوونی کراوە .........................................................................٢٨
٥,٢ دانانان بە فێربوون و ئەزموونی پێشوو ..............................................................................٢٩
بەشی شەشەم: ECTS و دڵنیایی جۆری ................................................................................٣٢
بەشی حەوتەم: ECTS و بەڵگەنامە پشت پێبەستراوەکان ........................................................٣٥
٧,١ زانیاری و ڕێنمایی دەربارەی کۆرسەکان (لیستی بابەتەکان و زانیاری) ..........................٣٥
٧,٢ (ECTS) و بەڵگەنامەی پێویست بۆ گواستنەوەی یەکە ..........................................................٣٨
٧,٢,١ ڕێکەوتنامەی فێربوون بۆ گواستنەوەی یەکە بۆ خوێندن......................................................٣٩
٧,٢,٢ ڕێکەوتننامەی فێربوون بۆ ڕاهێنان و جێبەجێکردن..............................................................٣٩
٧,٣ نوسراو یان بەڵگەنامەی تۆمارەکان(بڕوانامەی بە نمرە ToR).................................................٤٠
٧,٤ بڕوانامەی ڕاهێنان و جێبەجێکردن(بڕوانامەی پیشەیی).........................................................٤٢
سوپاس و پێزانین.......................................................................................................................٤٣
پاشکۆکان ...............................................................................................................................٤٤
پاشکۆی ١: فەرهەنگۆک.............................................................................................................٤٤
پاشکۆی ٢ نمونەکان: گۆڕینی نمرە ..............................................................................................٥٧
پاشکۆی٣: لیستی پێشنیازکراو بۆ خوێندنەوە ...............................................................................٥٩
پاشکۆی ٤ نمونەکان: زانیاری و هەگبەکانی پرۆگرام ........................................................................٦٣
پاشکۆی ٥: ئەنجامەکانی فێربوون ..............................................................................................٧١

## پێشەکی

سیستەمی ئەورووپی بۆ گواستنەوە و کۆکردنەوەی یەکە [1] European Credit Transfer and Accumulation System (ECTS) ئەو سیستەمەیە، کە لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپی European Higher Education Area (EHEA) بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و شەفاف کردنی شێوازی فێربوون و کۆرسەکانی خوێندن (وانەکان)بەکاردەهێنرێت، بەم پێیەش باشترکردنی جۆرو چۆنییەتی خوێندنی باڵایە، لەو ناوچەیە.

ECTS لە ساڵی ١٩٨٩ لەناو پرۆگرامی (ئیراسموس Erasmus) ناسێندرا، ئەمەش وەک ڕێگەیەک بۆ گواستنەوەی ئەو کرێدتانەی، کە خوێندکار لە ماوەی خوێندنەکەی لە دەرەوە بەدەستی هێنابوون لە ڕێگەی هەژمارکردن و زیادکردنیان بۆ ئەو یەکانەی، کە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکەی (Degree) پێویستن لە کاتی گەڕانەوەی بۆ زانکۆی سەرەکی خۆی. لە ساڵانی ئاییندەدا ECTS وا پلانی بۆ دارێژراوە کە نەک تەنها بۆ گواستنەوەی یەکەی بنچینەکراو لەسەر بنەمای کۆشش و ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بەکار بێت، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی یەکەی پێویست بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی شوێنە جیاجیاکان بەکاردەهێنرێت. ECTS یارمەتیدەرە لە دیزاینکردن، وەسفکردن، هەروەها گەیاندنی پرۆگرامەکان، وادەکات کە تێکەڵکردنی شێوازی فێربوونی جۆراوجۆر لە بیرۆکەی فێربوونی ماوەدرێژدا شیاوبێت، کە ئاڵوگۆڕی خوێندکاران ڕێگە دەدات بە ئاسانکردنی دانپێدانانی لێهاتووییەکانیان Qualifications و ماوەی خوێندن لە شوێنی تر. دەتوانرێت ECTS بەسەر هەموو پرۆگرامەکانی خوێندن (پسپۆڕییەکان) جێبەجێبکرێت، ئینجا ئەم پرۆگرامە گەیاندنەکەی بە هەر شێوەیەک بێت (لە ناو هۆڵی خوێندن بێت، بنچینەکراو لەسەرکاربێت، فێربوون لە دوورەوە بێت) ، یان لە چەشنی خوێندن خوێندکار بەشێوەی (بەردەوام Full-time یان پچڕ پچڕ Part-time) بێت، هەروەها لە هەموو ژینگەیەکی فێربوونیشدا ( فەرمی، نیمچە-فەرمی یان نافەرمی) دەتوانرێت، جێبەجێ بکرێت.

ڕێبەری بەکارهێنەری ECTS ڕێنمایی دەربارەی جێبەجێکردنی ECTS و هەروەها پەیوەندی پێویست بۆ بەدەست خستنی بەڵگەنامەی پشتگیری بەسود دەخاتە بەردەست. لە دوای داواکاری نوێنەرانی بۆڵۆنا لە شاری بوخارستی (پایتەختی ڕۆمانیا) (ڕاگەیەندراوی بوخارست Bucharest Communiqué, 2012)، ڕێبەری بەکارهێنەری ECTSـی ٢٠٠٩ جارێکی تر پێداچوونەوەی بۆ کرایەوە، ئەمەش بە مەبەستی بەهێزکردنی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەنجامەکانی فێربوون[2] لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپی EHEA'. ڕێبەرەکە دەیەوێت مەبەست و ئامانجی ئەو نوێنەرانە بگەیەنێت بە دامەزراوەکان تا زیاتر یەکەکانی خوێندن لەگەڵ ئەنجامەکانی فێربوون و هەوڵ و کۆششی خوێندکار بەیەکەوە ببەسترێنەوە، هەروەها دەستخستنی ئەنجامەکانی فێربوونیش هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئەم چاپەی ڕێبەرەکە، کە بەرێزکراو و چاککراوە بنیاتنراوە لەسەر بناغەیەکی پتەوی ئەو کارانەی لە ماوەی ئەم ساڵانەی دوایی ئەنجامدراون، لە ناو هەردوو پرۆسەی بۆڵۆنا بە

---

[1] لەم ڕێبەرەدا وشەی کرێدیت و یەکە بە یەک مانا بەکاردەهێنرێن، بۆ پێناسەی (ECTS) بڕوانە پاشکۆی ١

[2] مەبەست لە دەرئەنجامەکانی فێربوون(Learning Outcomes) ئەو ئەنجامە چاوەڕوانکراوانەن، کە لە فێربون و تێگەیشتن و چۆنیەتی ئەنجام دانی کارێکی پەیوەست بە لێهاتووییەك یان پسپۆڕیەکی دیاری کراودا لە توانای خوێندکارێك لە کۆتایی ماوەیەکی خوێندن دەبینرێنەوە.

گشتی و وڵاتانی تریش بە تایبەت، ئەمەش بۆ یارمەتی دانی کۆمەڵگەی ئەکادیمی و پشکدارانی خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی بە ئاراستەی ئەو گۆڕانکاریانە بڕۆن، کە لەلایەن پرۆسەی بۆڵۆناوە پشتگیری کراون.

ئەم چاپە دوایین گەشەسەندنەکانی پرۆسەی بۆڵۆنای لەخۆ گرتووە، بۆ نمونە دامەزراندنی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی EHEA، چەسپاندنی فێربوونی بەردەوام و ماوەدرێژ، نمونەی گۆڕانکاری لە Teacher-Centered بۆ Student-Centered[3]، زۆربوونی ڕێژەی بەکارهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون، هەروەها گەشەکردنی شێوە نوێکانی فێربوون و فێرکردن. وە ڕێبەرەکە بایەخێکی تایبەت بە دیزاین و گەیاندنی پرۆگرامی خوێندن لە خۆی دەگرێت، و پشت دەبەستێت بە ئەزموونی خوێندنی باڵای دامەزراوەکان لە بەکارهێنانی چوارچێوەی پسپۆڕییەکان و جێبەجێکردنی بنەماکانی ECTS لە کاری ئەکادیمیدا.

ئەم ڕێبەرە پێشکەشە بە خوێندکاران و فێرخوازان، ستافی ئەکادیمی و کارگێری لە دامەزراوەکانی[4] خوێندنی باڵا، هەروەها پێشکەشە بە خاوەنکار و ئەوانەی پەروەردە و فێرکردن فەراهەم دەکەن، وە هەموو ئەو هاوبەشانەی کە بایەخ بە خوێندنی باڵا دەدەن. بۆ ئاسانی خوێندنەوە لەم ڕێبەرەدا زاراوەی خوێندکار وەکو ئاماژەیەک بۆ تەواوی فێرخوازان لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بەکارهاتووە (ئایا ئەو خوێندکارانە بە بەردەوام Full-time یان پچڕ پچڕ Part-time دەخوێنن، بە شێوەی خوێندن لە دوورەوە (ئۆنلاین)، لە ناو سنوری زانکۆ یان خوێندن لەسەر بنەمای کارکردن، یان بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە یان کۆرس و یەکەی خوێندنی سەربەخۆ دەخوێنن).

ئەم ڕێبەرە نوسراوە هەڵبژێردراو و چاککراوە، لەلایەن گروپێکی شارەزا، لەلایەن وڵاتانی بۆڵۆنا و پشکداران، دەستنیشانکراون. ڕێبەرەکە بۆ مەبەستی ڕاوێژپێکردن پێشکەش بە کۆمەڵەی پشکداران و شارەزایانی وڵاتانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی EHEA کراوە. کۆمسیۆنی ئەوروپی هەماهەنگ بووە لە پرۆسەی ڕەشنوس و ڕاوێژکاری ئەو ڕێبەرە. لە کۆتایدا، ڕێبەرەکە لەلایەن نوێنەرانی خوێندنی باڵای ناوچەی ئەوروپی بۆ خوێندنی باڵا لە ساڵی ٢٠١٥ لە کۆنگرەی وزاری یەریڤان بڕیاری لەسەر درا. لەبەرئەوە، وەکو ڕێبەری فەرمی بۆ بەکارهێنانی ECTS بەکاردەهێندرێت.

---

[3]ئەو شێوازە لە سەر بنەمای چەقی فێربوندا ڕەنگدەداتەوە، کە لە کۆندا مامۆستا یارمەتیدەری سەرەکی بوە بۆ فێرکردنی خوێندکاران بەڵام لە شێوازی تازەدا خوێندکار زیاتر پشت بەخۆی دەبەستێت بۆ فێربون و مامۆستا تەنها ئاسانکاری دەکات.

[4]وشەی 'دامەزراوە' یان 'دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا' بە شێوەیەکی گشتی لە بری یان وەك وشەی زانکۆ و کۆلێژ وپەیمانگاکان بەکارهاتوە.

## بەشی یەکەم: گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ECTS

ECTS سیستەمێکە، کە فێرخواز تێیدا سەربەستە لە کۆکردنەوە و گواستنەوەی یەکەکان و بە پێی بنەماکانی ڕۆشنیەتی (شەفافیەت) لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندندا کاردەکات. ئامانجی بریتییە لە ئاسانکاری لە پلان و گەیاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئاڵوگۆڕی خوێندکار بە دانپێدانانی دەستکەوتەکانی فێربوون و لێهاتووییەکان و ماوەی فێربوونەکەیان.

**یەکەکانی ECTS** گوازرشتن لە قەبارەی فێربوونی هەڵچنراو لەسەر ئەنجامە دیاریکراوەکانی فێربوون و هەوڵ و کۆششی پێویست بۆ ئەو مەبەستە. (٦٠) ECTS یەکە بۆ ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی یان هاوتاکەی دانراوە بەرامبەر ئەنجامەکانی فێربوون و هەوڵ و کۆششی پێویست بۆ ئەو مەبەستە ، کە ئاسایی ژمارەیەک چالاکی خوێندن و پەروەردەیی لەخۆی دەگرێت و یەکەکانی (بە پشت بەستن بە ئامانجەکانی فێربوون و هەوڵ وکۆششی پێویست بۆ بەدەست هێنانیان) بەسەردا دابەش دەکرێن. بە گشتی یەکەکانی ECTS بە ژمارەی تەواو دادەنرێن.

**ئەنجامەکانی فێربوون Learning Outcomes:** بریتیە لە ڕاگەیاندنی ئەو بابەتانەی ،کە تاکێک دەیانزانێت، تێیاندەگات و دەتوانێت ئەنجامیان بدات لە دوای تەواوکردنی پرۆسەی خوێندن. بۆ دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون پێویستە هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە بکرێت ،کە لەسەر بنەمای ڕوون و ئاشکرا بنیات نرابێت. ئەنجامەکانی فێربوون بۆ بابەت و چالاکیەکانی خوێندن بە تاك تاك و پرۆگرامەکانی خوێندن بە گشتی دادەنرێن. هەروەها ئەو ئەنجامانە لە چوارچێوەی لێهاتوویە (پسپۆڕییە) ئەورووپییەکان و ناوخۆییەکان بۆ وەسفکردنی ئاستی لێهاتووی ئەو تاکە بەکاردەهێندرێت.

**ئەرك و کۆشش[5] Workload:** ئەو کاتە خەمڵێندراوەیە، کە تاکێک (فێرخوازێک) ی ئاسایی بە شێوەیەکی گشتی پێویستیەتی بۆ تەواوکردنی هەموو چالاکییەکانی فێربوون و خوێندنی، وەك: وانەکان، سیمینارەکان، پرۆژەکان، چالاکی کرداری (وانیی عەمەلی)، پێشینەی کار[6] ، هەروەها خوێندنی تاک کە پێویستە بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامی دیاریکراوی فێربوون لە ژینگە فەرمییەکانی خوێندندا. بەرامبەرکردن وگونجاندنی ئەرك و کۆششی یەك ساڵی ئەکادیمی بەردەوام بۆ ٦٠ یەکە بە زۆری لەلایەن بەندێکی یاسایی ناوخۆییەوە، بە فەرمی دەکرێت. لە زۆربەی دۆخەکاندا، ئەرك وکۆششی خوێندکار لە نێوان ١٥٠٠ بۆ ١٨٠٠ کاتژمێر بۆ ساڵێکی ئەکادیمی هەژمار دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ١ کرێدت هاوتایە بە ٢٥ بۆ ٣٠ کاتژمێری کارکردن. پێویستە ئەوە بزانریت، کە ئەمە بۆ ئەرکی خوێندکارێکی ئاسایی دەبێت، بەڵام بۆ تاکی جیاواز کاتی ڕاستەقینە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی ڕاستەقینە دەگۆڕێت.

**دانان و دابەشکردن Allocationـی کرێدتەکان:** ECTS پرۆسەیەکە بۆ دانانی ژمارەیەک کرێدت بۆ پسپۆڕییەکان (لێهاتووییەکان)، بروانامەی پرۆگرامەکان یان تاقە چالاکیەکی خوێندن وپەروەردەیی. دانانی کرێدتەکان بۆ تەواوی پسپۆڕییەکان یان پرۆگرامەکان بە گوێرەی یاسا یان کارپێکردنی ناوخۆیی دەبێت، لە کوێ

5واتای ئەم چەمکە ئەرك وهەوڵ و کۆششی خوێندکار بۆ خوێندن و فێربون چ لە ناو پۆل یان لە هەر جێگایەکی تر دەگرێتەوە.
6لەم ڕێبەرەدا Work placement یان Placement یان Training Period یان Internship یان Traineeship وەکو هاوواتا بەکاردەهێنرێت. بە کوردی بە مانای ڕاهێنان و مەشقکردن یان پێشینەی کار بەکار هاتووە.

گونجاوبێت، بەڵام بە پشت بەستن بە لێهاتووییە ناوخۆییەکان، یان چوارچێوەی لێهاتوویی ئەورووپی ئەنجام دەدرێت. یەکەکان دابەش دەبن بەسەر چالاکیە پەروەردەییەکانی وەك: وانەکان، توێژینەوەکان، فێربوونی لە ڕێگەی کارکردنەوە و پێشینەی کار و ڕاهێنان، ئەو ٦٠ یەکەیەی لە ساڵێکی تەواوی ئەکادیمیدا وەریدەگرن دەبێتە بنەمایەك بۆ دابەشکردنی یەکەکان، بە گوێرەی ئەو هەوڵ و کۆششەی، کە پێویستە بۆ بە دەستهێنانی دەرئەنجامی دیاریکراوی فێربوون بۆ هەر چالاکیەکی خوێندن وپەروەردەیی.

**یەکە بەخشراوەکان Awarding Credits**: بەخشین یان پێدانی یەکە لە ECTSدا بریتییە لە کرداری بەخشینی ئەو یەکانەی، کە دیاریکراون بەخوێندکاران و فێرخوازان بۆ پسپۆڕییەکە بە گشتی و بابەتەکانی، بەمەرجێك ئەنجامی دیاریکراوی پێویست بەدەست بهێنن. دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان پێویستە ئاماژە بەوە بکەن، کە کام لە دامەزراوەکان مافی بەخشینی یەکەی ECTS- یان هەیە. یەکەکان بە خوێندکاران دەبەخشرێن لە دوای تەواوکردن و جێبەجێکردنی چالاکی فێربوون و بەدەستهێنانی ئەنجامە دیاریکراوەکانی فێربوون، کە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی دروستەوە سەلمێندروان. ئەگەر خوێندکاران یان فێرخوازانی تر ئەنجامی خوێندنیان لە ماوەی دیاریکراو یان شوێنی فێربوونی تری فەرمی، نیمچە فەرمی یان نافەرمی بەدەست هێنابوو، ئەوا لەوانەیە کردێتەکان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و دانپێدانانی ئەو دەرئەنجامانەی بە فێربوونەکە ببەخشرێن.

کۆکردنەوەی یەکەکان لە ECTS پرۆسەی کۆکردنەوەی یەکەکان، کە بەخشراون لەبەرامبەر بەدەستهێنانی ئەنجامی فێربوونی چالاکیەکانی خوێندن و پەروەردە لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا و هەروەها بۆ ئەو چالاکییە فێربونانەی کە لە چوارچێوەی نافەرمی یان نیمچە فەرمی ئەنجام دراون. خوێندکارێک دەتوانێت یەکەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی:

- پسپۆڕی Qualifications بەدەست بهێنێت، بەو شێوەیەی کە لەلایەن ئەو دامەزراوەیەی بڕوانامەکە دەبەخشێت، داواکراوە.
- بە بەڵگەکردنی دەستکەوتە کەسییەکان بۆ مەبەستی فێربوونی ماوەدرێژ واتە بەدرێژایی ژیان.

**گواستنەوەی یەکەکان:** بریتییە لە پرۆسەی دانپێدانان و ناسینەوەی یەکە بەدەستهێنراوەکان لە یەک شوێنی فێربوندا (پرۆگرام، دامەزراوە) لەلایەن شوێنێکی تری فەرمیدا بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە وپسپۆڕی. ئەو کرێدتانەی کە لە پرۆگرامێك بە خوێندکارێك دەبەخشرێن، دەکرێت لە دامەزراوەیەک بگوازرێنەوە، بۆئەوەی لە پرۆگرامێکی (پسپۆڕیەکی) تردا کۆبکرێنەوە، کە لەوانەیە لەلایەن هەمان دامەزراوە یان یەکێکی تر بۆ خوێندن دانرابێت. گواستنەوەی یەکە کلیلی سەرکەوتنی شوێنگۆڕینی خوێندکارە. دامەزراوەکان و فاکەڵتییەکان و بەشەکان دەتوانن ڕێکەوتن ئەنجام بدەن، کە هۆکارە بۆ مسۆگەرکردنی ڕاستەوخۆی دانپێدانان و گواستنەوەی یەکەکان.

**بە بەڵگەکردنی ECTS:** بەکارهێنانی کرێدتەکانی ECTS لە ڕێگەی بەڵگەکانی پشتگیری ئاسان دەبن بۆ گواستنەوە و جۆرەکانیشیان باش دەکرێن، ئەو دۆکیومێنتانەش لیستی وانەکان و ڕێکەوتنی فێربوون و بڕوانامەی بە نمرە ToR و بڕوانامەی پێشینەی کار (ڕاهێنان) دەگرێتەخۆ. هەروەها ECTS هاوکار دەبێت لە شەفافی بەڵگەکانی تری وەکو دبلۆمی تەواوکاری یان بڕوانامە هاوشانەکانی.

## بەشی دووەم: ECTS و ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی
## European Higher Education Area(EHEA)

لە ساڵی ١٩٩٩ لە ڕاگەیاندراوی بۆڵۆنا ECTS یەکێك بوو لە ئامانجە سەرەکییەکان و جەختکرایەوە، کە دەبێت لەلایەن وڵاتانی بەشداربووی پرۆسەی بۆڵۆناوە جێبەجێبکرێت. لە ناو ئەو چاکسازیانەی لە پێشکەوتنی بۆڵۆنا جێبەجێکرابوون، ECTS بوو بە ئامرازێکی دیار و گرینگی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی EHEA.

ECTS وەکو سیستەمی نیشتمانی بۆ ژماردنی یەکە لە زۆربەی وڵاتانی EHEA بەکاردەهێنرێ. وە لە ناوچەکانی تری جیهاندا بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن دامەزراوەکان بەکاردەهێندرێت یان لەگەڵ سیستەمی کرێدتی ناوخۆیی تێکەڵدەکرێت لەسەر بنەمای پێوەری بەراوردکراو، بەم پێەش سیستەمەکە دەوری دەبێت لە گەشەسەندنی ڕەهەندی بەجیهانی بوون لە خوێندن و پەروەردەدا.

لەناو EHEA دا، ECTS ڕۆشنی و ئاسان تێگەیشتنی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنی زیاترکردووە، لەبەرئەوە ڕۆڵێکی کاریگەری لە هاندان بۆ گۆڕانکاری و بە مۆدێرن کردن دەبێت، چونکە جێبەجێکردنی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێچکەی سەرەکی لە شێوازی فێرکردنی (مامۆستا وەك چەقی فێربوون) بۆ (خوێندکار وەك چەقی فێربوون)، کە لە ژێر زاراوەی (شێوازی خوێندکار وەك چەقی فێربون)[7] دایە، وەکو بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی EHEA.

بە بەکارهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون و هەوڵ و کۆششی پێویست لە دیزاینی پرۆگرامی خوێندن و گەیاندنی دا، ECTS خوێندکار دەخاتە چەقی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەوە. سەرباری ئەوە، بەکارهێنانی یەکەکان دەبێتە هۆی ئاسانی دروستکردن و بە بەڵگەکردنی ڕێگا گونجاوەکانی فێربوون، بەم شێوەیە، ڕێگە بە خوێندکار دەدرێت، بۆ سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی زیاتر.

بە هۆکاری پەیرەو کردنی ڕەچکەی پشتبەستن بە ئەنجام لە ECTS دا، بەکارهێنانی خزمەت بە ئامانجەکانی تری EHEA دەکات، لەوانە:

- ئاسانکاری بۆ دانپێدانانی خوێندن و فێربوون و ئەزموونی پێشو دەکات و هانی زیاتری تەواوکردن و بەشداربوونی بەرفراوان لە خوێندنی ماوەدرێژ دەدات.
- پەیوەندییەکی نزیکتر لە نێوان پرۆگرامە پەروەردەییەکان و پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو پرۆگرامانە دروست دەکات و تێکەڵ بون لەگەڵ پشکداران باشتر دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی جیهانی کار و کۆمەڵگایەکی فراوانتر.
- ئاڵوگۆڕ لە نێوان دامەزراوە و وڵات، لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، و لە نێوان کەرتە جیاجیاکانی پەروەردە و ژینگەکانی فێربوون (واتە: فەرمی، نیمچە فەرمی، نافەرمی و فێربوونی بنچینە بە کار) لە ڕێگەی دانپێدانان و گواستنەوەی یەکەکان.

---

7لەم شێوازەی فێربووندا سەربەخۆیی تەواو بە فێرخواز دەدرێت بۆ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێ نەك مامۆستا و خۆی هەوڵبدات فێربێت.

لە یاسادانانی نیشتمانیدا بەکارهێنانی ECTS، دەتوانرێت ببێتە پێویستیەك بۆ بەدەستهێنانی متمانە و باوەڕپێکردنی پرۆگرام و پسپۆڕییەکانی خوێندنی باڵا.

**تێبینی گرنگ**

شێوازی خوێندکار وەك چەقی فێربون Student-Centred Learning(SCL) بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی جۆری خوێندنی خوێندکاران و فێرخوازانی تر لە ژینگەیەکی فێربووندا، بە ئامانجی پێدانی سەربەخۆیی تەواو و باشترکردنی تواناى ڕەخنەگرانە لە ڕێگەی پەیرەوکردنی شێوازی پشتبەستن بە ئەنجام Outcome-based approach.

چەمکی (خوێندکار وەك چەقی فێربون) دەتوانرێت لەم بەشانەی خوارەوە پوختبکرێتەوە:

- پشتبەستن بە فێربوونی چالاك، نەوەك فێربوونی ناچالاك.
- جەختکردنەوە لە فێربوونی ڕەخنەگرانە و شیکارکردن، یان تێگەیشتن.
- زیادکردنی بەرپرسیارێتی و لێپێچینەوە لە خودی خوێندکار.
- زیادکردنی سەربەخۆیی خوێندکار.
- شێوازێکی تێکەڵ بە تێرامان و بیرکردنەوە لە پرۆسەی فێربوون و وانەوتنەوە لەلایەن خوێندکار و مامۆستا هەردووکیان.

## بەشی سێیەم: ECTS بۆ دیزاینکردن و گەیاندن و چاودێریکردنی پرۆگرامەکان

ئەم بەشە لە دیزاینی پرۆگرامە پەروەردەییەکانی خوێندن لەلایەن دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (HEIs) یان ئامادەکارەکانی تری ئەو پرۆگرامانە، دەکۆڵێتەوە. بەکارهێنانی یەکەکانی ECTS یارمەتی دیزاینکردنی پرۆگرام دەدات، بە دابینکردنی ئامرازێك کە چۆنیەتی بەدەست هێنانی یەکەکان روونتر دەکاتەوە و یارمەتی دروستبوونی شێوەیەکی گونجاوتر لە دیزاین و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن دەدات.

لە ڕووی دامەزراوەییەوە، دیزاینکردنی پرۆگرامێك واتە پلاندانان بۆ دارشتنی پرۆگرامی خوێندن و بەش وپێکهاتەکانی بەپێی یەکە، بە دیاریکردنی دەرئەنجامەکانی خوێندن و هەوڵ و کۆششی پەیوەندار بۆ بەدەستهێنانیان و چالاکییەکانی فێربوون و ڕێگاکانی وانەبێژی و ڕێکار و بنەماکانی هەڵسەنگاندن. چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ یەکەکانی خوێندن پێویستە بتوانێت پێداویستی پرۆگرامە جیاجیاکان دابین بکات و پشتگیری ڕێچکەی فرە-پسپۆڕی و جیاجیا بکات.

بەکارهێنانی ECTS لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا پێویستی بە هەردوو چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ یەکەکان کە لەسەر بنەمای ڕێنمایی دامەزراوەکان بنیاتنراوە، لەگەڵ تێگەیشتنێکی قوڵ لە سیستەمەکە لەلایەن هەر ئەندامێکی دەستەی ئەکادیمییەوە هەیە. هەندێک لە دامەزراوەکان گەشە بەم جۆرە تێگەیشتنە دەدەن لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاهێنانی ئاسایی بۆ ئەندامانی ستافی بەڕێوەبردن و وانەبێژی، کە بڕیاردان بە کۆمەڵ و ڕێککەوتن لەسەر دیزاینکردن یەکگرتوویی پرۆگرامەکە باشتر دەکات.

**تێبینی گرنگ**

فێرخوازێکی سەربەخۆ دەتوانێت ئەو کرێدتانە ، کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕییەك Qualification کۆبکاتەوە لە ڕێگەی چەند جۆرێکی فێربوون. دەتوانێت زانیاری و بەهرە و لێهاتویی پێویست و داواکراو لە چوارچێوەیەکی فەرمی یان نیمچە فەرمی یان نافەرمی بەدەست بخات: ئەمەش دەکرێت ئەنجامی بڕیارێکی بە مەبەست بێت یان دەرئەنجامی چەند چالاکییەکی فێربوون بێت، بەپێی تێپەڕبوونی کات. خوێندکارەکە دەتوانێت چالاکی پەروەردەیی و فێربون هەڵبژێرێت بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو بەدەستهێنانی بڕوانامە و پسپۆڕییەکی دیاریکراو هەنگاو بنێت. ECTS پشتگیری ئەم پرۆسەیە دەکات، هەروەک لە بەشی خوێندنی ماوە درێژ باسکراوە.

**ئەمانەی خوارەوە بە هەنگاوی سوودمەند دیاریکراون لە داڕشتنی پرۆگرامی خوێندندا:**

**٣,١ چوارچێوەی پرۆگرامەکە**

کاتێک پرۆگرامێکی نوێ دادەڕێژرێت، یەکەم بڕیاری ئاسایی پەیوەستە بە ئاستی ئەو بڕوانامەی دەبەخشرێت، کە بە پشت بەستن بە بڕیارە پەیوەستدارەکانی یاسای نیشتمانی و چوارچێوەکانی پسپۆڕی (ئەوروپی، نیشتمانی، کەرتی، دامەزراوەیی) دیاریدەکرێت.

دیاردەکەوێت کە هەموو ئەنجامەکانی فێربوون لە یەک ئاستدا نابن – لەبەرئەوە جێبەجێکردنی تەواوی سیستەمێکی یەکەیی، پێویستی پێشاندەری ئاستەکان دەبێت.

**تێبینی گرنگ**

دوو جۆر دەورووبەری ڕێکخستنی توانستی (لێهاتووی) ئەورووپی European Qualifications Frameworks هەیە: چوارچێوەی ڕێکخستنی توانستی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپی (QF-EHEA) و دەورووبەری ڕێکخستنی توانستی ئەورووپی بۆ فێربوونی ماوەدرێژ لە یەکێتی ئەورووپاد (LLL-EQF). هەردوو دەورووبەرەکە دەرئەنجامی فێربوون بەکاردەهێنن بۆ وەسفکردنی بڕوانامە و پسپۆڕیەکان (بۆ نمونە، بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) و هەروەها هەردووکیان لە دەورووبەری خوێندنی باڵادا لەگەڵ یەک گونجاون: هەر سێ ئاستەکان واتە ئاستەکانی ١، ٢، ٣ (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆر ) دەورووبەری یەکەم بەرامبەرن بە ئاستەکانی ٦، ٧، ٨ دەورووبەری دووەم و بەرامبەرن بە بڕوانامەی ئاستەکانی ٦، ٧، ٨ ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ دابەشکردنی ئاستەکانی خوێندن.

لە ڕێکخستنی یەکەمدا سێ خولی سەرەکی و خولێکی کورت دیاریکراون وجیاکراونەوە بە پێی وەسفکاری دبلن لە ڕووی بەکارهێنانی زانیاری و تێگەیشتن و بڕیاردان، بەهرە و تواناکانی گفتوگۆ و پەیوەندیکردن، هەروەها خوێندن بۆ فێربوون. خولە کورتەکە و خولی یەکەم و دووەمیش هەندێک یەکەیان بۆ دانراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بڕوانامەی لێهاتوویی خولێکی کورتی ئاسایی نزیکی 120 ECTS یەکەی دەوێت.
- بڕوانامەی لێهاتویی یەکەم (بکالۆریۆس) خولی ئاسایی 120-240 ECTS یەکە لە خۆی دەگرێت.
- بڕوانامەی لێهاتویی دووەم (ماجستێر) خولی ئاسایی 90-120 یەکە لە خۆدەگرێت، لەگەڵ 60 ECTS یەکە بەلانی کەمەوە لەسەر ئاستی خولی دووەم.
- بەکارهێنانی ECTS لە خولی سێیەم (دکتۆرا) دەگۆڕێت.

## تێبینی گرنگ

دەوروبەری (ڕێکخستنی) دووەم "ئاستەکانی لێهاتوویی (پسپۆڕییەکان)" جیادەکاتەوە، (بەبێ ئاماژەکردن بەژمارەی یەکەی پێویست) بۆ ئامادە کردنی دەوروبەرێکی ئاسایی وەك سەرچاوە کە یارمەتیدەردەبێت بۆ بەراوردکردنی بە سیستەمە نیشتمانییەکان بۆ لێهاتویی (پسپۆڕییەکان) و ئاستەکانیان. هەیکەلەکە پشت بە هەشت ئاست دەبەستێت.

- وەکو ئامرازێک بۆ باشترکردن و بەرزکردنەوەی فێربوونی ماوەدرێژ، چوارچێوەی دووەم، خوێندنی گشتی و پێگەیشتوان، خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی و خوێندنی باڵا لە خۆی دەگرێت.
- هەشت ئاستەکە تەواوی لێهاتووییەکان (پسپۆڕیەکان) لە خۆی دەگرێت، لەوانەی کە لە کۆتایی خوێندنی ناچاری (ئیلزامی) بەدەست هاتوون، تا ئەوانەیشی کە لە بەرزترین ئاستی ئەکادیمی و پێشکەوتوویی و خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی، پێیاندراوە .
- لە بنەڕەتدا هەر ئاستێک پێویستە بە ڕێگەی جیاجیای پەروەردەیی و پیشەیی بەدەست بهێندرێن.
- ئەنجامەکانی فێربوون لە سێ جۆردا پۆلێن کراون – وەك زانیاری و توانست و پسپۆڕی. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لێهاتووییەکان – لە چەند تێکەڵاویەکی جیاوازدا – بوارێکی فراوانی ئەنجامەکانی فێربوون دەستەبەردەکەن، بە لەخۆگرتنی زانیاری تیۆری، بەهرەی کرداری و هونەری، و هەروەها پسپۆڕیە کۆمەڵایەتییەکان، بەوەی کە توانای کارکردنیان لەگەڵ خەڵکی تر پێویست و گرنگ دەبێت.

خولە جیاوازەکانی پەیکەری یەکەم، بەم شێوەیەی خوارەوە لەگەڵ ئاستەکانی پەیکەری دووەم ئاماژەیان بۆ کراوە:

- لێهاتوویی خولی کورت بەرامبەرە بە ئاستی ٥.
- لێهاتوویی خولی یەکەم بەرامبەرە بە ئاستی ٦.
- لێهاتوویی خولی دووەم بەرامبەرە بە ئاستی ٧.
- لێهاتوویی خولی سێیەم بەرامبەرە بە ئاستی ٨.

سیستەمە پەروەردەییە نیشتمانییەکان، دەکرێت ئاستی زیاتر لەوانەی کە لە پەیکەرەکەدا هەن لە خۆبگرن، تا ئەوکاتەی کە ئەو پێکهاتە نیشتمانیانە لەناو خۆیاندا باوەڕ و ئاماژە پێکراوبن، لە بەرامبەر هەردوو سیستەمە ئەوروپییەکە. بۆ نمونە، پەیکەری دووەم لە کاتێکدا هەشت ئاست لەخۆی دەگرێت، ژمارەی ئاستەکان لە پێکهاتەی نیشتمانیدا لە ٧ بۆ ١٢ یە. بۆیە ئەو ڕاستییەی کە پسپۆڕی خولی کورت هەیە، لە پەیکەری ڕێکخستنی یەکەمدا وڵاتان ناچارناکات بە لەخۆگرتنی ئەم جۆرە لێهاتووییە لە پێکهاتەی نیشتمانی خۆیاندا. بەڵام دانپێدانانی ئاشکرا بەو ڕاستیەی دەبەخشێت کە زۆرینەی پێکهاتە نیشتمانیەکان لێهاتووی خولی کورت لە خۆ دەگرن.

هەریەك لە ڕێکخستنی یەکەم و دووەم QF-EHEA و EQF چوارچێوەی گشتگیردابین دەکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی بەراوردکردنیان بە  چوارچێوە نیشتمانی و دامەزراوەییەکان و ئاستە دیاریکراوەکانیان هاوتابکرێن.

چوارچێوە (پێکهاتە) نیشتمانییەکان[8] ئاسایی وردترن لەچاو ئەوانەی سەرەوە، لەبەرئەوەی ئەو پێکهاتە نیشتمانیانە ڕەنگدانەوەی ئەو بوار و پسپۆڕیانەن، کە لە وڵاتەکانی خۆیان پێشکەش دەکرێن.

دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، کە ECTS وەکو سیستەمی کرێدت پەیڕەودەکەن، پێویستیان بە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی دەبێت، کە تایبەت بێت بە هاوتاکردنی بروانامەو پسپۆڕیە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان. چوارچێوەی دامەزراوەیی ئەوە ڕونیدەکاتەوە، کە چۆن کردێتی ECTS بەکاربهێندرێن؛ دیاریکردنی کەمترین بەهای کرێدت بۆ بابەتێکی خوێندن بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئاسانکردنی پرۆگرامەکانی ناوهەمان یان پسپۆڕییە جیاوازەکان (کە بە تێکەڵکردنی بابەتی خوێندن و پەروەردەیی لە ژمارەیەک بواری جیاواز پێکدەهێندرێت). پێکهاتەی نیشتمانی و ئەوروپی ئاماژە بە ئاستی کۆتا لێهاتوویی Qualification دەکەن. لەبەرئەوە، دامەزراوەکان پێویستە بزانن، کە هەموو ئەو یەکانەی بەدەستهێنراون لەبەرەو بەدەسهێنانی لێهاتووییەک لە هەمان ئاستدا نین، (ئەنجامێکی فێربوون، کە لە ساڵی سێیەمی پلەی بەکالۆریۆس بەدەست هاتووە، بۆ نمونە، ئاڵۆزتر دەبن، لەچاو ئەوانەی کە لە ساڵی یەکەم بەدەست هاتوون) – لەوانەیە ئاستی مامناوەندی کرێدت دیاریبکرێت لەگەڵ دیارخەری ئاستی گونجاو، کە (بەیەکەوە لەگەڵ یاساکانی گەشەکردن) یارمەتی خوێنکاران دەدات لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بەرەو گرتنەبەری ڕێچکەی فێربوون.

پێش دیزاینکردن و وردی پرۆگرامێکی خوێندن، پێویستە لە داڕشتنی ئەو پرۆگرامە دیدو ئامانجی دامەزراوەیی (زانکۆ و کۆلێژ) و بەشەکە لەبەرچاوبگیرێت، هەروەها تایبەتمەندییە پیشەییەکانی پسپۆڕیەکە (ڕێساکان و پێداویستیەکان)و چۆنیەتی دابەشکرنی یەکەکان بەپێی چوارچێوەی ئەکادیمی دامەزراوەیی ڕەچاوبکرێت.

هەروەها واباشە بەدواداچوون بۆ پێویست بوونی پسپۆڕیەکە بکرێت و ڕاوێژ بە پشکداران (خاوەنکاران، دەرچووان، کۆمەڵگا لەسەر ئاستی فراوان) بکرێت، بۆ دوپاتکردنەوەی داخوازی لەسەر پرۆگرامەکە.

---

^٨^مەبەست لە شێواز وچوارچێوەی ڕێکخستنی ئاستی بروانامەو پسپۆڕییەکانی وڵاتانی ناو یەکیەتی ئەوروپایە.

### ٣,٢ هەگبە یان پاشخانی پڕۆگرامەکە

پڕۆفایلی پسپۆڕیەکە، تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی پڕۆگرامەکە، نیشاندەدات (Lockhoff et al., 2010). پاشخانەکە بوارەکانی خوێندن، کە بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی پۆڵێنکردنی خوێندن جیاکراونەتەوە، ئاستی پڕۆگرامەکە و پسپۆڕی ورد و گرنگترین ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی فێربوون لە کاتی تەواوبوون و ژینگەی فێربوون و هەروەها بواری سەرەکی فێربوون و چالاکییەکانی فێربوون و هەڵسەنگاندن دیاریدەکات و ئاماژەیان پێدەکات. پڕۆفایلەکە ئەو کاریگەرییە بۆ خوێندکاران و پشکداران ڕوون دەکاتەوە، کە چ پسپۆڕیەکی گشتی یان تایبەت، لە ڕێگەی پڕۆگرامەکەوە بەرهەمدەهێنرێت و دەرچوانی تا چەند کاریان دەستدەکەوێت. بۆ ئەم مەبەستە، واباشە کە پڕۆفایلەکە بە ڕاوێژ لەگەڵ پشکدارە هاوبەشەکان (بۆ نمونە هاو ئەکادیمیستەکان، هاوبەشانی کۆمەڵایەتی، خاوەنکاران، دەرچووان و نوێنەری خوێندکاران) دیاریبکرێت و پێناسەبکرێت و بە ڕێگەیەکی ڕوون و ڕۆشن دابڕێژرێت و پێشکەش بکرێت.

پڕۆفایلەکە پێویستە بەشێک بێت لە خستنەڕوی پڕۆگرامەکە، کە لە لیستی وانە بەردەستەکان بۆ خوێندن و ڕێبەری ئەو کۆرسەی خوێنندا هاتووە.

**تێبینی گرنگ**

لە تەواوی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی زاراوەکانی توانست و ئەنجامی فێربون تاڕاددەیەك بە ماناو ئاماژە بۆ شتی جیاواز بەکارهاتووە.

بۆ مەبەستی ئەم ڕێبەرە:

توانست واتە سەلماندنی توانای بەکارهێنانی زانیاری و بەهرەکان، و توانستی بەکارهێنانی شێوازی کەسی و کۆمەڵایەتی لە بارودۆخی کارکردن و خوێندندا، هەروەها توانای بەکارهێنانی ئەو توانستە لە پەرەپێدانی پیشەیی و کەسیشدا. بەپێی چوارچێوەی دیاریکردنی لێهاتووی ئەوروپی توانست بەگوێرەی بەرپرسیاریەتی و سەربەخۆیی ڕونکراوەتەوە. توانستەکان دەکرێت پسپۆڕیی گشتی یان دیاریکراو بن لە ڕووی بابەتەوە. پەرەپێدانی توانست و لێهاتووییەکان ئامانج و ئەرکی پرۆسەی فێربوون و پڕۆگرامەکانی خوێندنن.

ئەنجامەکانی فێربوون، گوزارشت لە ئاستی ئەو توانستە دەکەن، کە لەلایەن خوێندکارەکەوە بەدەست هاتووە و بە هەڵسەنگاندن، پشت ڕاستکراونەوە. ئەوانیش ئەو شتانەن، کە فێرخواز دەیانزانێت، تێیان دەگات، یان دەتوانێت ئەنجامیان بدات لە کاتی تەواوکردنی پرۆسەیەکی فێربووندا.

ئەنجامەکانی فێربوون لەلایەن ستافی ئەکادیمی و خوێندکارانی بەشداربوو و پشکداران دادەڕێژرێن.

بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن ئاسان بکرێت، دەبێت ئەم شتانە توانای سەلماندنیان هەبێت.

### ٣,٣ ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە

ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە لەسەر ناسنامەی پرۆگرامەکە بنیاتدەنرێن و باسی ئەوشتانە دەکەن، کە فێرخواز دەیانزانێت، تێیان دەگات یان دەتوانێت، لە دوای تەواوکردنی پرۆگرامێکی خوێندن ئەنجامیان بدات.

**تێبینی گرنگ**

دارشتنی ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامێکی خوێندن

پێویستە بایەخی زۆر بە دارشتنی ئەنجامەکانی فێربوون بدرێت. ئەم لیستەی خوارەوە، کە گشتگیر نیە کۆمەڵێک ڕێنمایی پەیوەست دەخاتەبەردەست، سەلمێندراون کە سودبەخشن.

- ئەنجامەکانی فێربوون پێویستە بە تەواوەتی ڕەنگدانەوەی ژینگە و ئاست و بوار و ناوەرۆکی پرۆگرامەکە بن.
- پێویستە نووسینی دەرئەنجامەکانی فێربوون سادەبێت و دوورو درێژ نەبێت.
- پێویستە ئەنجامەکانی فێربوون تەواوکەری یەکتر بن.
- پێویستە ئەنجامەکانی فێربوون تێگەیشتنیان ئاسان بێت و بسەلمێنرێن لە ڕێی وردبونەوە و چاودێری کردنی خوێندکار تاکو بزانرێت لە کۆتایی پرۆگرامەکە چی بەدەست هێناوە.
- پێویستە بتوانرێت ئەنجامەکانی فێربوون دەستەبەر بکرێن بەو ئەرك و كۆششەی کە بۆ خوێندکار دیاری کراوە.
- ئەنجامەکانی فێربوون دەبێت لەگەڵ چالاکی فێربوون و شێوازی هەڵسەنگاندن و بنەمای هەڵسەنگەندنی گونجاو پەیوەست بکرێن.
- هیچ یاسایەک نییە، ئاماژە بە ژمارەی نمونەیی ئەنجامەکانی فێربوون بکات لەسەر ئاستی پرۆگرام. ئەزموون پێشنیار دەکات، کە ژمارەیان لە نێوان ١٠ بۆ ١٢ گونجاوە.
- ئەو ڕێگەیەی کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ دارشتنی ئەنجامەکانی فێربوون لەسەر سێ ڕێنمایی بنچینەیی قبوڵکراوە، ئەوانیش:
  - فرمانێکی بکەردیار بۆ گوزارشت لەوەی کە خوێندکاران چاوەڕوانی زانین و ئەنجامدانی چیان لێ دەکرێت بەکاربهێنە (بۆ نمونە، دەرچوان دەتوانن "وەسف بکەن"، "جێبەجێ بکەن"، "ئەنجام بەدەستبهێنن"، "هەڵسەنگاندن بکەن"، "پلان دابنێن").
  - دیاری بکەن کە ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ (ئامانج یان بەهرە بە نمونە، دەتوانن ڕوون کردنەوە بدەن لەسەر "فرمانی پێکهاتە هارد وێرییەکان، یان دەتوانن "دیزاینی ژوورێکی دانیشتن بە دەست" پێشکەش بکەن.

دیاریکردنی ڕێگەی نمایشکردنی بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی خوێندن (بۆ نمونە، "پێدانی پوختەیەک لەو مادانەی بە زۆری لە ئەندازیاری کارەبایی بەکاردەهێندرێن"، پەرپێدانی دیزاینی توێژینەوەیەک بە جێبەجێکردنی نوێترین ڕێگا زانستییەکان"، هتد.).

ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە پێویستە لە نەخشەی وەرز و پاشکۆی بروانامەدا، ئاماژەیان پێکرابێت.

### ٣,٤ پێکهاتەی پرۆگرامەکە و دابەشکردنی یەکەکان (کرێدیتەکان)

هەر پرۆگرامێکی خوێندن بەسەر بابەتە پەروەردەییەکاندا دابەشکراوە، کە لەوانەیە لە تاکە بابەتێك یان زیاتر، یان یەکەی تری وەرزی، ئەزموونی کارکردن یان لە نۆرینگەی پزیشکی، پرۆژەی توێژینەوە، کاری تاقیگە یان چالاکی تری پەیوەستدار بە فێربوون، پێکهاتبێت. بابەتەکان لەوانەیە چالاکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیی لەخۆی بگرێت (بۆ نموونە، فێرکردنی تایبەت و ئامۆژگاریکرن) بە شێوەیەک، کە بگونجێن لەگەڵ ئەنجامی فێربوونی پرۆگرامەکە و شایەنی پێدانی یەکە بن.

ئەنجامەکانی فێربوون، لەگەڵ ستراتیژی هەڵسەنگاندن و پێوانەی هەڵسەنگاندنی پەیوەندیدار، پێویستە بۆ هەر بابەتێکی پەروەردەیی دیاری بکرێت.

ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە و بابەتە پەروەردەییەکانی بە زۆری وا دادەڕێژرێن، کە تەواوکەری یەکترین. زۆربەی دامەزراوەکان خشتەی ئامادەکراو (ماتریکس) بۆ بەستنەوەی ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامێك لەگەڵ بابەتە پەروەردەییەکانی ئەو پرۆگرامە بەکاردەهێنن.

**تێبینی گرنگ**

ئەنجامەکانی فێربوون وچالاکی و بابەتە پەروەردەییەکان

بنەماکانی دارشتنی ئەنجامەکانی فێربوون بۆ چالاکی و بابەتە پەروەردەییەکان بەهەمان شێوەی ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکەن.

هیچ یاسایەکی دیاریکراو نییە، لەسەر ژمارەی نمونەیی ئەنجامەکانی فێربوون بۆ چالاکی و بابەتی پەروەردەیی. ئەمە پشت دەبەستێت بە ئاست و سروشتی یەکەکە، هەروەها هەوڵ و کۆششی خەمڵێندراو بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام ئەگەر بمانەوێت کارەکە بە شێوەیەکی رێکوپێك ئەنجام بدرێت وا باشترە، کە ژمارەکە سنورداربێت و ئەزمونی گشتی ئاماژە دەکات بەوەی کە ٦ بۆ ٨ ئەنجام ژمارەیەکی گونجاوە.

پاشکۆکە (لە کۆتایی رێبەرەکە) لیستێک لە سەرچاوەی پێشنیازکراو بۆ رێنماییەکان لەسەر ئەنجامەکانی فێربوون لەخۆی دەگرێت.

لە دوای ئەوەی بەشە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی پرۆگرامەکە دیاریکران، پێویستە وردەکاری پێکهاتەکە بخرێتەروو و یەکەکانیش بە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فێربوون و ئەرکی کار بەسەر بابەت و چالاکیەکانی فێربون دابەش بکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ٦٠ یەکە لە ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی بەدەستبهێنرێت.

کاتێک پێکهاتە و بابەتەکانی خوێندن لە قەبارەی ئاسایدان (بۆ نمونە ٥، ١٠، ١٥) ئەوا بە زۆری پێیان دەگوترێت مۆدیول (بابەتی خوێندن). لە پرۆگرامێک کە لە مۆدیول پێکهاتبێت (پێکهاتەیەکی مۆدیولی)، دەکرێت نیوەی کرێدت بەکاربهێندرێت بەڵام پاساو هەبێت (بۆ نمونە، لە حاڵەتی ٤ مۆدیول بۆ هەر وەرزێک)، بەڵام پێویستە بەکارهێنانی نیوەی یەکە، لەگەڵ ژمارەی تر، خۆی لێ بەدووربگیرێت. جێگەی بایەخ دەبێت ئەگەر

دامەزراوەکە نرخی کرێدتی بنچینەیی دیاری بکات لە ڕووی نزمترین ژمارەی کرێدتەوە بۆ بەشێک، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئاسانی هەماهەنگی لە پرۆگرامی خوێندنەکە بۆ تەواوی وانە و فاکەڵتییەکان.

دروستکردنی دەرچەی ئاڵوگۆڕ[9] لە پرۆگرامی خوێندنەکەدا دەبێتە هۆی ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی فێربوون. دەرچە ئاڵوگۆڕییەکان دەکرێت لە ڕووی ناوەڕۆك و کاتدا لە دیزاینی پرۆگرامەکەدا پێشنیاز کرابن، یان لەوانەیە ڕێگە بە گونجاوی کات و ناوەڕۆکی بابەتەکە بدات بۆ تاکی خوێندکار. دەرچەی ئاڵوگۆڕ بەکارناهێندرێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەی کە پێویستە لەماڵەوە بخوێندرێت، بەڵکو ڕێگە بە خوێندکار دەدات سود لە ئەزموونی پەروەردەیی جیاواز و ژینگە جیاوازەکانی تر وەربگرێت.

پێویستییەکانی بەردەوام بوون لە پرۆگرامی خوێندندا (بڕینی قۆناغەکانی خوێندن) پێویستە ڕوون بن بۆئەوەی خوێندکاران بە سەرکەوتوویی پرۆگرامەکە ببڕن و ئەو لێهاتووییە، کە ئامانجیانە بەدەست بێنن. پێویستییەکانی بەردەوام بوون لە خوێندن لە زانکۆیەکی تر لەوانەیە لە ناو شتەکانی تردا بابەتی پێش مەرج و هاومەرج [10] و نامەی پشتگیری لە خۆی بگرێت. یاساکانی دەرچوون لەوانەیە لە ڕووی ژمارەی کرێدت  یان ڕێژەی یەکەی داواکراوی قۆناغە جیاوازەکان لەناو پرۆگرامێکی خوێندندا گوزارشتی لێ بکرێت (بۆ نمونە، نزمترین ڕێژەی کرێدتی پێویست بۆ دەرچوون لە ساڵێکی\وەرزێکی ئەکادیمی بۆ یەکێکی تر). دەکرێت ئەو یاسایانە بە وردی دابڕێژرێن بەو شێوەیەی کە ئایا کام بابەتانە پێویستە یان دەتوانرێت وەربگیرێن لە کام قۆناغدا یان لە چ ئاستێکدا؟ ( بۆ نمونە، کۆرسە ناچارییەکان، کۆرسە سەرپشیکییەکان و پێشەکییەکان).

هەر فێرخوازێکی ئاسایی، کە پەیوەندی بە پرۆگرامێکی فەرمییەوە دەکات پێویستە ڕاوێژ و ئامۆژگاری دروست وەربگرێت لەسەر ئەوەی کە چیبکات بۆئەوەی پێویستییەکانی دەرچوون و بەرەوپێشچوون دەستەبەر بکات. لە هەر شوێنێک شیاوبوو، ئەو ڕاوێژکردنە پێویستە دانپێدانان بە خوێندن و ئەزموونی پێشتر لە خۆی بگرێت. پێکهاتەی پرۆگرامی گونجاو ڕێگە بە ئارەزوو و بژاردەی خوێندکار دەدەن، لە نێویاندا  دەست گەیشتن بە شێوە نوێکانی فێربوون و فێرکردن.

---

[9] مەبەست لەو چەمکە هەل ڕەخساندنە بۆ ئاڵوگۆڕی خوێندکاران لە ڕێگەی جێکردنەوەی ئەوبابەتانەی کە هاوتان لە زانکۆکانی تر لەپرۆگرامێکی دیاری کراودا.

[10] لێرەدا هەندێك بابەتی خوێندن دەبنە پێشمەرج بۆ بابەتی دوای خۆیان، یان دەبن بە هاومەرج واتە دەبێت بەیەکەوە تەواو بکرێن.

## ٣,٥ فێربوون و فێرکردن (وانەگوتنەوە) و هەڵسەنگاندن

دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا پێویستە ئامانجەکانی فێربوون و فێرکردنیان دیاری بکەن لە ڕوانگەی پرۆگرامەکانی خوێندنیان و چۆنیەتی گەیاندن و هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆگرامانە.

**بنەما گشتییەکان بۆ فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندن**

هەندێک بنەمای گشتی بۆ فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندن پێویستە لەبەرچاوبگیرێن لە کاتی گەیاندنی پرۆگرامێکی خوێندن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوازی فێربوون و فێرکرن.

**گفتوگۆی کراوە و بەشداریکردن**

شێوەی student-centred واتە خوێندکار چەق بێت، پێویستی بە گفتوگۆی کراوە و هەڵسەنگاندن هەیە لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان و بەرپرسی تری پەیوەندار، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت تاوتوێی پێویستیەکانیان بکرێت و ئارەزو و خولیاکانیان دەرببرن. گشت پشکداران پێویستە لە گفتوگۆی بنیادنەر بەشداربن سەبارەت بە داڕشتن و گەیاندنی پرۆگرامەکان. نوێنەری خوێندکاران پێویستە بەشداری ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بکەن بە بوونی مافی تەواوی دەنگدانەوە.

**ڕۆشنیەتی(شەفافیەت) و دڵنیایی**

ڕێنمایی یان زانیاری دەربارەی کۆرس Course Catalogue پێویستە زانیاری تەواو و نوێ و متمانەپێکراو و دڵنیاکەرەوە لەسەر پرۆگرامەکان و تاك تاکی بابەتەکانی خوێندنیش پێشکەش بکات. پێویستە وەسف و شیکردنەوەی دروست لەسەر پرۆگرامەکە پێشکەش بکات، بە لەخۆگرتنی گشت وردەکاریەکانی وەك پێکهاتەی پرۆگرامەکە، بابەتەکانی خوێندن، ئەنجامەکانی فێربوون، ئەرك و کۆشش Workload، شێوازەکانی فێربوون/ فێرکردن ، شێوەکانی هەڵسەنگاندن، بنەماکانی هەڵسەنگاندن، و یاساکانی دەرچوون.

**چوونیەکی**

دەستەی ئەکادیمی بەرپرس بۆ گەیاندنی پرۆگرامەکە و بابەتەکانی پێویستە دڵنیایی بن، لە چوونیەکی نێوان ئەنجامەکانی خوێندن و چالاکی فێربوون و فێرکردن. هەروەها پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنیش کە لە پرۆگرامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. ئەو هاوڕایی و یەکبوونە بنیادنەرەی (Biggs, 2003) نێوان ئەنجامەکانی فێربوون، چالاکی فێربوون و هەڵسەنگاندن پێویستییەکی بنچینەییە بۆ پرۆگرامە پەروەردەییەکان.

**گونجاوی**

پێکهاتەی پرۆگرامێکی گونجاو پێویستە بۆ ڕێگەخۆشکردن تاکو ببێت بە بژاردەی خوێندکاران و دەستەبەرکردنی پێداویستی فێربونی جۆراوجۆر بۆیان، وەك ڕەخساندنی هەلی پێویست بۆ پەرەپێدانی ڕێگاکانی فێربوونی کەسی و پێدانی چالاکی ئارەزوومەندانە. ڕێکخستنێکی گونجاوی چالاکییەکانی فێربوون و وانەبێژی و هەڵسەنگاندن کە تێیدا گونجاوی لە خشتەی وانەکان و هەلی زیاتر بۆ فێربوونی سەربەخۆ دەستەبەر کراوە، بۆ بەکارهێنانی شێوازی جیاوازی فێربوون پێویستە. ئەمەش بواری هەڵبژاردنی بابەتەکانی فێرکردن و فێربوون و چالاکییەکان زیاتر دەکات ، و هەل بۆ خوێندکاران خاوەن پرۆفایل و پێداویستی جیاواز دەرەخسێنێت (بۆ نمونە،

ئەو خەڵکانەی بەرپرسیاریەتی بایەخدانیان لە ئەستۆیە یان خاوەن پێداویستی تایبەتن). بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای لە خوێندنی باڵا کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر شێوازەکانی فێربوون و وانەوتنەوە دەبێت. دانانی یەکەکان بۆ ئەنجامەکانی فێربوون، کە لە ڕێگەی شێوە نوێکانی گەیاندن و وانەگوتنەوە بەدەست دەهێندرێن بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر هەمان بنەمای دابەشکردنی یەکە، بەسەر ئەنجامەکانی فێربوون لە شێوازی کۆندا بۆ بابەتە پەروەردەییەکان دەبێت.

**هەڵسەنگاندنی دروستی دەستەکەوتەکان**

یەکەکان کاتێک دەبەخشرێن، کە هەڵسەنگاندنی دروست پێشانی بدات، کە ئەنجامی دیاریکراوی فێربوون بە ئاستی پێویست بەدەست هێندراوە. ئەگەر خوێندکارەکە دەرئەنجامەکانی بەدەست نەهێنابوو، هیچ یەکەیەکی پێنادرێت. ژمارەی یەکە بەخشراوەکان بە خوێندکارەکە، پیشانی دەدات کە دەرئەنجامەکانی فێربوونی بەدەست هێناون، هاوتایە لەگەڵ ژمارەی ئەو یەکانەی، بۆ بابەتەکە دانراون.

ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن، تەواوی تاقیکردنەوە نوسراو و زارەکی و کردارەکییەکان لەخۆی دەگرێت، هەروەها هەموو ئەزمون و پرۆژە و ئەو هەگبەیەی کە بەکاردەهێندرێن بۆ هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونی خوێندکار و ئاماژە دەدەن بە دەستکەوتی ئەنجامەکانی خوێندنی یەکەیەکی وەرز یان مۆدیول دەگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ئەوە پیشان دەدات کە چاوەڕوان دەکرێت، خوێندکار چی بکات بۆ ئەوەی پشتڕاستی بکاتەوە کە ئەنجامەکانی خوێندن بەدەست هاتوون.

بۆ ئەوەی پێوەر و ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی هەڵبژێردراو بۆ بابەتێکی خوێندن دروست بن پێویستە لەگەڵ ئەنجامەکانی فێربوون، کە بۆیان دیاریکراوە و لەگەڵ چالاکی فێربوونی تر کە ئەنجام دراون چونیەک بێت.

**تێبینی گرنگ**

خوێندنی دکتۆرا لە پرۆسەی گۆڕاندایە؛ لەگەڵ گرتنەبەری ڕێگای جۆراوجۆری زیاتر لە خوێندنی دکتۆرا و دانپێدانانی ئەو بۆچوونەی کە ڕاهێنانی ئاست بەرز سودبەخشە بۆ پەرەپێدانی خولی سێیەم (دکتۆرای) گشتگیر (کە بتوانرێت بگوازرێتەوە) بۆ توانست لە بابەتێکی دیاریکراودا. لە هەندێک وڵات و دامەزراوە، ECTS لە خولی سێیەمیش بەکاردەهێندرێت. کرێدتەکانی ECTS یان بەسەر تەواوی پرۆگرامەکە یان بە سەر هەندێک یان هەموو بابەتە پەروەردەییەکان (بۆ نمونە بەشەکانی کۆرسی وتراوە) دابەشکراون.

ئەگەر ECTS بەکارهێندرا، ئەوا ڕێنماییەکانی ناو ئەم ڕێبەری ECTSـە پێویستە جێبەجێ بکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی دیاریکراوی بڕوانامەکانی دکتۆرا. هەروەك بە لەخۆگرتنی زانیاری پەیوەندیداریش لە ناو ڕێنمایی کۆرسەکان Course Catalogue.

دیاریکردنی ڕێپیشاندەر دەرئەنجامی خوێندن بۆ ئاستێکی پێوانەیی دیاریکراو لە خولی سێیەم، لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتدا ڕێگە بەو کاندیدەکانە بدات، کە خوێندنەکانیان دەوەستێنن، تا بتوانن بڕوانامەیەکیان هەبێت لەو دەستکەوتانەی تا خاڵی وەستانەکە بەدەستیان هێناوە. هەروەها لەوانەیە نمایشکردنی ئەو توانست و زانیاریانە تایبەتبن بە بواری گشتی یان بە بوارێکی تایبەت بۆ خاوەنکاران و لە داهاتوودا سوودبەخش بێت.

### ٣,٦ چاودێریکردنی دابەشکاری کرێدتەکان

پڕۆگرامی خوێندن پێویستە چاودێری بکرێت بۆئەوەی بزانرێت، کە ئایا دانان ودابەشکردنی یەکە و ئەنجامە دیاریکراوەکانی فێربوون و هەوڵ و کۆششی خەملێندراو بەدەست دەهێندرێن و لەبواری ڕاستەقینە دروستن؟ چاودێریکردنەکە دەتوانرێت لە چەند ڕوێکەوە ئەنجام بدرێت؛ لە ڕێگەی ڕاپرسی و چاودێریکردنی گروپێکی بەئامانجگیراو و چاوپێکەوتن، یان بە هەڵسەنگاندنی ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون. هەر ڕێگە و شێوازێک بەکارهێندرا پێویستە هەڵسەنگاندنی خوێندکاران و دەستە و لە هەر کاتێکیش گونجاو بێت هی پشکدارانیش بەشێکی بنچینەیی چاودێریکردنەکە لە کاتی پشکنین و پێداچوونەوەی دابەشکردنی یەکەکان پێکبهێنێت. هەروەها داتا و زانیاری لەسەر کاتی تەواوبوون و ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامەکە و بابەتەکانی خوێندن پێویستە بەکاربهێندرێن.

گرینگە کە خوێندکاران و دەستە ئاگاداربکرێنەوە دەربارەی مەبەست و ئامانجی چاودێریکردنەکە، هەروەها چۆنییەتی جێبەجێکردنی، ئەمەش بۆ دڵنیا بونەوە لە بەدەست هێنانی وەڵامی دروست و ڕێژەی بەرزی وەڵامدانەوە. ئەگەر ئەو زانیاریەی کۆکرانەوە و جیاوازی دەرخست لە نێوان ئەرك و کۆشش چاوەڕوانکراو و ئەو کاتە ڕاستەقینەی کە لەلایەن زۆربەی خوێندکارانەوە بەکارهاتووە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی دیاریکراوی فێربوون، ئەوا پێویستی پێداچوونەوە بە ئەرکی کۆشش و کرێدتەکان و دەرئەنجامەکانی فێربوون یان چالاکی فێربوون و وانەبێژی و شێوازەکانی فێرکردنیش دەبێت. تەنانەت ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی پڕۆگرامەکە و بابەتە پەروەردەییەکانی. پێویستە پێداچوونەوەکە دەستبەجێ ئەنجام بدرێت، بەبێ دروستکردنی کێشە بۆ ئەوانەی ئێستا پڕۆگرامەکە وەردەگرن و هەروەها پێویستە لەگەڵ ئەوانەش گفتوگۆ بکرێت، کە لە ئەنجامدانی چاودێریکردنەکە بەشداریان کردووە، ئەمەش بۆ پەرەپێدانی کەلتوری هەڵسەنگاندنی بەردەوام و هەماهەنگی لەناو دامەزراوەکاندا.

## بەشی چوارەم: ECTS بۆ ئاڵوگۆڕ و پشتڕاستکردنەوەی کرێدیت

**ئەم بەشە بە گشتی باس لە ئاڵوگۆڕ و دانپێدانانی یەکەکان دەکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەردوو شێوازی ئاڵوگۆڕی بڕوانامە و ئاڵوگۆڕی یەکە.**

ئاڵوگۆڕی سەرکەوتووی خوێندن پێویستی بە دانپێدانان و ئاڵوگۆڕێکی ئەکادیمی کرێدیتەکان هەیە. دانپێدانانی کرێدیت، بریتیە لە پرۆسەی پاڵپشتیکردن و پشتڕاستکردنەوەی لە لایەن دامەزراوەیەکەوە بۆ ئەو ئەنجامانەی (بەرهەمانەی) فێربوون کە بەدەستهاتوون و هەڵسەنگێنراون لە دامەزراوەیەکی تر، کە سوودبەخشن بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی یەکێک لەو پرۆگرامانەی خوێندن کە لە لایەن دامەزراوەی بنەڕەتەوە دەخوێنرێن.

بەهۆی پرۆگرامی هەمەچەشن و زۆری دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، پێناچێت یەکە و ئەنجامەکانی فێرکردنی تاکە بابەتێکی خوێندن لە دوو پرۆگرامی (پسپۆڕی) جیاوازدا چوونیەک بن. ئەم بابەتەش زیاتر لە پشتراستکردنەوەی فێربوون لەڕێگەی ژینگەکانی تری فێربوونەوە. (بۆ نمونە لە خوێندنی پیشەیی و ڕاهینان) بە دیاردەکەوێت.

ڕێبازێکی کراوە و جێگیر پێویستە و پێشنیازدەکرێت بۆ پشتراستکردنەوە بەو کرێدیتانەی کە لە ژینگەی ترەوە بەدەستهاتوون، کە لەناویدا گواستنەوەی خوێندنە، لەسەر بنەمای چونیەکی ئەنجامەکانی خوێندن، نەك لە سەربنەمای ناوەڕۆکی کۆرسەکان. لە ڕاستیدا، پشتراستکردنەوە واتە ژمارەی ئەو کرێدیتە بەدەستهێنراوانە بۆ ئەو ئەنجامەکانی خوێندن، کە بەدەستهاتوون لە شوێنێکی تردا، هەڵدەستن بە جێگرتنەوەی ئەو یەکانەی کە تەرخانکراون بۆ ئەنجامەکانی فێربوون لەو دامەزراوانەی کە بڕوانامەکە دەبەخشن.

دامەزراوەکان پێویستە پلان و ڕێوشوێنی پشتراستکردنەوەیان بەجۆرێک ڕێکبخەن، کە ناسراو بێت و ئاسان و بەردەست بن.

### ٤,١ ئاڵوگۆڕی بڕوانامە

پرۆگرامەکانی خوێندن دەکرێ جیاواز بن لە ژمارەی یەکە دانراوەکانی **ECTS** بۆ بڕوانامەکان (بڕوانە چوارگۆشەی "تێبینی گرنگ" لە بەشی (٣،١) بەمەبەستی دانپێدانانی بڕوانامەکان بۆ خوێندنی زیاتر، جیاوازی لە ژمارەی کرێدیتەکانی **ECTS**، کە لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە بەسەرکەوتووی بەدەستهاتووە، وەك مەرجێك دەستنیشان نەکراوە. ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکان پێویستە ببنە هۆکاری سەرەکی و لەبەرچاو- بگیرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆسی بەراوردکراو پێویستە دانپێدابنرێت بەمەبەستی وەرگرتن لە پرۆگرامی ماستەر، بەشێوازێکی وا، کە گوێنەدات بەوەی ئایا بڕوانامەکە بە ١٨٠ یاخود ٢٤٠ کرێدیتی **ECTS** بەدەستهێنراوە.

## تێبینی گرنگ

دانپێدانان وجێبەجێکردنی ڕێککەوتنی لیسبۆن:

دانپێدانانی ڕێککەوتنی لیسبۆن، کە لە ساڵی ١٩٩٩خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، هەڵدەستێت بە دابینکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پشتراستکردنەوەی هەژمارکردنی بروانامە ئەکادیمیەکانی دەرەوەی وڵات.

ڕێککەوتنامەکە ئەمانەی خوارەوە، لە خۆدەگرێت:

٣٦. بروانامەکان تاڕاددەیەك ئاستیان یەکسانە دەکرێت، هەرچەندە جیاوازیان هەبێت لە ڕووی ناوەڕۆك، پرۆفایل، ئەرك وکۆشش، ئەنجامەکان و جۆری فێربوون. لە هەڵسەنگاندنی بروانامە دەرەکییەکان، ئەم جیاوازییانە پێویستە بەشێوەیەکی ئاسایی وەربگیرێن و تەنها جیاوازیە گەورەکان کە بۆ مەبەستی دانپێدانانەکە پشکنراون (بۆ نمونە، ئەکادیمیی یاخود پشتراستکردنەوەی دیفاکتۆی پرۆفیشناڵین) ببێتە هۆی دانپێدانانی نیمچەیی، یاخود دانپێدانەنانی بروانامە دەرەکیەکان.

٣٧. بروانامە دەرەکیەکان پێویستە هاوتا بکرێن و دانیان پێدابنرێت تەنها ئەگەر بەلایەنی کەمەوە جیاوازی بەرچاو و هەبێت لە نێوان ئەو بروانامەیەی کە یەکسانکردنی بۆ داواکراوە لەگەڵ ئەو بروانامەی بەرامبەری لەهەرێمەکەدا.

ڕێبەری ناوچەی ئەورووپی بۆ یەکسانکردن و دانپێدانانی بروانامەکان (EAR Manual,2012) ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوە دەخاتەڕوو بۆ شیکردنەوەی جیاوازییە گەورەکان:

بە تیشک خستنە سەر پێنج بەشە بنچینەییەکان، کە بەیەکەوە بروانامە پێکدەهێنن (ئاست، ئەرک وکۆشش، جۆر، پرۆفایلی وئەنجامەکەنی فێربوون) و بە ڕەچاوکردنی جیاوازییە هەستپێکراوەکان، بەرپرسانی پشتراستکردنەوە و یەکسانکردن و شارەزا، ڕێبازەکەیان گۆڕیوە لە پێشبینی کردنی تاڕاددەیەك یەکسانی بروانامە دەرەکییەکان بە هەمان ئەو بروانامەیەی کە لە وڵاتی خۆیاندا هەن، بۆ تەرکیز خستنە سەر یەکسانکردن ' دانپێدانان' بە ڕازیبوون لەسەر جیاوازییە بچووك و هەستپێنەکراوەکان.

## تێبینی گرنگ

جیاوازییە گەورەکان ئەو جیاوازییانەن، کە لە نێوان بروانامەی دەرەکی و بروانامەی نیشتیمانی (ناوخۆ) هەن و ئەوەندە گرنگن کە بەزۆری ڕێگردەبن لەبەردەم سەرکەوتنی پێشکەشکار لە چالاکی ئارەزوومەندانەی وەك خوێندنی زیاتر و توێژینەوە و دامەزراندن.

ئەرکی سەلماندنی جیاوازییە گەورەکان، کە لە دەسەڵاتی دانپێدانانی وڵاتی میوان و ڕێنماییە ڕێنیشاندەرەکانیانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- نابێت هەموو جیاوازییەک بە 'جیاوازی گەورە' هەژماربکرێت.
- هەبوونی جیاوازیەکی گەورە هیچ ناچارکردنێك لەخۆناگرێت، بۆ نکۆڵیکردن لە پشتراستکردنەوەی بروانامەی دەرەکی.
- جیاوازییەکە دەبێت هەستپێکراو و گەورە بێت و پەیوەندی بە ئەرکی بروانامە و ئەو مەبەستەی کە پشتراستکردنەوەکەی بۆ کراوە، هەبێت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بابەتی ' جیاوازییە گەورەکان' بڕوانە **E.Stephen Hunt** و **Sjur Bergan**(٢٠١٠).

**تێبینی گرنگ**

**دانپێدانانی بروانامەی پیشەیی (پرۆفیشناڵ):**

فرمانی **EU** ی **EU/٥٥/٢٠١٣**، کە راستکردنەوەی فرمانی **EC/٣٦/٢٠٠٥** یە دەربارەی دانپێدانانی بروانامەی پیشەییە.

ئەم فرمانە رێگا بە بەکارهێنانی **ECTS** دەدات وەک ئامرازێکی تر بۆ دیاریکردنی ماوەی کۆرسێکی خوێندنی بەردەوام لە حەوت 'سێکتەر'ی پیشەیی. ئەم پابەندکردنە بۆ دیاری کردنی مەودای کۆرسی بەردەوام **(full time)** ی ساڵانی خوێندنی ئەکادیمی و کۆی گشتی کاتژمێرەکانی خوێندن بەردەوام دەبێت بۆبەشەکانی پزیشکی، پەرستارە گشتیەکان ، پزیشکی ددان و پەرستاری. هەروەها بۆ پزیشکی ئاژەڵان و دەرمانسازەکان و ئەندازیاری تەلارسازی پابەندبوونەکە تەنها ساڵی خوێندنی ئەکادیمی بەردەوام **(Full time)** لەخۆدەگرێت.

بەهەمان شێوە، **ECTS** دەکرێت لە ئاستەکانی **(d)** و **(e)** ی پلەبەندی بروانامەکان بەکاربهێنرێت کە لە سیستەمی گشتیدا بەکارهێنراون و تەواوی بروانامەکانی تریش لەخۆی دەگرێت، کە لەسەر بنەمای پیشیەیی بنیاد نراون لە یەکێتی ئەوروپاو **(EU)** و ناوچەی ئابوری ئەوروپا **(EEA)**.

فرمانە تازەکە بوار و مەوداکەی زیاتر فراوان بووە بۆ دانپێدانانی ئەزموونی کار (راهێنان) ( **work placement**)، کە پێویستە بۆ چوونە ناو پیشەیەکی رێکخراو. دەکرێت ئەمانە لە هەر یەکێک لە ئەندامانی **EU** یاخود **EEA** کاری پێبکەن بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی، ئەم بروانامەیە لەکوێ دراوە و بەتەواوەتی دانپیادا بنرێت. لە بەند و ناوەرۆکی رێنمایی ٢٧ ئەوەی تێدایە کە ' دانپێدانانی مەشقکردنی پیشەیی تەواو کراو لە وڵاتیکی تری ئەندام، کە پێویستە پشتراست کرابێتەوە بە نوسراوێکی روون دەربارەی ئامانجەکانی فێربوون و ئەرکە پێسپێردراوەکانیان و پشتگیری کرابێت لەلایەن سەرپەرشتیاری راهێنراو لە وڵاتی میوان. 'ماددەی٥٥ی بڕیارەکە فرمان دەکات بە ' بڵاوکردنەوەی رێنوێنیەکانی دانپێدانان و هەژمارکردنی راهێنانی پیشەیی، کە لە وڵاتێکی تری ئەندام، یاخود وڵاتی سێهەم کراوە بە تایبەتی بۆ سەرپەرشتیاری کەسی راهێنراو.

لە کۆتاییدا، فرمانە نوێیەکە چوارچێوەی راهێنانی ئاسایی دیاری دەکات، کە لەسەر بنچینەی ( کۆمەڵێك زانیارییە باوەکان وکارامەیی و توانستەکان) دامەزراوە، داواکراون لە سیستەمە پەروەردەییەکان و راهێنان بەلایەنی کەم لە سێیەکی وڵاتە ئەندامەکان. دەکرێت ئەم پەیرەوەش پێشنیارکرابێت لەلایەن دەستەی ئەندامە جێبەجێکارە پیشەییەکانی **EU** یاخود لە ئاستی ناوخۆیی یان دەسەڵاتی پەیوەندیدار. ئەوان دەبێت ئاماژەیان پێدرابێت لە چوارچێوەی بروانامە ئەوروپی ئازادن لە بەکارهێنانی تەواوەتی **ECTS**.

### ٤,٢ ئاڵوگۆڕی یەکە (کرێدیت)

**ECTS** بۆ ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی فێربوون لەنێوان دامەزراوەکان هاتوتە کایەوە بۆماوەی خوێندنی ماوە-کورت ('گواستنەوەی کرێدیت'). هەروەك چۆن لەم ڕێبەرەدا ڕوونکراوەتەوە، **ECTS**گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە و گونجێنراوە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی کرێدیت، و هێشتا ڕۆڵێلی گرنگ و بەرچاو لە ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی فێرخوازان ودانپێدانانی دەستکەوتەکانی فێرخوازی ئاڵوگۆڕپێکراو دەبینێت.

لە ECTS ئەم دۆکیومێنتانەی خوارەوە پشتگیری دەکەن لە ئاسانکردنی دانپێدانان و هەژمارکردنی کرێدیت بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕ:

- لیستی(خشتەی) بابەتەکان (وانەکان).
- ڕێککەوتنی خوێندن .
- وێنەی تۆمارکراوەکان.
- بڕوانامەی ڕاهێنان.

ئەم دۆکیومێنتانە زانیاری دەخەنە بەردەست لەسەر ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی فێربوون، لەسەر ئەو ئەنجامانە، دامەزراوەی بڕوانامە بەخش دەتوانن بڕیاربدەن لەسەر دانپێدانان و هەژمارکردنی کرێدیت و گواستنەوەیان. [بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی ٧ لە ڕێبەری دانپیدانانی ئەورووپیی بۆ دامەزراوەی خوێندنی باڵا ٢٠١٤]. ئەو بەشە خشتەیەکی هێڵکاری بەسوودی تێدایە دەربارەی ماوەکانی دانپێدانانی خوێندن لە دەرەوە.

**تێبینی گرنگ**

**یاسا زێرینەکەی دانپێدانان بۆ ئاڵوگۆڕی یەکە، لە چوارچیوەی ڕێککەوتنی نێوان دامەزراوەکان**

تەواوی کرێدیتە بەدەستهاتووەکان، لە ماوەی خوێندن لە دەرەوەی وڵات ، یاخود لە ماوەی ئاڵوگۆڕی کرداری (فعلی) - هەروەکو چۆن ڕازیبوونی لەسەری پیشاندراوە لە 'ڕێککەوتنی خوێندن' دا و دڵنیا کراوەتەوە پێویستە بە کۆپی تۆماری نوسراوەکان- بگوازرێنەوە بەبێ دواکەوتن و هەژماربکرێن بۆ فێرخوازەکە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی بەبێ زیادکردنی هیچ ئەرکێک یاخود هەڵسەنگاندنەوەی فێرخوازەکە جارێکی تر.

### ٤,٢,١ ماوەی پێش ئاڵوگۆڕی یەکە:

بۆ ئاسانکردنی ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی یەکە و دانپێدانانی، هەر سێ لایەنی بەشداربوو – خوێندکار، دامەزراوەی نێرەر و دامەزراوەی وەرگر- پێویستە لەسەر بەرنامەکە ڕەزامەندی نیشان بدەن. پێویستە ئەمە بە فەرمی بکەن و هەر سێک لایەن ڕێکبکەون و واژۆ لەسەری بکەن پێش دەستپێکردنی ماوەی ئاڵوگۆڕی کرێدیت. مەبەست لە ڕێککەوتنەکە ئەوەیە، کە خوێندکار دڵنیابکرێتەوە، لەوەی ئەو کرێدیتانەی کە بەسەرکەوتویی بەدەستیان دەهێنێت لە ماوەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنەکەدا بۆی ئەژماردەکرێن. پرۆگرامی (ئێراسموس) نمونە و کڵێشەی ڕێککەوتنی خوێندنی بۆ خوێندن و مەشقکردن بۆدامەزراوەکان دابین دەکات. هەروەها ڕێنیشاندان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کڵێشەکە بۆ دامەزراوەکان و دواموڵەتیش بۆ لایەنەکان دیاریدەکات، کە دەبێت پێیەوە پابەندبن.

بابەتەکانی خوێندن، کە لەماوەی ئاڵوگۆڕکردندا تەواو دەکرێن، نابێت لەسەر بنچینەی هاوتاییان لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن، کە لە زانکۆی نێرەرەوە دەخوێنرێن هەڵبژێردرێن. ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە لە دەرەوە دەبێت بگونجێت یان تەواوکەری ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامی ناوخۆی بن بۆ ئەوەی بروانامەکە دانیپێدابنرێت دوای تەواوکردنی ماوەی خوێندنەکە لە دەرەوە. ئەمە ئاسانکارییەک دەبێت بۆ لایەنی وەرگر بۆ زانینی ژمارەی یەکەکانی پرۆگرامەکە و شوێگرتنەوەیان بە هەمان ژمارە لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆی نێرەرەوە. هەروەها دەکرێت ماوەی ئاڵوگۆڕکردن بەگشتی نەوەک ماوە ماوە تۆماربکرێت.

ڕێککەوتنی خوێندن یان بەڵێننامەی لێك تێگەیشتن دەبێت کۆمەڵێک بابەتی خوێندنی گونجاو دیارییکات و بخوێنرێت لە زانکۆی دەرەوە و یەکبخرێت لەگەڵ پرۆگرامی لایەنی نێرەر. ژمارەی یەکەکان دەبێت دابەشبکرێن بە سەر کاتی خوێندنی لە زانکۆی وەرگر. چاوەڕوان دەکرێت، کە خوێندکار بایی ٦٠ کرێدت بابەتی خوێندن لە تەواوی ساڵەکە وەربگرێت.

لایەنی وەرگر پابەند دەبێت بەتۆمارکردنی خوێندکار لەو بابەتانەی کە بۆ خوێندن دانراون، دڵنیا کردنەوەیان لەوەی کە ئەو بابەتانە بەردەست دەبن بۆ کاتی ئاڵوگۆڕکردن.

هەر کاتێک ئەم بەڵێننامەیە واژۆکرا، لەلایەن هەر سێک لایەنەکەوە، دەکرێت دواتر گۆڕانکاری تێدابکرێت بەڕەزامەندی هەر سێک لایەن.

**تێبینی گرنگ**

جۆری نوێی فێربوون لە ڕێگای تەکنۆلۆژیای زانیاری وپەیوەندیکردن ( Information and Comunication Technology) ڕێگە بە خوێندکاران دەدات بەشداربن لە کۆرسەکانی دەرەوەی زانکۆکەیان، کە بە نیمچە (هەرەمەکی) ئاڵوگۆڕ ناسراوە. دەبێت ڕێنمای ئەکادیمی بەو خویندکارانە بدرێت و بەڵێننامەیەکی لێك تێگەیشتن لەنێوان لایەنی نێرەر و خوێندکارەکە واژۆبکرێت.

لە (پرۆگرامێکی بە هاوبەشی خوێندراو Joint Programme) پلانی ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان ئەو زانکۆیانەی کە هاوبەشن جێبەجێ دەکرێت، کە یاسایی دانپێدانانی کریدێت لەخۆدەگرێت. ڕێککەوتنی خوێندن بۆ (پرۆگرامی هاوبەشی خوێندراو) پێویست نییە؛ کریدێتە بەدەستهاتووەکان ڕاستەوخۆ دانیان پێدادەنرێت لە لایەن زانکۆی هاوبەش ئەگەر هاتوو هەموو یاسا و مەرجەکان جێبەجێ کران. هەروەها ڕێگای فێربوون دەبێت بۆ خوێندکار ڕونبێت و بەڵێننامەی لێك تێگەیشتنیش بۆ ئەم مەبەستە واژۆ بکرێن.

### ٤,٢,٢ ماوەی دوای ئاڵوگۆڕی یەکە

لایەنی (زانکۆی) وەرگر هەموو تۆمارەکان (تۆماری نمرەکان و چالاکیەکانی فێربوون) بۆ لایەنی نێرەر و خوێندکارەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دابیندەکات (پێشتر ڕێککەوتنی لەسەرکراوە لەنێوان هەردوو زانکۆدا) دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی خوێندکارەکە، لەلایەن زانکۆی وەرگر.

دوای تەواوکردنی بابەتەکانی خوێندن بەسەرکەوتویی کە لەناو ڕێککەوتنی فێربووندا ئاماژەیان پێکرابوو و پشتڕاستکرانەوە بە بروانامەی بەنمرە لەلایەن لایەنی وەرگر، لایەنی نێرەر دەبێت ژمارەی ئەو کریدێتیانەی(ECTS) کە لەسەری ڕێککەوت بوون هەژمار بکات و بیانگوازێتەوە بۆ پرۆگرامی خوێندکارەکە

و بەکاریان بهێنێت بۆدەستەبەر کردنی پێداویستیەکانی بروانامەکەی. دەبێت لایەنی نێرەر ئەوە ڕونبکاتەوە، کە چۆن بابەتەکانی خوێندراو لە دەرەوە لەگەڵ بروانامەی ناوخۆ لێکدراون. هەر کاتێک پێویستی کرد نمرەکان یەکسان دەکرێن (سەیری بەشی٤,٣ بکە). دەبێت هەموو ئەم زانیاریانە تۆماربکرێن لەناو نوسراوی تۆمارەکان یان بەڵگەنامەی هاوشێوە بۆ خوێندکار بەردەستبن.

دەبێت ڕێکارە دامەزراوەییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کەیسی ئەو خوێندکارانەی، کە نەیان توانیوە بابەتەکانی خوێندن بەسەرکەوتووی لە دامەزراوەی وەگر تەواوبکەن، بگیرێنە بەر. دەبێت ئەم ڕێکارانە پێشتر بە خوێندکار درابن و ڕونکرابنەوە.

پاشکۆی دیپلۆما Diploma Supplement[11] بۆ ئەوە دروستکراوە، کە خوێندکاران تۆماری دەستکەوتەکانیان بەرونی و ڕۆشنی بزانن. بەوپێیەش ئەو بابەتانەی خوێندن کە بەسەرکەوتوی لەدەرەوە تەواوکراون دەبێت لەنوسراوی تۆمارەکان دابنرێن وهاوپێچ بکرێن لەگەڵ پاشکۆی دیپلۆما بە ناونیشانە بنچینەیەکەیان (وێنەی وەرگێردراوەکەیان بۆ زمانی پاشکۆی دیپلۆما)، و هەروەها لەگەڵ ئاماژەکردن بەو دامەزراوەی کە ئەو بەڵگەنامانەی لێدەرکراون و کریدێت و نمرەکانی لێ بەخشراون. لەحاڵەتی ڕاهێنانی پیشەیی لەدەرەوە، گواستنەوەی کریدێتەکان لەناو بروانامەی ڕاهێنان (Work Placement Certificate) یان پاشکۆی دپلۆما یان بەڵگەنامەی ئاڵوگۆرو دۆزینەوەی کار لە ئەوروپا [12](Europass Mobility Document) تۆماردەکرێن. لەحاڵەتی ڕاهێنانی خوێندکارە تازە دەرچوەکان بەکارهێنانی (بەڵگەنامەی ئاڵوگۆڕو دەربازبوون لە ئەوروپا) زۆر پێویستە، چونکە ڕاهێنانی ئەو خوێندکارانە دوای دەرچونیان دەکرێت و پێویستیان بەم بەڵگەنامانە نابێت، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە.

### ٤,٢,٣ یاسا و ڕێنمایی دامەزراوەکان:

ئەزمونەکانی پێشو ئەوەی دەرخستووە، ئەو کارە باشانەی خوارەوە ئاسانکاری دەکەن بۆ باش بەڕێوەبردن و ئاڵوگۆڕو دانپێدانانی یەکەکان.

**پابەندبونی دامەزراوەیی**

پێویستە یاسای دامەزراوەیی تایبەت دابنرێن بۆ ئەوەی بتوانرێت مامەڵە لەگەڵ دانپێدانان و هەژمارکردنی ئەزمونی دیکەی فێربووندا بکرێت، بۆ ڕێگەدان بە کۆکردنەوەی کریدێتەکان و گواستنەوەیان لەڕێگای جۆراوجۆری ئاڵوگۆڕکردنەوە، (لە نێوانیاندا گوازراوە ئازادەکان – **free movers** دەگرێتەوە) بۆ ئەژمارکردنی ئەزمونی کارکردن، فێرکردنی تەکنەلۆژی، فێرکردنی پێشوتر یان فێرکردنی نافەرمی.

دەبێت دەزگاکە (زانکۆکە) بەڕوونی بەرپرسیاریەتی و پابەندبونەکانی دیاری بکات بۆ جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئاڵوگۆڕی کریدێتەکان و دڵنیاکردنەوەی هەموان لە ڕۆشنی ڕێکار و پێوەرەکانی هەڵبژاردن بۆ ئاڵوگۆڕی کریدێتەکان، و ڕێوشوێنی تێهەڵچونەوە و پێداچوونەوە لەبەردەست بن. دەبێت یەکێک لە ئەندامانی

---

[11] پاشکۆیی دبلۆما ئەو بەڵگەنامەیەیە، کە تیایدا باسی زانیاری و کارامەیی بەدەست هاتووی هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی زانکۆی کراوە و ڕونکراوەتەوە.

[12] بەڵگەنامەی ئاڵوگۆڕ ودۆزینەوەی کار لە ئەوروپا بریتیە لەو ٥ بەڵگەنامە تایبەتیانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ تۆمارکردنی ئەو ماوە دیاریکراوەی کە کەسێک لە وڵاتێکی تر دەمێنێتەوە بە مەبەستی خوێندن و ڕاهێنان (بروانە پاشکۆ ١ فەرهەنگۆك).

ستافەکە لە هەر بەشێك و بۆ هەر بوارێکی زانستی دیاری بکرێت و دەسەڵاتی پێبدرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆگرامی خوێندن لەدەرەوە، لەگەڵ خوێندکارەکان بۆ پەسندکردن و واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی خوێندن لەبری لایەنی نێرەر، پێش دەستپێکردنی ماوەی ئاڵوگۆڕ و ئامادەکردنی پەڕاوی تۆمارەکان دوای ماوەی ئاڵوگۆڕ[١٣]. و نابێت کەس داوای گفتوگۆکردن بکات لەسەر دانپێدانان و هەژمارکردنی خوێندنی ئەکادیمی لەگەڵ ئەندامانی دەستەکە چونکە دەسەڵاتی ئەم کارەیان نییە، لەپێش یاخود دوای ماوەی خوێندن لەدەرەوە، وەنابێت داوا لە خوێندکار بکرێت بۆ ئەنجامدانی هیچ تاقیکردنەوەیەک یان هیچ کارێکی تر دوای گەرانەوەی.

**هەڵبژاردنی دامەزراوەیەک بۆ هاوبەشیکردن:**

وا پێشنیازدەکرێت، کە ڕێکەوتنی ئاڵوگۆڕکردنی خوێندکاران بکرێت لەگەڵ دامەزراوەکان کە:

- وردەکاری شەفافی پرۆگرامەکە بخاتە بەردەست، کە دەرئەنجامەکانی فێربوون و کرێدیتەکان و ڕێگاکانی فێرکردن وفێربوون و ڕێچکەکانی هەڵسەنگاندنی لەخۆی بگرێت.
- شێوازی فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندنی زانکۆی وەرگر پەسندبکرێت، لەلایەن دامەزراوەی نێرەر بێ ئەوەی داوا لە فێرخواز بکرێت، هیچ کارێکی زیادە یان تاقیکردنەوەیەک بکات.
- ئەمانەش هەروەك چاوەڕوان دەکرێت، ئەو شێوازانەن، کە دڵنیایی جۆریان پشتڕاست کراوەتەوە بەگوێرەی سیستەمی نیشتیمانیان بۆ دانپێدانانی دامەزراوەکان.

دەکرێت ڕێکەوتن تەنها لەگەڵ ئەو دامەزراوانە نەبن، کە پرۆگرامی خوێندنیان هاوشێوەن، بەڵکو بۆ ئەوانەش بێت، کە پرۆگرامی تەواوکاری دەبەخشن.

**دانانی ئاڵوگۆڕی یەکەکان لە ناو پرۆگرامەکاندا:**

- دارشتنی ئاڵوگۆڕو گواستنەوەی کرێدیت لە ناو پرۆگرامی خوێندندا ڕێکاری دانپێدانان و هەژمارکردن ئاسان دەکات، دامەزراوەکان دەتوانن:

- وەرزێك یاخود ساڵێکی خوێندنەکە دیاری بکەن، کاتێک کە ماوەیەکی خوێندن لە دەرەوە بە باشترین شێوە دەگونجێت، لەگەڵ ئەم پرۆگرامە (پەنجەرەی ئاڵوگۆڕ **Mobility Window**).
- بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ئەنجامەکانی فێربوون، کە دەکرێت بە ئاسانی بەدەست بهێنرێن لە دەرەوە ئەم وەرزە یاخود ساڵەدا دادەنرێن ( بۆنمونە؛ کۆرسی نێودەوڵەتی یاخود بەراوردکاریی، کۆرسی هەڵبژاردەیی یاخود سەربازیی، نووسینی توێژینەوەکان ، کۆرسەکانی زمان ، ئەزموونی کار).
- دامەزراوە هاوبەشەکانیان دیاری بکەن، کە تێیاندا دەکرێت ئەنجامە چوونیەك و تەواوکارییەکانی فێربوونیان لێ بەدەست بهێنرێت.

[١٣] پرۆگرامی (ئیراسمۆس پلەس) کلێشەی ڕێککەوتنامەی خوێندنی ئامادە کردووە، کە تییایدا ئەرکەکانی کەسی بەرپرس بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کراون: کەسی بەرپرس لە زانکۆی نێرەر؛ کەسێکی ئەکادیمیە دەسەڵاتی پێدراوە بۆ پەسەندکردنی بەرنامەی ئاڵوگۆڕی خوێندکارە ڕۆیشتووەکان (ڕێککەوتنامەی خوێندن)، و بتوانی ڕێککەوتنامەکە هەمواربکاتەوە ئەگەر پێویست بکات، وە هەروەها گرێنتی تەواوەتی دانپێدانانی ئەو پرۆگرامانە بکات و ڕاسپێردرابێت لە لایەن دەستەیەکی ئەکادیمی بەرپرس. کەسی بەپرس لە زانکۆی وەرگر؛ کەسێکی ئەکادیمیە و دەسەڵاتی پێدراوە بۆ پەسەندکردنی بەرنامەی ئاڵوگۆڕی خوێندکارە هاتووەکان و پابەندە بە پێدانی هاوکاری ئەکادیمی پێیان لە ماوەی خوێندنیان لە زانکۆی وەرگر.

**تێبینی گرنگ**

له پرۆگرامەکانی ئیراسموس پلەسدا، کۆمەڵێک پەیماننامەی وەکو پەیماننامەی ئیراسموس بۆ خوێندنی باڵا (پابەندی دامەزراوەکان)، پەیماننامەی جۆرایەتی ئەورووپی بۆ ئاڵوگۆڕ، پەیماننامەی فێرخوازانی ئیراسمۆس (کۆدی ئەورووپیی بۆ ئەنجامدانی کاری باش بۆ فێرخوازانی ئیراسموس) چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخستنی ئاڵوگۆری کرێدیت و دانپێدانان دەستەبەر دەکەن.

**٤,٣ دابەشکردنی نمرە**

بەهۆی جیاوازی کەلتوری و نەریتی ئەکادیمی، سیستمەکانی پەروەردە و فێرکردنی ئەورووپی پەرەی سەندووە، نەك تەنها لە پێوەرەکانی نمرەپێدانی جیاواز، بەڵکو بۆ بەکارهێنانی ڕێگەی جیاواز لە بەکارهێنانیشیان لەناو هەمان وڵاتدا بۆ بابەتە جیاوازەکان یان دامەزراوە جیاوازەکان. لەکاتێکدا گرنگە، کە ئەم جیاوازیانە دانیان پێدابنرێت و هەژماربکرێن، هەروەها گرنگیشە، کە وایان لێ بکرێت، کە ڕۆشن بن لە ناو ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپی، بۆئەوەی نمرە دراوەکان لە هەموو وڵاتان، بابەتەکان یا دامەزراوەکان، بتوانرێت بەباشی بناسرێنەوەو لێیان تێبگەن و بە دروستی بەراورد بکرێن.

خوێندکارە گەڕۆکەکان مافی ئەوەیان هەیە، کە بە ڕونی و دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ نمرەکانیاندا بکرێت، کاتێک کرێدتەکانیان لە دامەزراوەیەکەوە دەگوازنەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر، چونکە خوێندنی زیاتر یان گرانت و سودمەندبوونی تر، لەوانەیە پشت بەئاستی توانایان ببەستێت. شەفافیەتی ئاستەکان بەهەمان شێوە گرنگە بۆ دەرچووان کاتێ داواکاری بۆ کارکردن لە وڵاتی خۆیان یان لەوڵاتێکی تر پێشکەش دەکەن.

بۆ دڵنیا بوون لە شەفافیەت و یەکگرتووی زانیاری لەسەر توانستی تاک تاکی خوێندکارەکان هەر دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵا- وێرای هەبوونی پێوانەی نمرەپێدانی دامەزراوە و نیشتیمانی و ڕونکردنەوەی پێوانەکە- خشتەی ئاماری دابەشکردنی نمرەی دەرچوون لە پرۆگرامەکە یان بواری خوێندن (خشتەی نمرەپێدان) ڕونی دەکاتەوە، کە چۆن پێوانەی نمرەپێدان بەڕاستی بەکاردێت لەو پرۆگرامەدا. خشتەی نمرەپێدان سەرەتا لە ڕێبەری بەکارهێنەرانی لە ساڵی **ECTS٢٠٠٩** دروست بوو، وەک جێگرەوەیەک بۆ پێوانەکانی نمرەپێدانی پێشوتری **ECTS (A, B, C, D, E)**، کە چیتر بەکارنایەن.

تەنانەت لە حاڵەتەکانی پێویست نەبونی گواستنەوەی نمرەکانیشدا، لە نەریتی ئەکادیمی ناوخۆی دامەزراوە وەرگرەکان، خشتەی لێکدانەوەی نمرەپێدان ئاسانکاری لە مامەڵەی دادپەروەرانەی خوێندکارانی هاتوودا، دەکات لەکاتی گەڕانەوایاندا بۆ دامەزراوەی نێرەر. پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت، کە ئەوە کارێکی باشە بۆ دانانی چاودێرانی بۆردی تاقیکردنەوەی ناوخۆیی لەگەڵ ئاماری زانیاری ورد لەسەر پێدانی نمرە بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆئەوەی پرۆسەکە زیاتر شەفاف بێت، و دیاریکردنی جیاوازییەکان کە لەوانەیە کێشەکان دیاری بکات بۆ لەبەرچاوگرتنی زیاتر.

زانکۆ هاوبەشەکان لە پرۆگرامە هاوبەشەکانیاندا پێویستە پێشەکی ڕێکبکەوتن، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پێدانی نمرە و گواستنەوەی نمرەکاندا دەکەن.

خشتەکانی دابەشکردنی نمرە، ئەوە دەخەنە ڕوو، کە چۆن پێوەرە دامەزراوەیی و نیشتیمانیەکان بەکاردێن لە دامەزراوەکەدا؛ ئایا کراوەن وهەمووکەس دەستی پێیان دەگات (**Open Access**)، یان بە سیستەمی دیاریکراون، ئایا ئەو خشتانە بەراورد دەکرێن بە دابەشکردنی ئاماری نمرەکانی گروپێکی هاوشێوەی لە زانکۆیەکی تر. ئەو خشتانە ئاماری دابەشکردنی نمرە ئەرێنیەکان (دەرچوون و سەروتر)، کە دەدرێن لە هەر بوارێکی خوێندن لە دامەزراوەیەکی دیاریکراودا پیشاندەدەن. شتێکی گرنگە کە زانیاری زیاتر دەستەبەر بکرێت لەسەر نمرەی دەرچوون، بەڵام نابێت بەکاربهێنرێت بۆ گواستنەوە.

خشتەکانی نمرەپێدان دەبێت بە شێوەیەکی ستاندارد دروستبکرێن و وەك سەرچاوە بۆ گروپەکانی خوێندکارانی وەرگیراو لە پڕۆگرامەکانی هەمان بوارەکانی خوێندن دەست نیشان بکرێن. ئەم گروپانە پێویستە قەبارەیان گونجاوبێت، واتە بەپێی ژمارەی خوێندکاران و ژمارەی ساڵەکان دابەش دەکرێن.

دانان و هەژمارکردنی خشتەکانی نمرەپێدان، ئەرکێکە لە ئاستێکی ناوەند لە زۆرێك لە دامەزراوەکاندا دەگیرێتە ئەستۆ. دروست کردنی خشتەکانی نمرە دابەشکردن نابێت ببێتە هۆی بارگرانی زۆر لەسەر دامەزراوەکان، چونکە زانیاری پێویست بەشێوەیەکی گشتی بەردەستە لە سیستەمەکانی زانیاری دامەزراوەیی و لێکدانەوەی ڕێژەی سەدی بە ئاسانی و بە بەرنامەیەکی سادە دەردەهێنرێت. تەنها ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پێویستە:

١. دیاریکردنی کۆمەڵە جیاکراوەکان لەناو دامەزراوەکە بە بەکارهێنانی پێوانەی ڕوون و جێگیر، کە پێویستە هاوپێچ بکرێت لەگەڵ خشتە دروستکراوەکانی نمرە دابەشکردن. لەحاڵەتی نەبوونی ڕێگای ئامادە کراو بۆ - بەراوردکردنی دەرئەنجامەکانی فێربوون، واباشە پۆلێنی **ISCED-F**[١٤] بەکاربهێنرێت کە پۆلێنێکی ستانداردی پلەبەندی بوارەکانی خوێندن دەخاتە ڕوو. و بۆ دەستکەوتنی گروپی ئاماژە پێ کردن، کە پێویستە ئەوەندە گەورە بن بەکەڵکی بەراوردکردنی ژمارەیی پەیوەندار بێن و وا باشە کە کۆدی **ISCED** بەکاربهێنرێت لە ئاستێکی تەسك و وردکراوەدا ( **UNESCO Institute for Statistics 2014**).

٢. دیاریکردنی کۆتا ژمارەی نمرەی دەرچوون بۆ هەریەك لە گروپی ئاماژەپێکراو، دیاریکراو، پێویستە بەلایەنی کەمەوە لە دوو ساڵی ڕابردوو دانرابن. پێویستە لەبیرمان نەچێت، کە زانیاری لەسەر ڕێژەی سەرکەوتن لەوانەیە بە زاراوەی گشتی بەردەست بێت نەك لەم لێکدانەوەیەدا.

٣. نمرە دابەشکردنەکە لە ڕووی ڕێژەی سەدی نمرەی دەرچوون لە گروپێکی دیاریکراودا و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی کۆکراوە، هەژمار دەکرێن. سەرئەنجام، خشتەیەکی نمرە دابەشکردن دروست دەبێت، کە تێیدا ڕێژەی سەدی و ڕێژەی سەدیە کۆکراوەکان بۆ هەریەکێک لە گروپەکە جیاکراوەکان دیاری دەکرێت.

[١٤] کورتکراوەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ پۆلێن کردنی خوێندنە ISCED-F

**ئەمەی خوارەوە نمونەیەکی ڕوونی خشتەیەکی نمرەییە:**

| پلەبەندیە بەکارهاتووەکان لە دامەزراوەدا (لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین پلەی دەرچوون) | ژمارەی پلەبەندیەکانی دەرچوون کە بەخشراوە بە گرووپە جیاکراوەکان | ڕێژەی سەدی هەر پلەبەندییەک بۆ سەرجەم پلەبەندییە دەرچووونە پێدراوەکان | ڕێژەی سەدی کەڵەکەبووی پلەبەندییە دەرچووونە پێدراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٥٠ | %٥ | %٥ |
| ٩ | ١٠٠ | %١٠ | %١٥ |
| ٨ | ٣٥٠ | %٣٥ | %٥٠ |
| ٧ | ٣٠٠ | %٣٠ | %٨٠ |
| ٦ | ٢٠٠ | %٢٠ | %١٠٠ |
| سەرجەم: | ١،٠٠٠ | %١٠٠ | |

کاتێک نوسراوی تۆمارەکانی خوێندکار و پاشکۆی دیپلۆما (تەواوکەر) بگرێتە خۆی، خشتەکە ئاسانکاری دەکات لە ڕونکردنەوەی هەریەک لە نمرەی بەخشراو و پێویست بە لێکدانەوەی زیاترناکات. پرۆژەی سیستەمی ئەورووپی بۆ گۆڕینی نمرە **(EGRACONS)** پەرە بە نمونەکان لەسەر شێوەی بینراوی خشتەی نمرەکان دەدات.

**٤،٤ گۆڕینی نمرە**

کاتێک دامەزراوەکان بڕیاری گۆڕینی نمرەی ئەو خوێندکارانەی شوێنیان دەگۆڕن، دەدەن، کەسێك بەرپرس دەبێت لە گواستنەوەی کرێدت و بەراوردی خشتەی دابەشکردنی نمرە و گرووپی دیاریکراوی خوێندکار لەگەڵ خشتەیەکی دروستکراو لەلایەن دامەزراوەیەکی تر بۆ گرووپێکی هاوتەریب. شوێنی هەریەك نمرە لە ناو دوو خشتەکەدا دەبێت بەراورد بکرێت و لەسەر بنچینەی بەراوردکردن، نمرەکان دەگۆڕدرێن.

بۆ نمونە، ماوەی نێوان ڕێژەی سەدی نمرەکان تێکەڵدەبن و جیاناکرێنەوە. ئامانجیش لەم ئیشە ڕۆشنیە. بۆیە، دامەزراوەی وەرگر پێویستە پێشەکی بڕیار بدات، ئایا ئەوان کەمترین تێکڕا یان زۆرترینی نمرە بەراورد-کراوەکان، کە نێوانی ڕێژەسەدیەکانیان تێکەڵ دەبن، وەردەگرن.

**لە پاشکۆی(٢)** دا نمونەکانی چۆنیەتی هاوتا کردنی نمرە جێبەجێکراوە.

# بەشی پێنجەم: ECTS و فێربوونی ماوەدرێژ (بە درێژایی ژیان)

ئەم بەشە لە کاریگەری ڕۆڵی **ECTS** لە ئاسانکردنی فێربوونی ماوە درێژ و ڕەخساندنی دەرفەتەکانی فێربوونی کراوە و داننان بە ئەزموون و زانیاری پێشوو، دەکۆڵێتەوە.

### ٥,١ فێربوونی ماوەدرێژ- دەرفەتەکانی فێربوونی کراوە

بواری فێربوون لە خوێندنی باڵا دەگۆڕێت بە پەرەسەندنی خێرا و هەمەجۆر و گونجاندنی دەرفەتەکانی فێربوون کە پێک دێت لە فێربوونی تێکەڵ، شێوازی نوێی فێربوونی ئۆنلاین و کراوە، کۆرسە چڕوپڕە ئۆنلاینەکان Massive Open Online Courses (MOOCS)، سەرچاوە فراوانەکانی فێربوون (OER) Open Educational Resources، فێربوونی کرداری، فێربوون لە ڕێگەی خۆ ئاڕاستەکردنەوە، ڕێگاکانی فێربوونی تاك، بەردەوام بوون لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکان (سەیری بەشی ٣ بکە). ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان بەدوای کۆرس و بابەتە پەروەردەییەکانی خوێندنەوەن، بەبێ ئەوەی بە شوێن لێهاتوویە پسپۆڕیەکانەوە بن. دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بۆ ڕازیکردنی گرووپێکی خوێندکاری هەمەجۆر، ڕووبەڕووی دابین کردنی پێداویستی دەبنەوە، و دەبێت هەلی فێربوونی ڕێگاکانی تاك و جۆرەکانی فێربوونیان بۆ برەخسێنن. لە ئەنجامی ئەمەدا، زۆرێکیان هەمەجۆرن و بابەت و چالاکیە پەروەردەییەکان دەستەبەردەکەن، لەگەڵ شێوازی فێرکردن و وانەوتنەوەی بنیادنەرانە، لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا تازەکان و سەرچاوە بەرفراوانەکانی فێرکردنەوە (OER) (بڕوانە پاشکۆی ١).

هێز و توانای ECTS لەوەدایە، کە دەتوانرێت لە هەموو بارودۆخەکانی فێربوونی درێژخایەندا بەکاربهێنرێت، و هەمان ڕێسا لەسەر فێرخوازانی سیستمی یەکە و پێدان و کۆکرنەوە و گواستنەوەیان و ئاڵوگۆڕی خوێندکاران جێبەجێ بکرێت. بە هەمان شێوە کاتێك یەکەکان دەدرێن بەو بەشانەی کە پێکهێنەری پرۆگرامەکەن، کرێدتەکان بۆ فێربوونی کراوە و شێوازەکانی تری فێربوون بە درێژخایەن تەرخان دەکرێن، لەسەر بنچینەی بری ئەو هەوڵ و کۆششەی کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون.

هەموو دابینکەرانی (مەبەستی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵایە) کە بە فەرمی هەلی خوێندن دابین دەکەن، بە گوێرەی بنەماکانی دڵنیای جۆری (بە هەمان ئەو ڕێگە و ستاندارە باوانەی کە لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا بەکارهاتوون) بە نمونە فێربوونی کراوە هاندەدرێن بۆ بەکارهێنانی ECTS بە هەمان میکانیزمی ڕون و ئاشکرا باسکراوەکانی ناو ئەم ڕێبەرە. ئەمە ئاسانکارییەکی بەرچاو دروست دەکات بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شێوازە جیاوازەکانی فێربوون، دانپێدانان و گواستنەوەی کرێدیت، و لە هەمان کاتدا متمانەی فێرخوازان و ئەوانەش کە گرەویان لەسەر ئەم پرۆگرامە کردبوو زیاددەکات بۆ بەدەست هێنانی ئامەنجەکانی فێربوونی بەرفراوان.

دانپێدابنرێت و کۆبکرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەو پسپۆڕی یان نا، بە خواستی فێرخواز یان داواکارییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامە. هەندێک لە فێرخوازە سەربەخۆکان، لەوانەیە تەنها بۆ ئەوە بەشداری لە یەکێك لە بابەتێکی خوێندن بکەن، بەبێ ئەوەی خواستی بەدەستهێنانی بڕوانامەیان هەبێت، بەڵام پێدان و تۆمارکردنی یەکە لەوانەیە ڕێگەیان پێ بدەن بۆ بەکارهێنانیان لە داهاتوودا، ئەگەر حەز بکەن بڕوانامە بەدەست بێنن. تۆمارکردنی هەموو دەستکەوتەکانی فێربوون و بەدەستهێنانی ژمارەیەکی گونجاوی یەکەکانی ECTS لە ئاستێکی دیاریکراوی خوێندندا دەکرێت وابکات، کە دانپێدانانی ئەو خوێندنە بە ڕۆشنی و ڕێگای متمانە پێکراو کە لە داهاتوودا بتوانێت

له بەدەست هێنانی بڕوانامە بەشداربێت. شێواز و ئامرازەکانی پشتڕاستکردنەوە و دانپێدانان لە خوێندنی فەرمی پێویستە گونجاوبێت بۆ لەخۆگرتنی پەرەسەندنی زیاتر و هەمەجۆر، ژینگەی خوێندنی گونجاو، پەسەندکردنی شێوازە تازەکانی فێربوونی بەرفراوان و گونجاو کە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە ئاسانتر بوون. دروست بەکارهێنانی ECTS پەرەسەندنی بەرچاو و ئاسانکاری بە ئەم پرۆسەیە دەدات.

## ٥,٢ دانان بە فێربوون و ئەزموونی پێشوو( Recognition of prior learning and experience):

دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا پێویستە توانای بەخشینی یەکەیان هەبێ بە ئەو ئەنجامانەی فێربوون کە لە دەرەوەی فێربوونی فەرمی لە ڕێگای ئەزموونی کار، کاری خۆبەخشی، بەشداربوونی فێرخوازان، کۆششی سەربەخۆی فێرخواز بەدەستیان هێناوە و هەروەها بەرهەمی فێربوونەکەیان بتوانێ پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامە دابین بکات. دانپێدانان و هەژمارکردنی ئەنجامی بەرهەم هاتوو لە فێربوونی نا فەرمی پێویستە ڕاستەوخۆ پەیڕەوی پێدانی هەمان ژمارەی کرێدیتی ECTS بکات، کە بۆ بەشە هاوتاکەی لە پرۆگرامە فەرمیەکەدا هەیە.

بەهەمان شێوەی خوێندنی فەرمی، پێدانی کرێدیتەکان پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون. تیۆر و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن پێویستە دابڕێژرێن بۆ پێوانەکردنی بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوونی داواکراو لە ئاستێکی گونجاودا، بەبێ بەکارهێنانی چالاکی فێربوون یان ئەرکی زیادە وەك سەرچاوەی فێربوون. بۆ نمونە، بەشداریکردن لە بابەتی گفتوگۆی ناو پۆل' چیتر لە هەڵسەنگاندا لەبەرچاوناگیرێت، بەڵام ئەنجامی فێربوونی ئەو بابەتە، کە بریتیە لە 'سازدانی گفتوگۆ لەکاتی تێکەڵ بوون لەگەڵ هاوپۆلەکانی' جێگەی بایەخ دەبێت. پێویستە ستانقێکی گونجاو دیاری بکرێت بۆ هەر بەشێك یان شوێنێك کە پرۆسەکەی تێدا پەیڕەودەکرێت، کە دەسەڵاتێکی فەرمییان هەبێت و ڕاهێنراوبن بۆ پێدانی کرێدیتەکان لە بەرامبەر دەرئەنجامە بەدەست هاتووەکانی فێربوون لە دەرەوەی چوارچێوەی فێربوونی فەرمی کە لەسەر بنچینەی پێوەری ڕوون و ڕۆشن بنیادنرابێت و لەلایەن دامەزراوەکەوە بڵاوکرابێتەوە.

**تێبینیەکی گرنگ**

ژمارەیەکی زۆر تیۆری هەڵسەنگاندنی جیاوازمان هەیە بۆ نیشاندانی گرنگی فێربوون و ئەزموونی پێشوو. یەکێک لەو میتۆدانە بریتیە لە میتۆدی (Portfolio)[1]. میتۆدی (Portfolio) هەموو ئەو تۆمارانە لە خۆ دەگریت کە فێرخوازان کۆیان کردووەتەوە بە مەبەستی سەلماندنی هەموو لێهاتوییەکانیان، کە بە ڕێگای جیاواز بەدەستیان هێناون. کاری (Portfolio) بریتیە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە پاڵپشتی ئەو شارەزایی و زانیاریانە دەکەن، کە لە ئەزموونی فێربوونی نافەرمی پێشوو تروە بەدەست هاتوون. (Portfolio) نامەی پشتگیری خاوەنکار و سەرپەشتیاران لەخۆ دەگرێت، یاخود لە وانەیە هەڵسەنگاندنی کارامەیی لە جێبەجێ کردندا لەخۆ بگرێت، هەروەها سی ڤی یان هەر تۆمارێکی تر لە خۆدەگرێت. بە بەکارهێنانی (Portfolio)، هەڵسەنگێنەرەکە زانیاری زۆر تاوتوێ دەکات کە فێرخوازەکە بەردەستی خستوون. فێرخوازان لەوانەیە پێویستیان بەوە بێت هاوکاری بکرێن لەکاتی ئامادەکردنی (Portfolio) بەڵگەنامەکانیان.

هەروەها پێویستە درك بەوە بکەن کە وا پێشبینی دەکرێت بە ڕاپۆرت، یان تۆماری بڕیارەکانیان لە ڕێگەی کۆنوسێکی ڕێك و پێکەوە پێشکەش بکرێت بە لیژنەیەکی شیاو (بۆ نمونە لەسەر ئاستی بەشێک، یان فاکەڵتییەک، یاخود دامەزراوەکە بە گشتی).

دامەزراوەکان پێویستە پەرە بە بەرنامە و سیاسەتی دانپێدانان و هەژمارکردنی فێربوونی نافەرمی بدەن. ئەم بەرنامانە پێویستە بەشەکانی وەک ڕێنماییکردن، فیدباک بۆ فێرخوازان لەسەر ئەنجامی هەڵسەنگاندن و هەروەها شیاوی تانەلێدان و گازندە کردن بۆ خوێندکاران لە خۆبگرێت.  هەروەها پێویستە دامەزراوەکان ئاسانکاری بکەن بۆ فێرخوازان بە ڕێنوێنیکردن، ئاراستەکردنیان و پێدانی زانیاری لەسەر چۆنیەتی هەژمارکردنی فێربوونی نافەرمی بۆیان. ئەمانە بە چەند شێوازێك و بەپێی  چەند بنەمایەکی نیشتیمانی یان دامەزراوەیی بۆ کارکردن ئەنجام دەدرێن  (بۆ نمونە لەوانەیە لە ڕێگای چەند بنکەیەکەوە بێت، کە لە ناو یەکێك لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا هەبن یان وەك سەنتەری هاوبەش لە چەندین دامەزراوە). پلان و سیاسەتی دامەزراوەکان و چالاکیە کردارییەکانیان پێویستە بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەر وێبسایتەکانیان بڵاوبکرێنەوە.

هەژمارکردنی فێربوونی نافەرمی یارمەتی دەردەبێت بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا HEIs بۆ بەستنەوەیان بە لایەنی کۆمەڵایەتی خوێندن. بەرفراوان کردنی ڕێگاکانی دەست گەیشتن بە خوێندن بۆ فێرخوازان لە ڕێگەی ژیانی پیشەگەری و کارامەییەوە هەروەها چەندین ژینگەی فێربوونی دوور لە شێوازە کۆنە باوەکان، وا دەکات درێژخایەن ببێتە ڕاستەقینە. دامەزراوەکان پێویستە  بە تایبەت زۆر کراوە بن بۆ هەژمارکردنی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی.

## تێبینیەکی گرنگ

پرۆسەی پێدانی یەکە بە فێربوونی نافەرمی لە چوار قۆناغی سەرەکی پێک دێت:

١. ڕێنمایی و ئامۆژگاری سەرەتایی (پرۆسەکە چی دەگرێتەوە بۆ فێرخوازان، و بۆ ژمارەی کرێدتەکان بۆ فێربوونی نافەرمی؛ خەرجیەکانی چین، و ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکانی فێرخواز و مامۆستای تایبەت/ ڕاوێژکار چین؛ و ڕێگە جیاوازییەکانی فێربوون بۆ گەیشتن بە بڕوانامە یاخود شارەزایی چین؟).

٢. پشتگیری (پرۆسەی ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی خوێندن؛ تێگەیشتن لە ئەنجامەکانی فێربوون؛ دیاریکردنی ئەنجامەکانی فێربوونی خودی؛ کۆکردنەوە و هەڵبژاردنی بەڵگەکان).

٣. هەژمارکردن/هەڵسەنگاندن (هەڵسەنگاندنی بەڵگەی بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون و پێوەرەکانی هەسەنگاندن).

٤. پێدانی کرێدیت (پێدانی کرێدیت لەرێگەی ئەم پرۆسەیە هەمان بەهای ئەو کرێدیتەی هەیە کە لەرێگەی فێربوونی فەرمیەوە  بەدەستهاتووە).

## تێبینیەکی گرنگ (ECVET)

سیستمی کرێدیتی ئەوروپی بۆ خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی (**ECVET**) دامەزراوە لەسەر پێشنیاری پەرلەمان و ئەنجومەنی ئەوروپا، لە ساڵی ٢٠٠٩ **(2009\ C155\ 02)**.

سیستمی کرێدیتی ئەوروپی بۆ خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی **ECVET** دەیەوێت کارئاسانی بکات لە گواستنەوە، کۆکردنە و هەژمارکردنی دەرئەنجامە هەڵسەنگێنراوەکانی فێربوونی تاکەکەسی، کە ئامانجیان بەدەستهێنانی بڕوانامەیە لە فێربون و ڕاهێنانی پیشەگەری **(Vocational Education and Training)**.

وەک **ECTS**، سیستمی کرێدیتی ئەوروپی بۆ خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی **ECVET** پشتگیری و ئاسانکاری بۆ فێرخوازان دەکات، لە دروستکردنی ڕێگەی فێربوونی تایبەت بەخۆیان، لەڕێگەی کۆکردنەوەی کرێدیتەکان- لە ناو دامەزراوەیەکی دیاریکراودا، لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، هەروەها لە نێوان نیمچە سیستمە پیشەگەرە جیاوازەکان لە ژینگەکانی فێربوون (بۆ نمونە، فێربوونی فەرمی و نافەرمی)، و یارمەتیدانیان لە بنیاتنانی شێوازی فێربوونی تایبەت بەتاك وئەزموونی فێربوون.

وەک **ECTS**، **ECVET** لەسەر بیرۆکەی ٦٠ کریدیتی بنیادنراوە، بەڵام دابەشکردنی کرێدیتەکان جیاوازە. بەزۆری **ECVET** بەکاردێت بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ئەنجامەکانی فێربوونی هەڵسەنگێنراو، بەبێ گۆڕینەوەی خاڵەکانی کرێدیتەکان. بۆیە لە جیاتی ئاڵوگۆڕکردنی کرێدیت، دانپێدانان و هەژمارکردنی فێربوون لە فێربون و ڕاهێنانی پیشەگەری **VET** پێویستە لەسەر بنچینەی دەرئەنجامەکانی فێربون بنیاد بنرێت.

## بەشی شەشەم: ECTS و دڵنیای جۆری

ئەم بەشە پوختەی چۆنیەتی پێدانی جۆرایەتی باشتر بە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەلایەن **ECTS** ڕوندەکاتەوە و چەند نمونەیەک دەخاتەڕو بۆ چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی **ECTS**.

بەرپرسیاریەتی سەرەکی بەرامبەر دڵنیای جۆری لە هەر یەکێک لە دامەزراوەکاندا پەیوەندی بە دامەزراوەکە خۆیەوە هەیە، هەروەک چۆن لەلایەن نوێنەرانی پەروەردەی وڵاتانی بەشداربوو لە پرۆسەی بۆلۆنیا ڕەزامەندی لەسەردراوە لە ڕاگەیندراوی برلین **(Berlin Communiqué, 2003)**. دڵنیای جۆری ناوخۆیی هەموو ڕێکارەکان دەگرێتەوە، کە جێبەجێ دەکرێن لەلایەن دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە جۆری پرۆگرام و بروانامەکانیان لەگەڵ تایبەتمەندیەکاندا یەکدەگرنەوە یان لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی دەستە پەیوەنیدارەکانی وەك ئاژانسەکانی دڵنیای جۆری یەکدەگرنەوە. پێداچونەوەی دڵنیایی دەرەکی، کە لەلایەن ئاژانسەکانی دڵنیای جۆری ئەنجام دەدرێت فیدباك بۆ دامەزراوەکان و زانیاری بۆ خاوەن پشکەکان دەستەبەردەکەن. پرۆسە و ڕێساکانی دڵنیای جۆری لەسەر هەموو شێوەکانی فێربوون و فێرکردن جێبەجێ دەکرێن (فەرمی، نافەرمی، شێوە تازەکانی فێربوون، فێرکردن و هەڵسەنگاندن). ڕێنمای وستانداردەکانی ئەورووپی بۆ دڵنیای جۆری لە خوێندنی باڵای ئەورووپی **(ENQA, 2005)** پشتگیری دڵنیای جۆری ناوەکی و دەرەکی دەکەن.

| تێبینیەکی گرنگ |
|---|
| ڕێنمایی و ستانداردەکانی ئەورووپی **(ESG)** کۆمەڵێک ڕێنمای وستانداردن بۆ دڵنیای جۆری لە خوێندنی باڵا. ڕێنمایی و ستانداردەکانی ئەورووپی ستانداردنین بۆ کواڵتی، باسی ئەوەش ناکەن، کە چۆن پرۆسەکانی دڵنیای جۆری جێبەجێدەکرێن، بەڵکو ڕێنمایی دەستەبەر دەکەن بۆ ئەو ناوچانە کە گرنگن بۆ دەستەبەرکردنی کواڵتێکی سەرکەوتوو و ژینگەکانی فێربوونی خوێندنی باڵا. ڕێنمایی و ستانداردەکانی ئەورووپی پێویستە بە شێوەیەکی فراونتر لەبەرچاوبگیرێن بە شیوەیەک کە چوارچێوەی بروانامەکان لەخۆبگرێت، **(ECTS)** و پاشکۆی دیپلۆما، کە بەشدار دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنی و دڵنیایی و متمانەی دوو لایەنەی خوێندنی باڵا لە **(EHEA)**. ستانداردەکانی ١,٢، ١,٣، ١,٤ و ڕێنمایەکانی پەیوەندار ئاماژە بە بوارەکانی پەیوەست بە **(ECTS)** دەکەن (بەتایبەتی پرۆگرام دارشتن، خوێندکاروەك چەقی فێربوون ، فێرکردن و هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی خوێندکار، بەرەوپێشچوون، دانپێدانان و بروانامەپێدان). |

ڕاهێنانی باش لە بەکارهێنانی **(ECTS)** یارمەتی دامەزراوەکان دەدات لە پەرەپێدانی کواڵتی پرۆگرامەکانیان و هەلی فێربوونی ئاڵوگۆڕکراو. بەم شێوەیە، بەکارهێنانی **(ECTS)** پێویستە لە ڕوی کواڵیتیەوە دڵنیابکرێتەوە لە ڕێگەی پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی گونجاوەوە (بۆ نمونە، چاودێرکردن، پێداچونەوەکانی کواڵتی دەرەکی و ناوەکی و فیدباکی خوێندکار) بەردەوام باشکردنی کواڵتی. بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆگرامێك (کە پێک دێت لە ئەنجامەکانی فێربوون،هەوڵ وکۆشش **(Workload)** و میتۆدەکانی هەڵسەنگاندن) چەند ڕێوشوێنێک دەگیرێتەبەر. ئەوانیش دەکرێت ڕێژەی کەوتووان و ئەو خوێندکارانەی وازیان هێناوە یان بە ماوەیەکی درێژتر تەواویان کردبێت، بگرێتەوە.

پرۆگرامێك كاتێك دەتوانرێت بە كاریگەر ناوببرێت كە ئامانجەكانی خۆی لە كاتی پێشبینیكراودا بەدەست بێنێت، واتە خوێندكاران دەرئەنجامەكانی فێربوون بەدەست دێنن، كرێدتە داواكراوەكان كۆدەكەنەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەكە بەو شێوەیەی كە پلانی بۆدانرابوو. بەڵام پێویستە بە وریاییەوە لێكدانەوەی ڕەخنەگرانە بۆ جیاكردنەوەی گشت پێكهاتە بەشدارە كان لە پرۆسەكەدا بكرێت. بە شێوەیەک كە لەوانەیە لەیەكێك لەو پێكهاتانە پلانی ناكاریگەریش دیاری بكرێت، یان گەیاندنی پرۆگرامەكە یان ڕێوشوێنە پێویستەكان بۆ پشتگیركردنی خوێندكاران وەک پێویست نەبێت.

دەتوانرێت ئەم نیشانانەی خوارەوە بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی جیبەجێكردنی **(ECTS)** بەكاربهێنرێن:

- بابەتەكانی خوێندن بە پێی ئەنجامەكانی فێربوونی گونجاو دیاری دەكرێن و زانیاری ڕوون بەردەستە سەبارەت بە ئاستیان، كرێدتەكان، گەیاندن و هەڵسەنگاندنیان.
- خوێندكاران دەتوانن لەو كاتەی كە بە فەرمی بۆیان دیاریكراوە تەواوبن (بۆ نمونە ڕێژەی هەوڵ وكۆششی پێویست بۆ ساڵێكی خوێندن، وەرزێكی (یان وەرزێكی ٣ مانگی) خوێندن یان بابەتێك وابووە یان ڕاستەقینەیە).
- چاودێریكردنی ساڵانە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر جیاوازیەك لە ڕووی شێواز و ئەنجامە بەدەستهاتووەكان و بەدواداچون بۆ پێداچونەوەی گونجاو.
- خوێندكاران زانیاری وئامۆژگاری وردیان پێدەدرێت بۆئەوەی بتوانن بە دوای ڕێگاكانی بەرەوپێشچوون بكەون، هەلی دۆزینەوەی ڕێچكەی خۆیان لەدەست نەدەن و بابەتەكانی خوێندن لە ئاستێكی گونجاودا هەڵبژێرن.
- خوێندكاران ئەنجامەكانیان لە كاتی خۆیدا پێڕادەگەیەندرێت.

**بۆ خوێندکارە گەڕۆکەکان و دانپێدانان، ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە:**

- پرۆسەکانی گواستنەوەی یەکە، بریتین لە چاودێرکردن، پێداچونەوە و ڕێکاری پشتڕاست کردنەوەی گواستنەوەی یەکەکان.
- ستافێکی گونجاو دیاریدەکرێت، کە بەرپرسیارە لە دانپێدانان و هەژمارکردنی کرێدت و کێشەی گواستنەوەیان.
- ڕێکەوتنەکانی خوێندن ئەنجام دەدرێن لە هەموو بارەکاندا؛ پەرەپێدان و باشکردنیان وهەرگۆڕانکارییێکی تر، کە تێیاندا دەکرێت دەبێت بە پرۆسەیەکی هەستیار بەڵام تەندروستدا بڕوات بۆ قبوڵکردنی ئەو گۆڕانکاریانە.
- خوێندکارە هاتووەکان بابەتەکانی خوێندن هەڵدەبژێرن، کە لە ڕێپیشاندەری کۆرسدا هەن (لیستی بابەتەکان خوێندن)؛ هەڵسەنگاندنیان بۆدەکرێن و نمرەیان پێدەدرێن، هەروەک خوێندکارانی خۆیان.
- پشتگیری و نوسراوی ورد دەستەبەردەکرێن، کە تێیاندا ئاماژە بە تۆمارکردنی کرێدتەکان و نمرەی بەخشراوکراوە دەکرێت.
- هەموو کرێدتەکانی پەیوەست بە بابەتە تەواوکراوەکانی خوێندن بەسەرکەوتوویی دانی پێدادەنرێت، وەکو بەشێکی پەسەندکراوی ڕێکەوتننامەی فێربوون و نوسخەی کۆتایی ئەو ڕێکەوتنە؛ ئەنجامەکان دەرچوون لە کاتی خۆیدا و دەگوازرێنەوە.
- خشتەکانی پێدانی نمرە بەردەستن بۆ یەکسانکردنی نمرە بەدەستهێنراوەکان، بۆئەوەی نمرەکان – نەك تەنها کرێدتەکان- بە ڕێکوپێکی تۆمارکراون لە کۆتایی هەر بڕوانامەیەکی بەدەستهاتوودا.

پێویستە نوێنەری خوێندکاران بەشداربن لە پرۆسەکانی دڵنیای جۆری بۆ **(ECTS)**.

- لە دڵنیایی جۆری ناوخۆییدا، کە خوێندکاران زانیاری دەستەبەردەکەن، (بە وەڵامدانەوەی ڕاپرسیەکان بە شێوەیەکی بەردەوام، کارکردن لەسەر گروپێکی دیاریکراو)؛ بەشداریکردن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی-خودی زانکۆکە؛ و بەشداریەکی چالاکیان هەیە لەناو ئەو دستانەی کە بەرپرسیارن لە پرۆسەکانی دڵنیای جۆری ناوخۆ و چاودێریکردنی دانانی کرێدتی **(ECTS)** بۆ بابەتەکانی خوێندن.
- لە دڵنیای جۆری دەرەکی دا، خوێندکاران دەبن بە ئەندامی دەستەکانی پێداچونەوەی دامەزراوەکانی/ پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا.

## بەشی حەوتەم: ECTS و بەڵگەنامە پشت پێبەستراوەکان

بەکارهێنانی ECTS بە چەند بەڵگەنامەیەک پشتڕاست دەکرێتەوە، کە لەسەر چەند بنەمایەك دروست کراون و لەم ڕێبەرەدا ڕیزکراون. ئەم بەشە پێشنیاز دەکات، کە چەند بەشێکی تر لەم بەڵگەنامانەدا دابنرێن، چونکە ئەوان بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن و ڕێگای پەسەند کراون لە گەیاندنی زانیاری و بە گشت خوێندکاران سوود دەگەیەنن (خوێندکاری گەڕۆک و جێگر)، بە ستافی ئەکادیمی و کارگێری، بە خاوەن کارەکان و کۆمپانیاکان.

بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندکاران، دامەزراوەکان پێویستە تۆماری دەستکەوتەکانیان بکەن بە جۆرێکی ڕۆشن کە تێگەیشتنی ئاسان بێت. بۆیە، ئەم ڕێبەرە کلێشەی نوسراوی زانیاریەکان دەستەبەر دەکات کە پێویستە لە بەڵگەنامە سەرەکیەکانی گواستنەوەی خوێندکاراندا هەبێت بۆ ئاسانکردنی باشترلێك تێگەیشتنی نێوان دامەزراوە و وڵاتە جیاوازەکاندا،و تێگەشتنی خاوەن پشکە ناوخۆیی و دەرەکیەکان.

### ٧,١ زانیاری و ڕێنمایی دەربارەی کۆرسەکان (لیستی بابەتەکان و زانیاری)

زانیاری و ڕێنمایی دەربارەی کۆرس، زانیاری ورد و هاوچەرخ لەخۆدەگرێت لەسەر ژینگەی فێربوونی دامەزراوەکە، کە پێویستە بۆ خوێندکاران بەردەست بێت، پێش دەستپێکردنی خوێندن و بە درێژای خوێندن بۆ ئەوەی بتوانن دامەزراوەی باش بۆخۆیان هەڵبژێرن و کاتی خۆیان زۆر بە باشی بەکاربێنن. زانیاری پەیوەندار، بۆ نمونە، بروانامە بەخشراوەکان، فێربوون، ڕێکارەکانی فێرکردن و هەڵسەنگاندن، ئاستی پرۆگرامەکان، بابەتەکانی خوێندن و سەرچاوەکانی فێربوون. ڕێپیشاندەری کۆرس پێویستە ناوی کەسەکان بۆ پەیوەندی پێوەکردن لە خۆبگرێت، لەگەڵ زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی، کەی و لە کوێوە پەیوەندیان پێوەبکرێت.

کەتەلۆگی (ڕێپیشاندەری) کۆرس پێویستە لەسەر ماڵپەری وێبسایتی دامەزراوەکە بڵاوبکرێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی کۆرسەکە/ ناونیشانی بابەتەکان بە زمانی نەتەوەی (یان زمانی هەرێمی، ئەگەر پەیوەندار بوو) و زمانی ئینگلیزی، بۆئەوەی ئەو بابەت وبەشانەی ئارەزودەکرێن، بە ئاسانی بەدەستبهێنرێن. پێویستە بەباشی بڵاوبکرێنەوە بۆ بەرچاوڕونی خوێندکاران بۆ ئەوەی بتوانن هەڵبژاردەی خۆیان دیاریبکەن.

دامەزراوەکە سەربەستە لە بڕیاردان لەسەر شێوەی کەتەلۆگەکە و چۆنییەتی ڕیزکردنی زانیاریەکان. هەرچەندە کلێشەیەکی باو وادەکات کەتەلۆگی کۆرسەکان زیاتر هاوشێوە و ڕوونتر بن. لە هەر بارێکدا، ڕێپیشاندەری کۆرسەکە پێویستە زانیاری گشتی لە خۆبگرێت، لەسەر دامەزراوەکە و سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی، هەروەها زانیاری ئەکادیمی لەسەر پرۆگرامەکانی و تاک تاکەی بابەتەکانی خوێندن.

## ڕێپیشاندەری کۆرس

**بەشە پێشنیازکراوەکان بۆ پێرستی کۆرس**

**زانیاری گشتی:**

- ناو و ناونیشان
- باسی دامەزراوەکە (دەبێت جۆر وپێگەی دامەزراوەکەی تێدا بێت)
- بەرپرسە ئەکادیمیەکان
- ساڵنامەی ئەکادیمی
- لیستی پرۆگرامە پێشنیارکراوەکان بۆ خوێندن
- پێداویستیەکانی وەرگرتن، ئەوانیش توانستی زمان و ڕێکارەکانی تۆمارکردن دەگرێتەوە
- ئامادەسازی بۆ دانپێدانانی یەکەی گەرۆك و فێربوونی پێشوو (فەرمی و نافەرمی)
- شێوازی دانانی **(ECTS)** یەکە (سیستمی دامەزراوەی بۆ دیاریکردنی ژمارەی کرێدیت)
- ئامادەکاری بۆ ڕێنمایی ئەکادیمی

**سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییەکان:**

- نوسینگەی کاروباری خوێندکار
- شوێنی مانەوە/نیشتەجێبوون
- ژەمەکان
- خەرجی ژیان
- پشتگیری دارای بۆ خوێندکار
- خزمەتگوزاری تەندروستی
- دڵنیایی و پاراستن
- خزمەتگوزارییەکان بۆ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت
- ئاسانکارییەکان بۆ فێربوون
- ئەگەرەکانی گواستنەوەی نێودەوڵەتی خوێندکاران
- زانیاری پراکتیکی بۆ خوێندکارانی هاتوو
- کۆرسەکانی زمان
- ئەگەرەکانی ڕاهێنانی کار
- چالاکی وەرزشی و پشوودان
- ڕیکخراوە خوێندکارییەکان.

## ڕێپیشاندەری کۆرس

**زانیاری لەسەر پرۆگرامی خوێندن:**

- بڕوانامەی بەخشراو
- ماوەی پرۆگرامەکە
- ژمارەی کرێدتەکان
- ئاستی بڕوانامە بەگوێرەی بڕوانامەی نیشتیمانی، چوارچێوەی کار و بڕوانامە ئەوروپییەکان
- بواری خوێندن (پسپۆڕی) (بۆ نمونە، **ISCED-F**)
- مەرجەکانی تایبەت بە وەرگرتن (ئەگەر هەبێت)
- ئامادەکاری تایبەت بۆ هەژمارکردنی خوێیندنی پێشوو (فەرمی، نافەرمی ئەگەر هە بێت)
- پێداویستی و ڕێساکانی پێدانی بڕوانامە و پێداویستیەکانی دەرچوون (ئەگەر هەبێت)
- پرۆفایلی پرۆگرامەکە (سەیری بەشی دیزاینی پرۆگرام بکە)
- ئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە
- خشتەی پێکهاتەی پرۆگرام لەگەڵ کرێدتەکان (٦٠ یەکەی **ECTS** بۆ هەر ساڵێکی خوێندن بە بەردەوامی)
- مۆدی خوێندن (بە شێوەی فێربوونی بەردەوام (فول تایم) یان پچر پچر(پارت تایم) هتد.)
- ڕێساکانی تاقیکردنەوە و پلەبەندی نمرەپێدان
- پەنجەرەی ئاڵوگۆڕی خورتەکی یان سەرپشکی (ئەگەر هەبێت بێت)
- ڕاهێنانی کار(ئەگەر هەبێت)
- فێربوون لە ڕێگای کارکردنەوە.
- بەڕێوەبەری پرۆگرام یان هاوتاکەی
- پرۆفایلی پیشەیی دەرچوان
- هەلی خوێندنی زیاتر
- بۆ پرۆگرامە هاوبەشەکان، هەندێ شتی زیاتر پەسندکراون:
- زانیاری لەسەر فۆرمەکانی دیبلۆما و پاشکۆی دیبلۆما (هاوبەش/ دوو ئەوەندە/ هەمە جۆر)
- ئەندامانی کۆمەڵەکە و ڕۆڵیان.
- پێکهاتەی ئاڵوگۆڕی پرۆگرامەکە.

## ڕێپیشاندەری کۆرس

**زانیاری لەسەر بابەتەکانی خوێندن:**

- کۆد:
- ناونیشان:
- جۆر: (ناچاری/ ئارەزوومەندانە)
- خولی خوێندن (کورت/ یەکەم/ دووەم /سێیەم)
- ساڵی خوێندن:
- وەرزی خوێندن:
- ژمارەی کرێدیتە دانراوەکان **(ECTS):**
- ناوی مامۆستا:
- ئەنجامەکانی فێربوون:
- جۆری وانەخوێندن و مۆدی گەیاندنی (ڕووبەڕوو/ لە دورەوە فێربوون هتد..)
- بابەتی پێش مەرج یان هاومەرج
- خوێندنەوەی پێویست و پەسەندکراو و سەرچاوەو ئامرازەکانی تر.
- چالاکیەکانی فێربوونی پلان بۆ دانراو و میتۆدەکانی فێرکردن.
- میتود و پیوەرەکانی هەڵسەنگاندن.
- زمانی وانەوتنەوە.

### ٧,٢ (ECTS) و بەڵگەنامەی پێویست بۆ گواستنەوەی یەکە

ڕێکەوتننامەی فێربوون پابەند بوونی ملکەچی و فەرمی لەنێوان خوێندکار، دامەزراوەی نێرەر، و دامەزراوەی وەرگر/ ڕێکخراو/ کۆمپانیا دەستەبەردەکات بۆ هەموو چالاکیەکانی فێربوون، کە دەبێت لەلایەن خوێندکارەوە ئەنجام بدرێن.

پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەی فێربوون و هەموارکردنەوەی دەکرێت لە ڕێگەی واژۆ دیجتاڵیەکان یان کۆپی سکانکراوی واژۆکان، کە دەکرێت بەشێوەی ئەلیکترۆنی بنێردرێت بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی زانکۆکان.

### ٧,٢,١ ڕێکەوتنامەی فێربوون بۆ گواستنەوەی یەکە بۆ خوێندن

**ئاڵوگۆڕی کرێدت (یەکە)**

- پێداویستیە پێشنیارکراوەکانی ڕێکەوتنامەی فێربوون بۆ گواستنەوەی کرێدت بۆ خوێندن بریتین لەمانەی خوارەوە:
- ناو و ژمارە مۆبایلی خوێندکار:
- ناو، ناونیشان و شێوازی پەیوەندیکردنی ئەکادیمی و کارگێڕی کەسانی پەیوەندار لە دامەزراوەی نێرەر و وەرگر:
- بواری خوێندنی خوێندکار لە دامەزراوەی نێردراوەوە بە گوێرەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ پۆلێنکردنی خوێندن و پسپۆرییەکان **(ISCED-F codes)**
- خولی خوێندن (کورت/ یەکەم/ دووەم/ خولی سێیەم)
- ماوەی خوێندن (لە چەندەوە بۆ چەند) لە دامەزراوەی وەرگیراو:
- پرۆگرامی خوێندن لە دەرەوە: لینکی ڕێپیشاندەری کۆرس لە دامەزراوەی وەرگر و لیستی بابەتەکانی خوێندن و کۆدەکانیان و ژمارەی کرێدتەکانی **(ECTS)** )
- ئەو بابەتانەی خوێندن، کە خوێندکار لێیدەبەخشرێت لە دامەزراوەی نێرەرەوە ئەگەر بابەتە خوێندراوەکان لە دەرەوە بەسەرکەوتووی تەواوکرابوون یان زانکۆکان وا ڕێککەوتبوون، کە ماوەی خوێندنەکە لە دەرەوە هەژمار دەکرێت (بۆ نمونە ئەمە دەبێتە بابەتی دەرچەی گواستنەوە و بروانامەکان، کە بە خورتی ماوەیەکی خوێندن لە دەرەوە دەکەن بە ئیجباری)
- واژۆی سێ لایەنەکە (خوێندکارەکە، نوێنەرانی زانکۆی نێرەر و زانکۆی وەرگر).

### ٧,٢,٢ ڕێکەوتننامەی فێربوون بۆ ڕاهێنان و جێبەجێکردن

ڕێکەوتننامەی فێربوون بەشێکی بنچینەییە بۆ ڕاهێنان و جێبەجێکردن ، وەك بەڵگەنامەیەکی پوختەکردنی چالاکیەکانی فێربوون دەبێت، لەلایەن خوێندکار جێبەجێبکرێت وەك بەشێك لە بابەتێکی خوێندن.

پابەندبوونی دامەزراوەی وەرگر، بریتیە لە دابینکردنی ڕاهێنان و جێبەجێکردنی پەیوەست بە ڕێچکەی فێربوونی خوێندکار، لەگەڵ ئەنجامی ڕوونی فێربوون ، و پێدانی بڕوانامەی ڕاهێنان لەکاتی تەواو کردنی ڕاهێنانەکە.

پابەندبوونی دامەزراوەی نێرەر، بریتیە لە دڵنیابوون لە جۆر و هەبوونی پەیوەندی ڕاهێنانەکە، چاودێریکردنی پرۆسەی پێشکەوتنی خوێندکار و دانپێدانان و هەژمارکردنی کرێدیتەکانی **(ECTS)** لە دوای بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون بەسەرکەوتووی.

ڕێکەوتننامەی فێربوون بۆ ڕاهێنان و جێبەجێکردن پێویستە لەلایەن سێ لایەنەکە واژۆبکرێت: خوێندکار، دامەزراوەی نێرەر و دامەزراوەی وەرگر/ کۆمپانیا.

## ڕاهێنان و جێبەجێکردن

- پێداویستییە پێشنیازکراوەکان بۆ ڕێکەوتننامەی فێربوون بۆ ڕاهێنان و جێبەجێکردن
- ناو و وردەکاری شێوازی پەیوەندی کردن بە خوێندکار
- ناوەکان، ناونیشانەکان و شێوازی پەیوەندیکردن بە کەسانی دامەزراوەی نێرەر و دامەزراوەی وەرگر/ کۆمپانیا/ هتد.
- بواری خوێندنی خوێندکار لە دامەزراوەی نێرەر بە گوێرەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ پۆلێنکردنی خوێندن و پسپۆرییەکان (ISCED-F codes)
- خولی خوێندن (کورت/ یەکەم/ دووەم/ سێیەم)
- جۆری ڕێکخراو/ کۆمپانیا (گشتی/ تایبەتی/ هتد..)
- ماوەی ڕاهێنان (لە چەندەوە بۆ چەند) لە دامەزراوەی وەرگر و یەکەکانی (ECTS)
- ئەنجامەکانی فێربوون، کە دەبێت لەلایەن کەسی ڕاهێنراو لە کۆتای ڕاهێنانەکە بەدەستبهێنرێن.
- وردەکاری پرۆگرامی ماوەی ڕاهێنانەکە، کە ئەرك/ ئەو شتانەی کە پێی دەدرێت دەگرێتەوە
- کاتژمێرەکانی مەشقکردن لە هەر هەفتەیەکدا
- ئاستی توانستی زمان لە شوێنی کار، کە خوێندکار هەیەتی یان ڕازیە بەدەستی بێنێت لەماوەی دەستپێکردنی خوێندن (ئەگەر هەبێت)
- ئامادەکارییەکانی چاودێریکردن و پلانی هەڵسەنگاندن
- ئامادەکارییەکان بۆ گۆڕانکارییەکانی ڕێکەوتننامە فێربوون بۆ ڕاهێنان
- ئامادەکاریەکان بۆ دانپێدانان و هەژمارکردن لە دامەزراوەی نێرەر
- واژۆی سێ لایەنەکە (خوێندکارەکە، نوێنەری دامەزراوەی نێرەر، و دامەزراەی وەرگر/ کۆمپانیا-سەرپەشتیاری کەسی ڕاهێنراو دەگرێتەوە.)

### ٧,٣ نوسراو یان بەڵگەنامەی تۆمارەکان

نوسراو یان بەڵگەنامەی تۆمارەکان (بڕوانە فەرهەنگۆك (فەرهەنگی زاراوەکان) لە پاشکۆی (١) تۆمارێکی نوێکراوەی پێشکەوتنی خوێندکاران لە خوێندنیاندا دەستەبەردەکات: ئەویش بریتیە لەو بابەتانەی خوێندویانن، ژمارەی کرێدتەکانی **(ECTS)**، کە بەدەستیان هێناون، لەگەڵ ئەو نمرانەی پێیاندراون.

لەبەرئەوەی بڕوانامەکە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ تۆمارکردنی پێشکەوتنەکان و زانینی دەستکەوتەکانی فێربوون، بۆیە زۆر گرنگە بزانرێت، کێ کەسی بەرپرسیارە لە پێدانی ئەم بڕوانامەیە و چۆن دەردەچێت و چۆن دەگەێنرێت. زۆرێک لە دامەزراوەکان بەڵگەنامەی تۆمارەکان دروست دەکەن لە ڕێی داتابەیسی دامەزراوەیی خۆیانەوە. شتێکی گرنگ کە لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە بڕوانامەکە لەوانەیە لە شوێنی تردا بەکاربێت، بەم شێوەیە زانیارییەکە پێویستە بە ڕۆشنی و بە تەواوی و بە شێوازێکی ڕوون دەستەبەربکرێت.

لە حاڵەتی گواستنەوەی کرێدتدا، دامەزراوەی وەرگر، بەڵگەنامەی تۆمارەکان دەستەبەر دەکات بۆ هەموو خوێندکارە گەڕۆکەکان و دەینێرێت بۆ دامەزراوەی نێرەر و خوێندکارەکە لە کۆتای ماوەی خوێندن، بۆئەوەی بە فەرمی گەواهی بدات، کە کارەکە تەواوبووە و کرێدتەکان بەخشراون و نمرەکانی ئەو شوێنەش دراون لە ماوەی گواستنەوەکەدا. ئەمە پێویستە لەماوەیەکی کورتی گونجاودا بنێرێت دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی خوێندکار لە دامەزراوەی وەرگرەوە (سەیری بەشی تایبەت بە گواستنەوەی کرێدت ودانپێدانانیان بکە).

## بەڵگەنامەی تۆمارەکان

پێداویستیە پێشنیارکراوەکان بۆ بەڵگەنامەی تۆمارەکان

- ناوی خوێندکار:
- ناسنامە و وردەکاری شێوازی پەیوەندیکردن بە خوێندکار (ئەگەر هەبێت)
- ناو و شێوازی پەیوەندی کردنی دامەزراوەکە.
- بواری خوێندنی خوێندکار یان ناوی پرۆگرامەکە.
- ساڵی ئێستای خوێندنەکەی.
- بابەتەکانی خوێندن، کە خوێندکار هەڵبژاردون لە دامەزراوەکە (لەگەڵ کۆدەکانیان، ژمارەی کرێدتەکانیان و نمرەکانیان)
- وردەکاری سیستمی نمرەپێدانی دامەزراوەکە.
- زانیاری دابەشکردنی نمرەپێدان بەسەر گروپە دیاریکراوەکان لە دابەشکردنەکەدا
- بەرواری دەرچوون و واژۆی کەسی بەرپرس

دامەزراوەی نێرەر پێویستە بەڵگەنامەی تۆمارەکان بۆ خوێندکار دەستەبەربکات (یان بەڵگەنامە/ داتابەیسی هاوتا)، بەبێ داواکردنی پێداویستی زیاتر لە خوێندکارلە ماوەیەکی گونجاودا. ئەمەش بۆ جەختکردنەوەیە لە ڕونی ئەنجامی دانپێدانان بە ماوەی خوێندنەکە لە دەرەوە.

لە گواستنەوەی خوێندکاراندا بۆ خوێندن، واباشترە کە ئەو بابەتانەی دەبنە جێگرەوە لە بروانامەی زانکۆکەی خۆی لەخۆبگرێت و ژمارەی کرێدتەکانیان (ئەگەر پێویست بوو) و کۆپی وەرگێردراوی ئەو نمرانەی خوێندکار وەریگرتووە لە دەرەوە .

کاتێك کە ماوەی خوێندن لەدەرەوە هەژماردەکرێت، بە گشتی نەك بابەت بە بابەت، دامەزراوەی نێرەر پێویستە تەنها تۆماری ژمارەی یەکەکان بکات، نمرەکانی ناوخۆ (لەو شوێنەی کارپێدەکرێت) و ئەنجامەکانی فێربوون، کە دیاریکراوە بۆ گشت ماوەی گواستنەوە دیاری بکات.

لە حاڵەتی ڕاهێناندا، بەڵگەنامەی تۆمارەکانی دامەزراوەی نێرەر بەلایەنی کەمەوە زانیاری پێویستی تێدایە بۆ بەجێگەیاندنی ڕێکارەکانی هەژمارکردن، کە قبوڵکراون لە ڕێکەوتننامەی فێربوون پێش گواستنەوە. ئەمە لەوانەیە بەخشینی ژمارەیەک کرێدتیو نمرە، هتد. بەجێگیری بهێڵێتەوە.

### ٧,٤ بڕوانامەی ڕاهێنان و جێبەجێکردن

بڕوانامەی ڕاهێنان ئامانجی دەستەبەرکردنی ڕۆشنی و بەدەستهێنانی بەهایەکی گرنگی ئەزمونی کاری خوێندکارە. ئەم دۆکیومێنتە لەلایەن ڕێکخراو/ کۆمپانیای وەرگر دەردەچێت، لە کاتی تەواوکردنی ئەرکی ڕاهێنراو، دەتوانرێت تەواوبکرێت بە بەڵگەنامەکانی تر وەکو نامەی پشتگیرییەکان.

**بڕوانامەی ڕاهێنان و جێبەجێکردن**

**پێکهاتە پێشنیارکراوەکان، بۆناو بڕوانامەی ڕاهێنان:**

- ناوی خوێندکار:
- ناوی ڕێکخراو/ کۆمپانیا:
- ڕیگەی پەیوەندی کردن بە ڕێکخراو/ کۆمپانیا (شەقام، شار، وڵات، ژمارەی مۆبایل، ئیمەیڵ، ناونیشان، وێبسایت)
- جۆری ڕێکخراو/ کۆمپانیا (گشتی/ تایبەت/ کەرتی سێیەم/....)
- کاتی دەستپێکردن و کۆتایهێنانی ڕاهێنان
- وردەکاری پرۆگرامی ڕاهینان و لیستی ئەرکەکان
- زانیاری و کارامەییەکان (هۆشەکی و کارەکی) وتوانستی بەدەست هاتوو (ئەنجامی بەدەستهاتووی فێربوون)
- هەڵسەنگاندنی توانای ئەنجامدانی خوێندکار
- بەرواری دەرچوون، ناو و واژۆی کەسی بەرپرس لە ڕێکخراو/ کۆمپانیای وەرگر.

# سوپاس و پێزانین

ئەم ڕێبەرە لە دوای ئەرکێکی زۆر هاتۆتە بەرهەم، کە لەم ساڵانەی دوایی لە ناو پرۆسەی بۆڵۆنا و وڵاتانی تریش بە ئەنجام گەیەندراوە. زۆر ئەستەم دەبوو ئاماژە بەناوی هەموو ڕێکخراو و ئەو کەسانە بکرێت، کە ڕۆڵیان تێدا هەبووە.

لیژنەی ئەوروپی زۆر بە تایبەتی دەیەوێت سوپاسی ئەندامانی Ad-hoc Working Group بکات، کە لەلایەن وڵاتانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی European Higher Education Area و ڕێکخراوە بەشداربووەکان هەڵبژێردراوە لە بەرامبەر پێداچوونەوەی ڕێبەری بەکارهێنەری ECTS و پشتگیری و پابەندبوونیان:

- Ivan Babyn (Ukraine) Janerik Lundquist (Sweden)
- Tim Birtwistle (United Kingdom) Raimonda Markeviciene (Lithuania)
- Regine Bolter (Austria) Lene Oftedal (Norway)
- Howard Davies (European University John Reilly (United Kingdom)
- Association – EUA) Maria Sticchi Damiani (Italy)
- Béatrice Delpouve (France) Anthony Vickers (United Kingdom)
- Roza Dumbraveanu (Moldova) Nevena Vuksanovic (European Students
- Luc François (Belgium) Union – ESU)
- Volker Gehmlich (Germany) Robert Wagenaar (The Netherlands)
- Nerses Gevorgyan (Armenia)
- Judit Hidasi (Hungary)
- Maria Kelo (European Association for Quality Assurance in Higher Education – ENQA)
- Eliane Kotler (France)
- Sandra Kraze (European Association of Institutions in Higher Educatio - EURASHE)
- Janerik Lundquist (Sweden)
- Raimonda Markeviciene (Lithuania)
- Lene Oftedal (Norway)
- John Reilly (United Kingdom)
- Maria Sticchi Damiani (Italy)
- Anthony Vickers (United Kingdom)
- Nevena Vuksanovic (European Students Union – ESU)
- Robert Wagenaar (The Netherlands)

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ١: فەرهەنگۆك

**Accumulation of credits:** کۆکردنەوەی کرێدیت: بریتیە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی کرێدتە بەخشراوەکان لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوونی بابەتەکانی خوێندن لە ژینگە و چوارچێوەیەکی فەرمیدا، هەروەها بۆ چالاکی تری فێربوون، کە لە چوارچێوەیەکی فەرمی و نیمچە فەرمی ئەنجامدراون. خوێندکارێك دەتوانێت یەکە کۆبکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی (بڕوانامە)، کە لەلایەن دامەزراوەی بەخشەری بڕوانامەکە بە پێویست دانراوە، یان بۆ بە بەڵگەکردنی دەستکەوتە کەسییەکان بۆ مەبەستی فێربوونی ماوەدرێژ و بەردەوام.

**Allocation of credits:** دابەشکردنی کرێدتەکان: بریتیە لە پرۆسەی دانانی ژمارەیەك کرێدت بۆ لێهاتووییەکان و پرۆگرامی بڕوانامەکان، یان تاکە تاکەی بابەتەکانی خوێندن. کرێدتەکان بەسەر تەواوی لێهاتوویەکان یان پرۆگرامەکان دابەشدەکرێن، بە گوێرەی یاسای کارپێکراوی نیشتمانی و لە کوێ شیاو بێت بە گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی لێهاتوویی نیشتمانی و ئەورووپی. ئەو کرێدتانە دابەشدەکرێن بەسەر بابەتەکانی خوێندنی وەك یەکەی کۆرسەکان، نامەکان (ماستەر یان دکتۆرا)، فێربوونی بنچینکراو بە کار، یان ئەزموونی کار. دابەش کرنەکە لەسەر بنەمای دانانی ٦٠ کرێدت بۆ تەواوی ساڵێکی ئەکادیمی، بە گوێرەی ئەرك و کۆشش یان کاری Workloadـی خەملێندراو، کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامە دیاریکراوەکانی فێربوون بۆ هەر بابەتێکی (پەروەردەیی یان خوێندن) ئەنجام دەدرێت.

**Assessment methods:** تەواوی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنە نوسراو و زارەکی و کردارییەکان دەگرێتەوە. هەروەها هەموو پرۆژەکان بۆ فێربوون و ئەنجامدانی کارو وپێشکەش کردنی بابەت (presentation) و (portfolio) دەگرێتەوە، کە بەکاردەهێندرێن بۆ هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونی فێرخواز و دڵنیاییکردنەوە لە بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوونی هەر بابەتێکی خوێندن (یەکە\مۆدیول).

**Assessment criteria:** مەبەست لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنە، کە وەسفی ئەوەی فێرخواز چاوەڕوانی چی لێ دەکرێت ئەنجامی بدات و لە چ ئاستێکیشدا ئەنجامی دەدات، بۆ ئەوەی نمایشی دەستکەوتەکانی ئەنجامی فێربوونەکەی بکات. شێوازەکان و پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی بابەتێکی خوێندن پێویستە دروست و چونیەک بن، لەگەڵ ئەنجامەکانی فێربوون، کە بۆیان دیاریکراون و هەروەها هەر چالاکیەکی فێربوونیش کە ئەنجامدراوە.

**Award of credits:** بەخشینی کرێدتەکان، کرداری بەخشینی ئەو کردێتانەی کە بۆ لێهاتووییەکان (بڕوانامە) و بابەتەکانی خوێندن دیاریکراون بە خوێندکاران و فێرخوازانی تر، ئەمە ئەگەر ئەوان ئەو ئەنجامی فێربوونەی دیاریکراوە بەدەستی بهێنن. کاربەدەستانی نیشتمانی پێویستە دیاری بکەن کە کام لە دامەزراوەکان مافی بەخشینی کرێدتەکانی ECTSـی هەیە. کرێدتەکان بە خوێندکاران دەبەخشرێن لە دوای ئەوەی چالاکی فێربوون و ئەنجامی دیاریکراوی فێربوون بەدەست دەهێنن، کە ئەمەش پشتڕاست دەکرێتەوە بە بەڵگەی هەڵسەنگاندنێکی دروست. ئەگەر خوێندکاران و فێرخوازانی تر ئەنجامی فێربوونیان لە چوارچێوەی تری فەرمی، نیمچەفەرمی، یان

نافەرمی یان لە کاتی دیاریکراودا بەدەست هێنا، دەکرێت کرێدتەکان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و دانپێدانانی ئەو دەرئەنجامی فێربوونەوە بێت، کە بەدەست هاتووە.

**Competence**: توانست یان لێهاتویی لەلایەن چوارچێوەی لێهاتویی ئەوروپی (Framework European Qualifications) پێناسەکراوە وەك توانای بەکارهێنانی زانیاری و بەهرەکان، توانای کەسی، کۆمەڵایەتی یان بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکان لە کاتی کارکردن یان خوێندندا و هەروەها پەرەپێدانی لێهاتوویی و توانستی کەسی دەگرێتەوە. لە چوارچێوەی لێهاتویی ئەوروپی دا توانست و چالاکی وەکو بوونی خاسیەتی بەرپرسیاریەتی و سەربەخۆیی لە کەسێکدا وەسفکراوە.

پەرەپێدانی لێهاتویی و پسپۆڕییەکان ئامانجی هەموو پرۆگرامە پەروەردەییەکانە. لێهاتویی یەکان لە هەموو یەکەکانی کۆرس پەرەیان پێدەدرێت و لە قۆناغە جیاجیاکانی پرۆگرامێک هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. هەندێک لە توانستەکان پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە (تایبەتن بە بوارێکی خوێندن)، هەندێکی تر گشتین (بەربڵاون بۆ هەر کۆسێکی پەیوەست بە بروانامەوە). ئەمە ئاسایی دۆخەکەیە، کە پەرەپێدانی لێهاتویی بە شێوەیەکی تێك-هەڵکێشکراو و بازنەیی بەرەوپێش دەچێت لە تەواوی پرۆگرامێکدا.

**Continuing Professional Development (CPD):** ڕوویەکی خوێندنی ماوەدرێژ هەندێک کات بە گەشەی بەردەوامی پشەیی ( Continuing Professional Development (CPD ئاماژەی بۆ دەکرێت. CDP وەسفی بەهرە و زانیاری و ئەزموونەکان دەکات، کە تاکێك بە فەرمی یان نافەرمی لە کاردا دەستی دەخات و لەسەر لێهاتوویی و ڕاهێنانی سەرەتایی بنیات دەنرێت. بە شێوەیەکی بەرچاو لە پیشە لێهاتویی و پیشەگەرییەکان پێویستی فەرمی هەیە بۆ بەردەوامی دان بە فێربوون و پەرەپێدانی زانیاری، بەهرە و توانستەکان بە درێژایی پیشەکە، ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێکاری و داهێنانی سەردەمیانە بیتەوەو بتوانیت بە سەلامەتی و یاسایی و کاریگەرییەوە، کاربکات. CDP فەرمی کە پێویستییەکی پیشەییە دەسەلمێندرێت و بە بەڵگەش دەکرێت. بە شێوەیەکی دیار، خاوەن کاران لێیان چاوەڕوان دەکرێت کە تۆمارێکی فەرمی دانپێدانراوی CDP تاکیان هەبێت، و ئەنجام بووەتە بەشێکی گرینگیش لە پرۆگرامی خوێندندا.

**Course Catalogue**: (زانیاری کۆرس) بریتیە لە زانیاری ورد و نوێی ڕۆژ دەربارەی ژینگەی فێربوونی دامەزراوەیەك (زانیاری گشتی لەسەر دامەزراوەکە، سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی، هەروەها زانیاری ئەکادیمی لەسەر پرۆگرامەکانی و تاکە تاکەی بابەتی خوێندن)، کە پێویستە بۆ خوێندکاران بەردەست بێت، پێش چوونە ناو پرۆگرامەکە و بە درێژایی ماوەی خوێندنەکەیان، بۆ ئەوەی هاوکاریان بێت لە هەڵبژاردنی ڕاست و بەکارهێنانی کاتەکانیان زۆر بە دانایی و لێهاتوویی.

**زانیاری کۆرس Course Catalogue** پێویستە لەسەر ماڵپەڕی دامەزراوەکە (زانکۆ یان پەیمانگا) بڵاوبکرێتەوە، و بە زمانی نیشتمانی (یان زمانی هەرێمی، ئەگەر گونجاوبێت) و زمانی ئینگلیزی، کە تیایدا ئاماژە بە ناونیشانی کۆرس\بابەتەکان بکرێت، بۆ ئەوەی گشت لایەنە ئارەزوومەندەکان بتوانن دەستیان پێی بگات. دامەزراوەکە ئازادە لە بڕیاردانی شێوەی ڕێکخستنی زانیاریەکان Catalogueـەکە، هەروەها ڕیزکردنی

بابەتەکانی ناویشی. پێویستە زۆر پێشتر بڵاوبکرێتەوە بۆ خوێندکارە چاوەڕوانکراوەکان بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

**یەکەی کۆرس Course Unit** : ئەزموونێکی فێربوونی سەربەخۆیە و بە فەرمی پێکهێندراوە و وا پێویستە، کە ژمارەیەك ئەنجامی فێربوونی چونیەك و ڕونی بۆ دانرابێت، و چالاکی فێربوونی دیاریکراوی هەبێت، کە لەگەڵ کاتی دانراو لەناو پرۆگرامی خوێندندا چونیەك بن و پێوانەی هەڵسەنگاندنی دروستیشی هەبێ.

**Credit (ECTS)**: کرێدتەکانی/یەکەکانی ECTS گوزارشت لە قەبارەی فێربوون دەکەن، کە لەسەر ئەنجامی فێربوونی دیاریکراو و ئەرك و کۆششی Workloadـی پێویست بەو ئەنجامانە هەڵچنراون. ٦٠ کرێدتی ECTS تەرخانکراوە بۆ ئەنجامەکانی فێربوون و ئەرك و کۆششی Workloadـی پێویست بۆ تەواوی ساڵێکی ئەکادیمی یان هاوتای ئەو، کە ئاسایی لە ژمارەیەک بابەتی خوێندن پێکدێت، کە کرێدتیان (لەسەر بنچینەی ئەنجامەکانی فێربوون و ئەرك و کۆشش Workload) بۆ تەرخان کراوە. کرێدتەکانی ECTS بە ژمارەی تەواو دەنوسرێن.

**Credit mobility**: گواستنەوەی کرێدیتەکانی خوێندکارێکی ئاڵوگۆڕکراو، کە لە دامەزراوەی وەرگر بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە، لەم ماوەیەدا ئەو خوێندکارە دەتوانێت چالاکی ئەنجامبدات و کرێدتی ئەکادیمی پێ ببەخشرێت، پاشان دەبێت لەلایەن زانکۆی سەرەکییەوە ئەو کرێدتانە دانیان پێدابنرێت و هەژماربکرێن.

**Credit transfer**: پرۆسەیەکە ڕێگە دەدات بە دانپێدانان و هەژمارکردنی کرێدتی بەخشراو لە لایەن دەستەیەکی خوێندنی باڵاوە، کە وەك پێداویستی پرۆگرامێك و بەدەستهێنانی لە دامەزراوەیەکی تر دادەنرێت؛ یان ڕێگە دەدات بە بەکارهێنانی کرێدتی بەدەست هاتووی پرۆگرامێکی تایبەت وەك پێداویستی بۆ پرۆگرامێکی تری جیاواز.

**Cycle**: یەکێک لە ئامانجەکانی ڕاگەیەندراوی بۆلۆنا Bologna Declaration ی ساڵی ١٩٩٩. بریتی بوو لە بەکارهێنانی سیستەمێك، کە خوێندن تێیدا پۆلێن کرابێت بۆ دوو خولی سەرەکی؛ خوێندنی زانکۆیی (بەکالۆریۆس) و خوێندنی باڵا (ماجستێر و دواتر) Undergraduate و Graduate. لە ساڵی ٢٠٠٣ خوێندنی دکتۆراش لە پێکهاتەی بۆلۆنا زیادکرا و وەکو خولی سێیەم ئاماژەی بۆ کرا. بەمشێوەیە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی (European Higher Education Area) پلەبەندی ئەو سێ خولەی خوێندنی باڵای دیاریکرد، وەك (خولی یەکەم، خولی دووەم و خولی سێیەم). گشت پسپۆڕی و لێهاتوویەکانی خوێندنی باڵا لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی لەو سێ خولەدا خۆیان دەبیننەوە.

**Cycle (Level) Descriptors**: بریتیە لە زانیاری گشتی دەربارەی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بۆ هەر یەك لە سێ خولەکانی خوێندن. نمونەیەکی باش بۆ جیاکەرەوەی خولێکی (ئاستێکی) گشتی Cycle (Level) Descriptor ئەوانەن کە پێیان دەگوترێت جیاکەرەوەکانی دەبلَن (Dublin Descriptors)، کە وەکو یەکێك لە پێکهاتە بنچینەییەکان (لەگەڵ ECTS) خزمەتی کردووە بۆ چوارچێوەی پسپۆڕی ولێهاتووییەکان لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی Framework for Qualification in European Higher Education Area.

**Degree mobility**: بریتیە لە ئاڵوگۆڕی فێربوون (خوێندن) بۆ مەبەستی بڕوانامە، تەنانەت ئەگەر بەشێکی پڕۆگرامەکەش لە دەرەوە وەربگیرێت، بۆ نمونە، لە پڕۆگرامێکی بەیەکەوە پێشکەشکراو یان بڕوانامەیەکی بە هەماهەنگی بەخشراو (Mapping University Mobility Project, 2015).

**Degree programme**: مەبەست لێی کۆمەڵێك بابەت و چالاکی فێربوونە، کە دەبنە بنەما بۆ بەخشینی بڕوانامەی پسپۆڕی بە خوێندکارێك لە دوای بە سەرکەوتوویی تەواوکردنی هەموو پێداویستی و داواکارییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکە.

**Diploma Supplement**: پاشکۆی بەڵگەنامەیەکە، کە وەکو پاشکۆ لەگەڵ بڕوانامەیەکی خوێندنی باڵا هاوپێچ دەکرێت و تێیدا وەسفێکی ستانداردی سروشتی و ئاست و چوارچێوە و ناوەڕۆک و دۆخی ئەو خوێندنانەی لەلایەن هەڵگرەکەیەوە تەواوکراون، دەخرێتە ڕوو. ئەو بەڵگەنامەیە لەلایەن دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دروست دەکرێت بە گوێرەی ستاندارده قبوڵکراوەکانی لیژنەی ئەورووپی European Commission و ئەنجومەنی ئەورووپی Council of Europe و یونسکۆ. هەروەها پاشکۆی دیپلۆما یەکێکە لە ئامرازەکانی دروستکردنی چوارچێوەی ڕۆشنیەتی Europass[15].

**ئەم (٨) زانیاریانەی خوارەوە لە خۆی دەگرێت:**

- هەڵگری لێهاتووییەکە (بڕوانامەکە)
- لێهاتوویی (بڕوانامە)
- ئاست و ئەرکی
- ناوەڕۆک و ئەنجامە بەدەستهاتووەکان
- بڕوانامەی ئەو پاشکۆیە
- وردەکارییەکانی سیستەمی نیشتمانی خوێندنی باڵای بایەخدار (لەلایەن سەنتەری زانیاری ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ دانپێدانان National Academic Recognition Information Centres (NARICs)) دابین کراون.
- هەر زانیاریەکی زیاتری پەیوەستدار

دەرچووانی هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە پرۆسەی بۆلۆنا بەشداری دەکەن، ڕاستەوخۆ مافی وەرگرتنی Diploma Supplement یان هەیە، بە خۆڕایی و بە زمانێکی سەرەکی ئەورووپی.

**Dublin Descriptors**: جیاکەرەوەکانی دەبلن، واتە جیاکردنەوەی خولەکان (یان جیاکەرەوەی ئاستەکانن) لە (٢٠٠٣) پێشکەشکران و لە (٢٠٠٥) بەکاردەهێنرێن وەکو چوارچێوەی جیاکردنەوەی پسپۆڕییەکان Qualifications Framework بۆ ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپی EHEA . ئەوانە بۆ هەر ئاستێك زانیاری گشتگیر لەسەر توانا و دەستکەوتی چاوەڕوانکراو لە دوای وەرگرتنی بڕوانامە پێشکەش دەکەن و ئاماژە بە کۆتایی هەر خولێک یان ئاستێکی بۆلۆنا دەکەن. جیاکەرەوەکان لە ڕووی ئاستی توانستەوە باسکراون، نەك

[15] مەبەست لە Europass ئەو (٥) بەڵگەنامانە دەگرێتەوە، کە لە ئەورووپا بەکاردەهێنرێن بۆ دۆزینەوەی کار.

ئەنجامی فێربوون، هەروەها هۆکارن بۆ جیاوازیکردن لە نێوان خولە جیاوازەکان بەشێوەیەکی فراوان و گشتی. جیاکەرەوەی ئاست Level Descriptor ئەم پێنج بەشە لەخۆی دەگرێت:

- زانیاری و تێگەیشتن
- بەکارهێنانی زانیاری و تێگەیشتن
- بڕیاردان
- توانای پەیوەندی کردن
- بەهرەکانی فێربوونی ماوەدرێژ

**Erasmus+:** پرۆگرامی یەکێتی ئەوروپی بۆ پەروەردە، ڕاهێنانی گەنجان و وەرزش بۆ ساڵانی ( ٢٠١٤-٢٠٢٠) (Regulation (EU) No 1288/2013).

**(ECTS)European Credit Transfer and Accumulation System:** سیستەمێکە بۆ دابەشکردن و تەرخانکردن و گواستنەوەی کرێدت، کە فێرخواز تێیدا چەقە و لەسەر بنەماکانی شەفافیەت لە فێربوون و وانەبێژی و پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن دامەزراوە. ئامانج لێی ئاسانکاری پلاندانان و گەیاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئاڵوگۆڕی خوێندکارە بە دانپێدانان و هەژمارکردنی دەستکەوتەکانی فێربوون و لێهاتووییەکان و ماوەی فێربوونەکە.

**(ECVET) European Credit System for Vocational Education and Training:** سیستەمی ئەوروپی کرێدیت بۆ خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی ئامانجی ڕێگەپێدانە بە گواستنەوە و دانپێدانان و دابەشکردنی ئەنجامەکانی فێربوون بۆ بەدەستهێنانی پسپۆری. سیستەمێکی لامەرکەزییە و پشت دەبەستێت بە بەشداری خۆبەخشان لە ئەندامانی وڵات و پشکدارانی ڕاهێنانی پیشەیی و ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێسا نیشتمانییەکان. چوارچێوەیەکی شێوازی دەدات بە وەسفکردنی لێهاتووییەکان لە ڕووی ئەنجامەکانی فێربوون بە بەکارهێنانی یەکەکان، ڕێگەپێدان بە تەرخانکردنی ئەو پۆینتانەی کە توانای گواستنەوەیان هەیە بۆ ئەندامانی دەوڵەت بە بوونی پەروەردە (خوێندنێکی) جیاواز و چوارچێوەکانی لێهاتوویی. ECVET بە ڕێکەوتن لە نێوان هاوبەشان دامەزراوە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆشنیەتی لێهاتوویی و متمانەی پشکداری دوولایەنە.

**Educational Component:** چالاکیەک یان بابەتێکی فێربوونی سەربەخۆیە و بە فەرمی پێکهێندراوە و لە شێوەی (یەکەی کۆرس، مۆدیول، ڕاهێنان یان ئەزموونی کار) دەردەکەوێت.

**Europass Mobility**: دەستەیەکی پێنج بەڵگەنامەییە، ( Curriculum Vitae, Language Passport, Europass Mobility, Certificate Supplement, Diploma Supplement) کە ئامانج لێی خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئاسان و ڕوونی بەهرە و لێهاتووییەکانە لە ئەوروپا. Europass Mobility بەڵگەیەکە بۆ تۆمارکردنی زانیاری و بەهرەی بە دەستهاتوو لە وڵاتێکی تری ئەوروپی، پڕدەکرێتەوە لەلایەن دامەزراوە بەشداربووەکان لە ئاڵوگۆڕی تاکێك (دامەزراوەی نێرەر و وەرگر).

**EHEA)(European Higher Education Area) ):** واتە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی کە لە یادی دە ساڵەی دامەزراندنی پرۆسەی بۆڵۆنا ڕاگەیاندرا، لە کۆنگرەی وزاری بوداپێست-ڤییەننا لە مانگی ئازاری ساڵی

۲۰۱۰. بە مەبەستی زیادکردنی ئامانجە سەرەکیەکانی پرۆسەی بۆلۆنا لە دەسپێکییەوە واتە لە ساڵی (۱۹۹۹)، مەبەست لە پێکهێنانی EHEA بۆ جەخت و دڵنیاییکردنەوەیە لەدامەزراندنی سیستەمێکی بەراوردی و گونجاوی چونیەك و سەرنجراکێش بۆ خوێندنی باڵا لە ئەوروپا.

**(EQF) European Qualifications Framework for Lifelong Learning:** چوارچێوەی لێهاتویی ئەوروپی بۆ خوێندنی بەردەوام سیستەمێکی سەرەکی ئەوروپی گشتیە، کە ڕێگە بە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپی دەدات بە بەستنەوەی سیستەمەکانی دابەشکردنی پسپۆرییەکانیان بە یەکتری. لەلایەن پەرلەمان و ئەنجومەنی ئەوروپی لە ۲۳ی ٤ی ۲۰۰۸ بڕیاری لەسەر دراوە. چوارچێوەی لێهاتویی ئەوروپی هەشت ئاستی سەرەکی بەکاردەهێنێت بەپشت بەستن بە ئەنجامەکانی فێربوون، کە لە ڕووی زانیاری و بەهرە و توانستەوە دیاریکراون. لەم سیستمەدا ئاراستەی بایەخدان بە شوێن و جۆری خوێندنەکە (ماوەی ئەزموونێکی فێربوون، جۆری دامەزراوەکە) دەگۆڕێت بۆئەوەی کە کەسێک بروانامەیەکی بەدەستهێناوە، چی دەزانێت و دەتوانێت چی بکات بە ڕاستەقینە. ئەمە وا دەکات کە پسپۆریەکان لە سەرتاسەری وڵاتان و سیستەمەکان لە یەکێتی ئەوروپا تێگەیشتنیان ئاسان بێت و باشتر بخوێندرێنەوە.

**Flexibility**: ئاماژەیە بۆ ئەو هەنگاوانەی کە لە ڕێگەیانەوە بەندی یاسای (یاسا کارپێکراوەکان) خوێندنی باڵا زیاتر دەگونجێندرێن. بیرۆکەی دوای ئەم چەمکە بریتییە لە کردنەوەی خوێندنی باڵا بە ڕووی خەڵکی زیاتر و زیاترکردنی گونجاویەتی بۆ فرەژیانی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان. هەروەها پەیوەندیشی بە گونجاندن لە دارشتنی پرۆگرامەکان\پرۆگرامی خوێندن و شێوەکانی فێربوون و وانەبێژییەوە هەیە.

**Formal learning**: بریتیە لە خوێندن و فێربوون، کە بەشێوەیەکی ئاسایی دابین دەکرێت لە لایەن دامەزراوەیەکی پەروەردەو فێرکردن یان ڕاهێنان، و وا ڕێکخراوە (لە ڕووی ئامانجەکانی فێربوون، کاتی فێربوون یان پشتگیری فێربوون) کە بەرەو بە دەست هێنانی بڕوانامە هەنگاودەنرێت. فێربوونی فەرمی لە تێڕوانینی فێرخوازەوە ئامانجێکی دیاری کراوی هەیە.

**(QF-EHEA) Framework for Qualifications of the European Higher Education Area:** لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپیدا EHEA چوارچێوەی لێهاتوویەکان (پسپۆرییەکان) لە دوو ئاستدا خۆیان دەبیننەوە. چوارچێوەیەکی گشتگیر (QFEHEA) کە لە ساڵی(۲۰۰۵) ڕێکەوتنی لەسەرکراوە و هەموو وڵاتانی ئەندامیش پابەندی خۆیان بە پەرەپێدانی چوارچێوە نیشتمانییەکان بۆ لێهاتویی دەربڕیوە، کە لەگەڵ ئەو چوارچێوە گشتگیرەدا بگونجێن.

چوارچێوەیەکی لێهاتویی نیشتمانی بۆ خوێندنی باڵا، گشت لێهاتوویەکان لە سیستەمێکی خوێندنی باڵا یەک دەخات. ئەو چوارچێیوەیە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی خوێندن دەخاتەڕوو بۆ پسپۆڕیەکی دیاریکراو و پیشانیدەدات کە چۆن خوێندکاران دەتوانن لە نێوان پسپۆڕییەکان بجوڵێن و ئاڵوگۆڕبکەن.

ئامانجی QF-EHEA، بریتییە لە ڕێکخستنی پسپۆڕییەکانی خوێندنی باڵا بۆ ناو چوارچێوەی لێهاتوویی گشتگیر و فراوانی ئەوروپی. لەناو ئەو چوارچێوەیە، پسپۆڕیەکان بە گوێرەی ئاستی ئاڵۆزی و سەختی (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) دیاریکراون.

QF-EHEA چوار خولی سەرەکی دیاریکردووە، کە لەلایەن جیاکەرەوەکانی دوانەیی وەسفکراون. ئەوانە بۆ هەر ئاستێك زانیاری گشتگیر لەسەر توانا و دەستکەوتی چاوەڕوانکراو لە دوای وەرگرتنی بڕوانامە پێشکەش دەکەن، و ئاماژە بە کۆتایی هەر خولێک یان ئاستێکی بۆلۆنا دەکەن. هەروەها خولەکانی یەکەم و دووەمیش بە ژمارەی کرێدتەکان تایبەتمەندکراون.

**Free mover**: خوێندکارێک دەگرێتەوە، کە بەشداری لە ئاڵوگۆڕی یەکە دەکات لە دەرەوەی پرۆگرامێکی ڕێکخراوی ئاڵوگۆڕی خوێندکاران (بۆ نمونە ئیراسموس پڵەس). ئەو خوێندکارە دامەزراوەیەکی خانەخوێ هەڵدەبژێرێت و ئاڵوگۆڕی یەکەی خۆی لە دامەزراوەکەدا ڕێکدەخات.

**Grade distribution table:** خشتەکانی دابەشکردنی نمرە ئەوە پێشان دەدەن کە چۆن پێوەرە نیشتیمانی و زانکۆییەکان لەو دامەزراوەیە بەکار دەهێندرێت -ئایا بە شێوەی دەستگەیشتنی کراوە یان سیستەمی هەڵبژێردراو – چۆن بەراورد دەکرێن لەگەڵ دابەشکردنی ئاماری نمرەکان لە گروپێکی هاوتەریبی دامەزراوەیەکی تر. ئەو نمرانە دابەشکاری ئاماری نمرە ئەرێنییەکان دەکەن (دەرچوون و بەرەو سەرەوە) کە لە هەر بوارێکی خوێندن لە دامەزراوەیەکی دیاریکراودا بەخشراون.

**Informal learning**: فێربوونێک لە ئەنجامی چالاکی ڕۆژانەی سەرکار، خێزانی یان بۆ خۆشی کە ڕێکخراو و سیستماتیک نین لە ڕووی ئامانج و کات یان هاریکاریکردنی فێربوونەوە؛ لەوانەیە بەبێ مەبەست بێت بە پێی بۆچوونی فێرخواز؛ نمونەی ئەنجامی فێربوونی بەدەستهاتوو لەڕێگەی فێربوونی نافەرمییەوە بریتین لە: ئەو بەهرانەی کە لەڕێگەی ئەزموونی ژیان و کارەوە بە دەست هاتوون، بەهرەی بەڕێوەبردنی کار، بەهرەی تەکنەلۆژیای زانیاری بەدەستهاتوو لە کارکردندا، زمانە فێربووەکان، بەهرەی ئاڵوگۆڕی کەلتوری بەدەست هاتوو، لە کاتی مانەوەی لە وڵاتێکی تر، بەهرەی تەکنەلۆژیای زانیاری بە دەست هاتوو لە دەرەوەی شوێنی کار، بەهرەی بەدەست هاتوو بە هۆی کاری خۆبەخشی، چالاکی کەلتوری، وەرزشی، کاری گەنجانە، هەروەها لەڕێگەی چالاکی ماڵەوە، بۆ نمونە، چاودێریکردنی منداڵێك (Council Recommendation 2012/C 398/01).

**Joint degree**: تاکە بەڵگەنامەیە، کە لە لایەن دەمەزراوەکانی خوێندنی باڵاوە پێشکەش دەکرێت و ئۆفەری پرۆگرامێکی هاوبەشی دەکەن بە دوو زانکۆ، و لەسەر ئاستی نیشتمانی باوەڕپێکراون بە بڕوانامەی متمانەپێکراو بۆ ئەو پرۆگرامە هاوبەشە ناسراوە (EQAR, 2015).

**Joint programme**: پرۆگرامێکی یەکخراوە بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەلایەن دامەزراوەی جیاوازی خوێندنی باڵاوە پێشکەش دەکرێت و دەبێتە هۆی بەدەسهێنانی بڕوانامەی دووانە یان فرە بڕوانامە یان بڕوانامە بە هاوبەشی.

**Learner:** تاکێکە کە لە پرۆسەیەکی خوێندندا بەشدارە، ئینجا ئەو خوێندنە فەرمی، نیمچەفەرمی یان نافەرمی بێت. خوێندکاران و فێرخوازن لە پرۆسەیەکی فەرمی فێربووندا بەشدارن.

**Learning Agreement**: ڕێکەوتنێکی فەرمیی ئەو سێ لایەنەیە، کە لە ئاڵوگۆڕی خوێندکاران بەشدارن – خوێندکار، دامەزراوەی نێرەر، دامەزراوەی وەرگر یان کۆمپانیا\ڕێکخراو – بۆ ئاسانکاری ڕێکخستنی

ئاڵوگۆڕی کرێدت و دانپێدانانیان. ڕێکەوتنەکە پێویستە لەلایەن هەرسێ لایەنەکە پێش دەسپێکی ماوەی ئاڵوگۆڕەکە واژۆبکرێت و ئامانج لێی پێدانی ڕەزامەندییە بە خوێندکار، کە ئەو کرێدتانەی بەسەرکەوتووی لە ماوەی ئاڵوگۆڕەکەدا بەدەستیان دەهێنێت دانیان پێدادەنرێت و هەژماردەکرێن.

**Learning mobility**: ئاڵوگۆڕی خوێندن بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەوە دەگەیەنێت خوێندکار\فێرخواز خۆیی دەچێتە دامەزراوەیەك لە وڵاتێکی تر بۆ بەشێک یان تەواوی پرۆگرامێکی خوێندن. زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕە لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی پلان بۆ دانراو و ڕێکخراوەوە ڕوودەدات. ئاسایی یەکەکانی ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕانە لەلایەن دامەزراوەی نێرەرەوە دانیان پێدانراوە و هەژماردەکرێن.

هەروەها ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئاڵوگۆڕی سەربەست Free Mover هەیە، کە پشت بە دەستپێشخەری کەسی خۆیان دەبەستن.

لەگەڵ چوونی خوێندکارەکە خۆی بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕ، شێوەیەکی بەرچاو و شیاوی تر بۆ فێرخوازان، بەشداری کردنە لە ئاڵوگۆڕێکی ناڕاستەقینە (بڕوانە بەشی کۆتایی ئەم فەرهەنگۆکە). هەروەها دەکرێت ئەمیش لە ڕێگەی پرۆگرامی هاوبەش یان بەشداری پێکراو و ڕێکخراوەوە بێت، یان لەڕێگەی زانکۆ کراوەکان، سەرچاوەکانی خوێندنی کراوە، MOOC (بڕوانە پەڕی دواتر لەم فەرهەنگۆکەکە) یان بابەتی تری خوێندنی ئۆنلاین.

**Learning outcome**: بریتیە لە ڕاگەیاندراوی ئەوەی کە فێرخواز چی دەزانێت، چی تێدەگات، هەروەها توانای چی هەیە بیکات، لەدوای تەواوکردنی پرۆسەیەکی خوێندن. بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون پێویستە هەڵبسەنگێنرێن بە چەند ڕێکارێك لەسەر بنەمای پێوەری ڕوون و ڕۆشن. ئەنجامەکانی فێربوون دەدرێنە پاڵ تاکە تاکەی بابەت و چالاکیەکانی خوێندن و پرۆگرامەکانیش بە گشتی. هەروەها لە چوارچێوەی لێهاتوویی ئەوروپی و نیشتمانی بۆ وەسفکردنی ئاستی لێهاتووی تاکەکانیش بەکاردەهێندرێن.

**Learning pathway**: ڕێگەیەکە لەلایەن فێرخوازەوە دەگیرێتە بەر، کە بواردەدات بە دروستکردن و بنیاتنانی زانیاری بە شێوەیەکی پێشکەوتوو و بەدەستهێنانی توانستی خوازراو. Learning pathway وەکو ڕێنیشاندەر لە ڕێگەی ڕێنمایی و ڕێساکانی دامەزراوە (بە لە خۆگرتنی خوێندن و ئەزموونی پێشتری دانپێدانراو) و شێوازی جیای فێربوون، دەکرێت ببێتە هۆی بەخشینی هەمان لێهاتوویی (بڕوانامە). لە ناوەڕۆکدا، چەمکی "learning' pathway جەخت لە بژاردەی خوێندکار دەکاتەوە بە گەیشتن بە ئامانجێکی پەروەردەیی خوازراو.

**Level descriptors**: لە بەشی'Cycle (Level) Descriptors' و' Dublin Descriptor' لەسەر ئەم بابەتە بخوێنەوە.

**Lifelong learning**: گشت چالاکیەکی فێربوون دەگرێتەوە، کە بە درێژایی ژیان ئەنجام درابن، بە ئامانجی باشکردنی زانیاری و بەهرە و توانستەکان لە ڕوانگەی کەسی، شارستانی، کۆمەڵایەتی، یان پەیوەستدار بە دامەزراندن. (Communication (2001) 678).

ئەو پڕۆگرام و خزمەتگوزاریانەی کە بەشدارن لە فێربوونی ماوەدرێژ (بە درێژایی ژیان) لە چوارچێوەی کەرتی خوێندنی باڵادا، دەکرێت پرۆگرامی ئاسایی، بەردەوامیدان بە خوێندن، خوێندنی ئێواران، پرۆگرامی تایبەت بە خوێندنی پچڕ پچڕ Part-Time، دەستگەیشتن بە کتێبخانەکان\ سەرچاوەکانی دامەزراوەی خوێندنی باڵا، خوێندن لە دوورەوە، کۆرسی ڕاهێنان، ڕێنمایی ئامانجدار و خزمەتگوزاری ڕاوێژکردن لە ناو کردار و دەستپێشخەرییەکانی تردا لە خۆبگرێت.

**(MOOCs)Massive Open Online Course:** کۆرسێك یان چەند کۆرسێکی کراوەی خوێندنی ئۆنلاینە و ژمارەیەکی یەکجار گەورەی خەڵك تێیدا بەشدار دەبن، خۆ تۆمارکردن خۆڕاییە، هەروەها بە شێوەی ئۆنلاین (لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە) دەگەیەندرێن و بە شێوەیەکی ئاسایی بە پشتگیری هاوبەشێك، یان خودی کەسەکە خۆی ئەنجام دەدرێن.

**Mobility window**: پەنجەرەی ئاڵوگۆڕ ئاماژەیە بۆ ئەو ماوەیە کە بۆ ئاڵوگۆڕی خوێندکاری نێودەوڵەتی تەرخانکراوە، و خراوەتە ناو پرۆگرامی خوێندن (Ferencz et al., 2013).

**Module**: بابەتێکی خوێندنە لە سیستەمێکدا و بەزۆری هەر بابەتێك هەمان ژمارەی کرێدیت یان چەند ئەوەندەی بۆ دادەنرێت.

**(NQF) National Qualifications Framework**: ئامرازێکە بۆ پۆلێنکردنی پسپۆڕییەکان بەگوێرەی کۆمەڵێك پێوەر بۆ ئاستی دیاریکراوی خوێندنی بەدەستهاتوو. ئامانج لێی تێکهەڵکێشکردن و هەماهەنگی دروستکردنە لە نێوان سیستەمە لاوەکیەکانی ناوخۆیی و باشکردنی ڕۆشنی و دەستگەیشتن و بەرەوپێشچوون و جۆرایەتی (کوالێتی) پسپۆڕییەکانە بۆ ئەوەی پەیوەندار بن بە بازاڕی کار و کۆمەڵگەی شارستانی ( Council Recommendation 2012/C 398/01).

چوارچێوەی دابەشکردنی پسپۆڕییە نیشتمانییەکان هەموو پسپۆڕیەکان دەگرێتەخۆی، یان هەموو پسپۆڕییەکانی خوێندنی باڵا بە گوێرەی ئەو سیاسەتەی وڵات بایەخی پێدەدات لە سیستەمی پەروەردەدا. ئەو چوارچێوەیە، ئەوە پیشان دەدات کە چی چاوەڕێ بکرێت لە خوێندکارێك لەوەی کە فێری بووە، تێی دەگات و دەتوانێ ئەنجامی بدات بەپێی پسپۆڕیەکەی (ئەنجامەکانی خوێندن)، وە هەروەها ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە چۆن ئەو پسپۆڕیانە بەیەکەوە بەستراونەوە، واتە چۆن فێرخوازان دەکرێت پسپۆڕیەکانیان بگۆڕن لە سیستەمێکی خوێندن وپەروەردەدا.

چوارچێوەی دابەشکردنی پسپۆڕییە نیشتمانییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی گشتی شارەزا لەو وڵاتەی کە بایەخی هەیە دروست دەکرێت، بە هاوکاری لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر لە پشکداران لە نێوانیاندا دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، خوێندکاران، دەستە و خاوەنکاران بەرەوپێش دەبرێت.

**Non-formal learning**: فێربوونێکە کە لەڕێگەی چالاکی پلان بۆ دانراو ڕوودەدات (بە پێی ئامانجی فێربوون، کاتی فێربوون)، کە تێیدا هەندێک ئاسانکاری بۆ فێربوون بەردەست دەبێت (بۆ نمونە، پەیوەندی نێوان فێرخواز- مامۆستا) ؛ لەوانەیە ئەو پرۆگرامانە بگرێتەوە، کە تێیاندا دەکرێت شارەزایی کار، خوێندەواری پێگەیشتووان و خوێندنی بنەڕەتی بۆ ئەوانەی زوو واز لە خوێندن دەهێنن، بگوازرێتەوە. حاڵەتی بەربڵاوی

خوێندنی نیمچە فەرمی ڕاهێنانی ناو کۆمپانیاکانە، کە لە ڕێگەیەوە کۆمپانیاکان بەهرەی فەرمانبەرانیان باشتر و نوێدەکەنەوە لە بواری کارامەییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، فێرکردنی ئامادەکراو لەڕێی ئینتەرنێت (بۆ نمونە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە پەروەردەییە کراوەکان)، هەروەها ئەو کۆرسانەشی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکدەخرێن بۆ ئەندامانیان و ئەو گروپانەی کە ئامانجیان یان بۆ خەڵک بە گشتی.

**(OER)Open Educational Resources:** سەرچاوە کراوەکانی خوێندن، ئەو ماددانەی خوێندن دەگرێتەوە، کە بە ئەلیکترۆنی کراون و بە شێوەی بێ بەرانبەر و بە کراوەیی پێشکەش بە فێرخوازان و خوێندکاران و خۆ-فێرکاران دەکرێن، بە مەبەستی بەکارهێنان و دووبارە بەکارهێنانەوەیان بۆ فێرکردن، فێربوون و توێژینەوە؛ ئەو ماددانە ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن و بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ پەرەپێدان، بەکارهێنان و دابەشکردنی ناوەڕۆك و هەروەها بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە، وەك مۆڵەتە کراوەکان (open license)؛ سەرچاوە کراوەکانی خوێندن بابەت و ماددە دیجیتاڵییە کۆکراوەکانیش دەگرێتەوە، کە دەتوانرێت بگونجێندرێن و سود ببەخشن بەبێ سنوردارکردنی تواناکانیان بۆ ئەوانی تر بۆ ئەوەی چێژیان لێ وەربگرن.

**(educational) Programme**: کۆمەڵێك بابەتی خوێندن دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی فێربوون دانراون و دانیان پێدادەنرێت و هەژماردەکرێن لە بەخشینی لێهاتوویيەك (بڕوانامە).

**Progression**: ئەو پرۆسەیەیە، کە یارمەتی فێرخوازان دەدات بە پەڕینەوە لە قۆناغێکی خوێندن بۆ قۆناغێکی تر بۆ دەستگەیشتن بە بابەتەکانی تری خوێندن بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ پسپۆڕیەکە لەسەر ئاستێکی باڵا لە چاو ئەوانەی کە پێشتر خوێندراون.

**Progression rules**: کۆمەڵە یاسایەکن، کە مەرجەکانی بەرەوپێشچوونی فێربوون دیاریدەکەن، لە ناو لێهاتوویيەکان و بەرەو ئاستێکی تری لێهاتوویان دەبات .

**Qualification**: هەر بڕوانەمایەک، دیپلۆمێک یان بڕوانامەیەکی تر دەگرێتەوە کە لەلایەن بەرپرسانی پسپۆڕ دەرکراوە و دەیسەلمێنێت کە پرۆگرامێکی خوێندنی دانپێدانراوەتمانە پێبەخشراو بە سەرکەوتووی تەواوکراوە.

**Quality assurance** دڵنیایی جۆری: پرۆسەیەکە یان کۆمەڵە پرۆسەیەکن، لەسەر ئاستی نیشتمانی و دامەزراوەیی ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە بۆ دڵنیایی کردنەوەی جۆرایەتی پرۆگرامە پەروەردەییەکان و ئەو لێهاتووییانەی لە ڕێگەیانەوە بەدەست دەهێنرێن.

پێویستە دڵنیایی جۆری، دڵنیایی لە ژینگەیەکی فێربوون بدات، کە تێیدا ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان، هەلەکانی فێربوون و ئاسانکارییەکان بۆ ئەم مەبەستە گونجێندراون. بە زۆری دڵنیایی جۆری لە چوارچێوەی خولێکی بەردەوامی چاکسازی (واتە، دڵنیایی و چالاکی چاکسازی) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

**(academic recognition)Recognition:** دانپێدانان (دانپێدانانی ئەکادیمی): بریتییە لە داننان و هەژمارکردنی وەرزەکان و بەڵگە و بڕوانامەکان لە نێوان دامەزراوە خۆماڵی و بیانییەکانی خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت درێژە بە خوێندن بدات. دانپێدانانی ئەکادیمی دەتواندرێ بۆ هەلی کار لە دامەزراوەکان یا بۆ هەلی کار لە بازاری کار سودی لێوەربگیرێ.

سەبارەت بە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپی، دەتوانرێت دانپێدانانەکە لە سێ ئاستی سەرەکی و بەڵگەنامە هاوپێچیکراوەکانیان (ئەوانەی کە پێشنیارکران لە کۆنفرانسی لیشبۆنە و ڕاگەیەنراوی بۆڵۆنا) بکرێت، کە بریتین لە:

1. دانپێدانانی پسپۆڕیەکان؛ کە فێربونی پێشوەختەو ئەزمونی پیشەیی لەخۆدەگرێت و یارمەتیدەردەبێ بۆ چونە نێو خوێندنی باڵاوە.
2. دانپێدانانی خوێندنی ماوە کورتی تایبەت بە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی خوێندکاران بە جۆرێک، کە وەك مەرجی سەرەکی بە سیستمی گواستنەوەی کرێدتی ئەورووپی (ECTS) ئاڵوگۆر کرابێت.
3. دانپێدانانی بڕوانامەی تەواو بە هەبوونی پاشکۆی بەڵگەنامەکان.

**Recognition of credits**: دانپێدانان و هەژمارکردنی کرێدت؛ بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لەڕێگەیەوە دامەزراوەیەك بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون پشڕاست دەکاتەوە بەوەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجامدراوە و بەشی پێداویستیەکان و لێهاتووییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی دیاریکراو دەکەن .

**Recognition of non-formal and informal learning**: داننان بە فێربونی نافەرمی؛ بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لەڕێگەیەوە دامەزراوەیەك بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربوون پشراست دەکاتەوە، بەوەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجامدراوە و بەشی پێداویستیەکان و لێهاتووییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی دیاریکراو دەکەن.

**Recognition of prior learning and experience**: داننان و هەژمارکردنی فێربون و ئەزمونی پێشینە؛ بریتیە لە ڕاستاندن و پشتراستکردنەوەی ئەنجامەکانی فێربوون، چ لە دامەزراوە فەرمییەکان یا نافەرمییەکان بەدەستهێنراون بەر لە داواکردنی ڕاستاندنەکە.(Council Recommendation 2012/C 398/01)

**Recognition of professional qualifications**: داننان بە بڕوانامە فەرمییەکان؛ فەرمانی (٢٠٠٥/٣٦/ EC) یاسای ڕێگەپێدانی کارکردنی لە پیشەیەکی ئاساییدا لە حاڵەتی هەبونی بڕوانامە پیشەییەکان بۆ دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا جێگیرکردوە. فرمانەکە ئەوە دیاریدەکات، کە دەوڵەتی ئەندام داندەنێت بە بڕوانامەی پیشەیی بەدەستهێنراو لە وڵاتێکی تری ئەندام بە جۆرێك کە هەڵگری بڕوانامەکە هەمان دەرفەتی دەبێ بۆ بەدەستهێنانی هەمان پیشە یا خوێندن و بڕوانامەکەی دانپێداندراو هاوشێوەی وڵاتی خۆی دەبێ.

دانپێدانان بە بڕوانامەی پیشەی لە وولاتی خانەخوێی ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپا هەلی کارکردن بۆ کەسی سوودمەند دەڕەخسێنیت بە هەمان مەرج و ڕێکارەکان هەروەك چۆن لە وولاتی خۆی بۆ دەسخستنی ئەو پیشەیە بۆی فەراهەم دەکرێت بە پێی فرمانی ٢٠٠٥/٣٦ /EC

**Student**: فێرخواز یا خوێندکار کەسێکە، کە لە پرۆگرامێکی خوێندن ناوی تۆمار دەکرێت و دەخوێنێنت لە یەکێك لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا . خوێنەری بەڕێز تکایە تێبینی ئەوە بکە کە پرسی بەکارهێنانی وشەی فێرخواز یاخود خوێندکار لەم ڕێبەرەدا بە قوڵی گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەگەڵ گروپەکانی کە کاریان لەم ڕێبەرەدا دەکرد و پشکدارانیش بە هەمان شێوە. بەهۆی گۆڕانی ئاڕاستەی گشتی دابینکردنی خوێندن بەرەو گونجاوی زیاتر، هەموان ڕازی بوون لەسەر ئەوەی، کە زاراوەی فێرخواز پەسەندترە بۆ هەموو ژینگەکان. لەگەڵ

ئەوەشدا، لەبەرئەوەی تاکوئێستا دابینکردنی خوێندن لەلایەن زۆربەی سیستەمەکانی خوێندنی باڵا بۆ دەستەیەکی دیاریکراو لە خوێندکارانە زاراوەی خوێندکار بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە هەموو خوێندکارانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خوێندکاری تەواوی کات تەرخانکراو یان بەشێک لە کاتی تەرخانکراو، ئەوانی کە بە شێوەی ئۆنلاین دەخوێنن یان لە ناو زانکۆ دەخوێنن یاخود لەڕێگای کارکردنەوە فێردەبن، ئەوانەی کە بەدوای پسپۆڕیەکی دیاری کراون یان تاقەکۆرسێك یان بابەتێك دەخوێنن).

**Student-Centred Learning**: فێربونی خوێندکار وەك چەقی فێربون؛ ڕێبازیکی فێرکردنە، کە ناسراوە بە بەکارهێنانی تیۆری داهێنراوی فێرکردن و مەبەست لێی پەرەپێدانی فێربونە، لە ڕێگای باشکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکاردا کە تیایدا خوێنکار بەشداریکی چالاکە لە پرۆسەی فێرکردنی خۆیدا و برەودان و باشکردنی کارامەییە گوازراوەکانیەتی وەك کێشە چارەسەرکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (ESU, 2010) .

**Transcript of Records:** بەڵگەنامەی تۆمارەکان (بروانامەی بە نمرە)؛ ئەو بەڵگەنامەیەیە، کە ئەو ماددانەی لەخۆدەگرێت، کە خوێندکار وەریگرتوە لەگەڵ ژمارەی ئەو یەکە و نمرانەی بەدەستیهێناوە. بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆ سەلماندنی گەشە و داننان بە فێربونی خوێندکار، لەناویاندا گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی خوێندکار. زۆربەی دامەزراوەکان بڕوانامەی بەنمرە لە کۆگای زانیاری (داتابەیس) دامەزراوەیی خۆیانەوە دروستدەکەن .

**Transfer (of credits):** گواستنەوەی یەکە؛ بریتییە لە پرۆسەی دانپێدانان و هەژمارکردنی یەکەی بەخشراو لە دامەزراوەیەك لەلایەن دامەزراوەیەکی تری فەرمی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بروانامە. ئەو کرێدتانەی خوێندکار لە پرۆگرامێکی خوێندن بەدەستیدێنێت لە دامەزراوەیەك دەتواندرێت بگوازرێنەوە بۆ پرۆگرامێکی تر لەهەمان یا دامەزراوەیەکی تر. گواستنەوەی یەکە خاڵی سەرەکییە بۆ گواستنەوە ئاڵوگۆڕی خوێندن. دامەزراوەکان، کۆلێژەکان و بەشەکان دەتوانن بگەن بە جۆرێک لە ڕێککەوتن کە تیایدا گرەنتی پەسەندکردن و گواستنەوەی کرێدت بکات.

**Validation**: سەلماندن پشت ڕستکردنەوە؛ پرۆسەیەکی پشتراستکردنەوەیە، لەلایەن دەستەیەکی ڕێگەپێدراو، کە کەسێك ئەنجامەکانی فێربوونی بەدەستهێناوە بە بەراورد بە ستانداردی پەیوەندیدار. پرۆسەکە لەم چوار قۆناغە جیاوازە پێکدێت:

١- ناسینەوە و دەستنیشانکردنی ئەزمونێکی دیاریکراوی کەسێك لەرێگەی دیالۆگ و گفتووگۆ لەسەر ئەو بابەتە؛

٢- دروست کردنی بەڵگەنامە، بەمەبەستی بەرجەستەکردنی ئەزمونی فێرخواز لەو بوارەدا.

٣- هەڵسەنگاندی فەرمی ئەوشارەزاییانە و؛

٤- پێدانی بروانامەی بەرەنجامی هەڵسەنگاندنەکە، کە دەکرێ بروانامەیەکی سەرەکی یا لاوەکی بێ (ڕاسپاردەی ئەنجومەن٢٠١٢/س٣٩٨/٠١) .

**Virtual mobility**: گواستنەوەی خوێندنی ئۆنلاین؛ بریتییە لە خوێندن لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە (واتە کاتێک خوێندکارێك لە دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵا دەخوێنێت بە شێوەی خوێندنی دوور، واتە خۆی ئامادە نابێت لەو شوێنە و بە ئۆنلاین دەخوێنێ). خوێندنی ئینتەرنێتی دەشێت سودی هەبێت لە گەشەپێدان و تەواوکردنی

گواستنەوەی کرداری و هاوکات دەکرێ ڕۆڵێکی گرنگیش بگێرێت لە ستراتیژی بە جیهانیکردنی دامەزراوەیەکدا (پرۆژەی بەیەکگەیاندنی گواستنەوەی زانکۆکان، ٢٠١٥)

**Work-based learning**: فێربون بە کارکردن؛ ئەو جۆرە فێربونەیە کە لەلایەن زانکۆ، کۆلێژ یان ناوەندێکی ڕاهێنانەوە لە شوێنی کار پێشکەشدەکرێت و بەشێوەیەکی ئاسایی لەلایەن کەسێك لە هەمان ناوەند لەگەڵ مامۆستایەکی پسپۆر لە دەرەوەی ناوەندەکە سەرپەرشتی دەکرێت (ئەنجومەنی هاریکاری دارایی سکۆتلەندی، ٢٠١٥)

**Workload**: هەوڵ وکۆشش؛ خەمڵاندنی ئەو کاتەیە، کە فێرخواز پێویستیەتی بۆ تەواوکردنی سەرجەم چالاکییە فێرکارییەکانی وەك وانە، سیمینار، پرۆژە، وانە و ماددەی پراکتیکی، کۆششی تاکەکەسی و هتد. بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەرئەنجامە دیاریکراوەکانی فێربون لە ژینگەی فەرمی خوێندندا. یەکسانکردنی تێکرای ماوەی هەوڵ و کۆششی پێویست لە ساڵێکدا بۆ ٦٠ کرێدت زۆرجار بەفەرمی دەکرێت لەلایەن بەندە یاساییە نیشتیمانییەکانەوە. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، هەوڵ وکۆششی خوێندکار لە ساڵێکی خوێندندا ١٥٠٠-١٨٠٠ کاتژمێر لەخۆدەگرێت، کە ئەمەش مانای وایە هەر کرێدتێك ٢٥-٣٠ هەوڵ وکۆششی پێویستە. بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەمە تەنها نمونەی هەوڵ وکۆششی خوێندکارێکی ئاساییە و دەشێ کاتی ڕاستەقینە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی فێربون لە فێرخوازێك بۆ یەکێکی تر گۆڕانی بەسەردابێت.

**Work placement**: ڕاهێنان و جێبەجێکردن؛ ماوەیەکی دیاریکراوی ڕاهێنانە لە دەرەوەی دامەزراوەکە (شوێنی کار بەنمونە) بە مەبەستی یارمەتیدانی خوێندکار بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی و دەستخستنی زانیاری و تێگەیشتن وەك بەشێکی داواکراو لە پرۆگرامی خوێندن.

**Work Placement Certificate**: بروانامەی ڕاهێنان یان ئەزموونی کار؛ بەڵگەنامەیەکە، کە ئەو کۆمپانیایەی خوێندکار ڕاهێنانی تێدا دەکات دەریدەکات، لەدوای تەواوکردنی ڕاهێنان و جێبەجێکردن، هاوکات دەتواندرێت لەرێگەی بەڵگەنامەی تری وەك پشتگیرینامەوە بەرجەستە بکرێت. مەبەست لێی دابینکردنی شەفافیەت و دەرخستنی بەهای ئەزمونی ڕاهێنانی خوێندکارە.

## پاشکۆی ٢: نمونەکان: گۆڕینی نمرە

نمونەکانی گۆڕینی نمرە


١- گۆڕینی نمرە بەپێی دوو خشتەی دابەشکردنی نمرە لە دوو گروپی سەرچاوەدا (لێرەدا ئەو دوو گروپە وەك سەرچاوە ئاماژەیان پێدەکرێت)، کە بەشێکن لە سیستەمی نمرەی نیشتمانی جیاواز:

سەرچاوە گروپی (أ) لە ئیتاڵیا (نمرەی دەرچوون لە ١٨ بۆ ٣٠)

سەرچاوە گروپی\بواری خوێندن: ISCED Code 023 Languages

سەرچاوە گروپی (ب) لە فەرەنسا (نمرەی دەرچوون لە ١٠ بۆ ٢٠)

سەرچاوە گروپ\بواری خوێندن: ISCED Code 023 Languages




لەم حاڵەتەدا، مەودای ڕێژەی سەدی نمرەکان تێکەڵ دەبێت. دامەزراوەی وەرگر دەبوو پێشتر بڕیاریدابووایە، کە ئایا ئەوان نزمترین، تێکرای یان بەرزترین نمرەی بەراوردکراوی مەودا تێکەڵبووەکان وەردەگرن. لەبەرئەوە، ئەگەر زانکۆی ڕۆم بڕیاری دابووایە لە پێشتردا کە نزمترین یان تێکرا بەکاردەهێنن، ئەوا نمرەی خوێندکارەکە ٢٧ دەبوو، و ئەگەر بڕیاریان دابووایە، کە بەرزترین بەکاردەهێنن، ئەوا نمرەی خوێندکارەکە ٢٨ دەبوو.


٢- گۆڕینی نمرە بەپێی دوو خشتەی دابەشکردنی نمرە لە دوو گروپی سەرچاوەوە (لێرەدا ئەو دوو گروپە وەك سەرچاوە ئاماژەیان پێدەکرێت)، کە بەشێکن لە سیستەمی نمرەی نیشتمانی جیاواز:

دامەزراوەی FHV لە نەمسا (نمرەی دەرچوون لە ١ بۆ ٤)

سەرچاوە گروپ \بواری خوێندن: ISCED Code 071 Engineering and engineering trades

دامەزراوەی زانکۆی غێنت لە بەلجیکا (نمرەی دەرچوون لە ١٠ بۆ ٢٠)

سەرچاوە گروپ\بواری خوێندن: ISCED Code 071 Engineering and engineering trades




لەم نمونەیە نمرەی (٢) (باشە) لە دامەزراوەکەی نەمسا دەگۆڕدرێت، بۆ نمرەی ١٣ لە دامەزراوەکەی بەلجیکا. نمرەی ١١ لە دامەزراوەی بەلجیکییەوە، وەکو نمرەی ٣ (پەسەند) دەگوزازرێتە بۆ ئەو دامەزراوەی، کە لە نەمسایە. لەم دۆخەدا هەردوو دامەزراوەکان بڕیاریانداوە تێکرا بەکاربهێنن لە حاڵەتی مەودای ڕێژەی سەدی ئاوێتەبووەکان.

## پاشکۆی ٣: لیستی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە

**پرۆسەی بۆلۆنیا، بەڵگەنامە پەیوەستدارەکان**

A Framework for Qualifications for the European Higher Education Area; Bologna Working Group on Qualifications Frameworks, published by the Ministry of Science, Technology and Innovation, Copenhagen, February 2005:
http://www.ond.vlaanderen.be/hogeronderwijs/bologna
documents/050218_QF_EHEA.pdf/

Bologna Conference, Using Learning Outcomes, Edinburgh, 1-2 July 2004:
http://www.ehea.info/article-details.aspx?ArticleId=119

Bologna Framework and Certification (2008): http://www.ehea.info/Uploads/
QF/Bologna_Framework_and_Certification_revised_29_02_08.pdf

Berlin Communiqué (Realising the European Higher Education Area. Communiqué of the Conference of Ministers responsible for Higher Education in Berlin on 19 September 2003): http://www.ehea.info/Uploads/
about/Berlin_Communique1.pdf

Bucharest Communiqué (Making the Most of Our Potential: Consolidating the European Higher Education Area, Communiqué of the Conference of Ministers responsible for Higher Education in Bucharest on 26-27 April 2012):
http://www.ehea.info/Uploads/(1)/Bucharest%20Communique%202012(1).pdf

European Standards and Guidelines for Quality Assurance in the European Higher Education Area: http://www.ehea.info/news-details.aspx?ArticleId=355

European Approach for Quality Assurance of Joint Programmes:
https://eqar.eu/projects/joint-programmes.html

Report by the Structural Reforms Working Group to the BFUG, Structural Reforms Working Group, Strasbourg, Brussels, Vatican City, Warsaw, 8 December 2014: /
SubmitedFiles/12_2014/154923.pdf

بەڵگەنامە فەرمییەکانی یەکێتی ئەورووپی


Council Recommendation (2012/C 398/01) of 20 December 2012 on the validation of non-formal and informal learning:
LexUriServ/LexUriServ.do?uri=OJ:C:2012:398:0001:0005:EN:PDF
http://eur-lex.europa.eu

Communication from the Commission (COM 2001 678) of 21 November 2001: Making a European Area of Lifelong Learning a Reality:
europa.eu/LexUriServ/LexUriServ.do?uri=COM:2001:0678:FIN:EN:PDF

Directive of the European Parliament and of the Council (2005/36/ EC) of 7 September 2005 on the recognition of professional qualifications:
http://eur-lex.europa.eu/legal-content/EN/TXT/PDF/?uri=CELEX:02005L0036-20140117&from=EN

Recommendation of the European Parliament and of the Council of 23 April 2008 on the establishment of the European Qualifications Framework for lifelong learning: http://eur-lex.europa.eu/legal-content/EN/TXT/PDF/?uri=CELEX:32008H0506(01)&from=EN

Regulation of the European Parliament and of the Council (EU No 1288/2013) of 11 December 2013 establishing 'Erasmus+': the Union programme for education, training, youth and sport:
LexUriServ.do?uri=OJ:L:2013:347:0050:0073:EN:PDF http://eur-lex.europa.eu/LexUriServ/


ماڵپەڕ و بەستەری بەسوود:


- ENIC-NARIC Network: http://www.enic-naric.net

- European University Association (EUA) occasional papers on Massive Open Online Courses (MOOCs): http://www.eua.be/Libraries/Publication/MOOCs Update_January_2014.sflb.ashx

- Get to know ECVET better: Questions and Answers, Brussels, (2011): http://www.ecvet-team.eu/en/system/files/documents/14/questions_ answers-about-ecvet-21/04/2010.pdf

- Scottish Funding Council Glossary: http://www.sfc.ac.uk/housekeeping/glossary/glossary.aspx

- The European Credit system for Vocational Education and Training (ECVET): http://ec.europa.eu/education/policy/vocational-policy/ecvet_en.htm

- UNESCO (2014), ISCED: International Standard Classification of Education: http://www.uis.unesco.org/Education/Pages/international-standard-classification-of-education.aspx

**بۆ خوێندنەوە:**

- Bergan, S. (2007), Qualifications – Introduction to a concept (Council of Europe higher education series No.6): https://book.coe.int/eur/en/highereducation-and-research/3794-qualifications-introduction-to-a-conceptcouncil-of-europe-higher-education-series-no6.html

- Bergan, S.; Rauhvargers, A. (eds.) (2005), Standards for recognition: the Lisbon recognition convention and its subsidiary texts (Council of Europe higher education series No. 3): http://www.coe.int/t/dg4/highereducation/ resources/heseries_en.asp

- Biggs, J. (2003), Aligning teaching for constructing learning. Higher Education Academy: https://www.heacademy.ac.uk/aligning-teaching -constructing-learning

- Bingham (1999), Guide to Developing Learning Outcomes

- Cedefop (2009), European guidelines for Validating Non-formal and Informal learning; Luxembourg: http://www.cedefop.europa.eu/EN/ Files/4054_en.pdf

- Cedefop (2011), Using learning outcomes: European Qualifications Framework Series: Note 4: http://www.cedefop.europa.eu/EN/Files/Using_ learning_outcomes.pdf

- Colucci, E.; Davies, H.; Korhonen, J.; Gaebel, M. (2012): Mobility: Closing the gap between policy and practice; European University Association, Brussels: http://www.maunimo.be/images/Oslo/eua%20maunimo_web.pdf

Euridyce (2012), Recognition of Prior Non-Formal and Informal Learning in Higher Education. Overview: http://eacea.ec.europa.eu/education/eurydice/ documents/focus-on/152.pdf

Ferencz, L.; Hauschildt, K.; Garam, (eds.) (2013), Mobility Windows: From Concept to Practice, Bonn: Lemmens Medien GmbH (ACA Papers on International Cooperation in Education): http://www.aca-secretariat.be/ fileadmin/aca_docs/images/members/ACA_2013_Mobility_windows.pdf

Gosling, D. and Moon, J. (2002), How to use learning outcomes and assessment criteria (Third Edition) London: (SEEC): http://www.aec-music. eu/userfiles/File/goslingmoon-learningoutcomesassessmentcriteria(2).pdf

Hunt, E. S.; Bergan, S. (eds.) (2010), Developing attitudes to recognition. Substantial differences in an age of globalisation (Strasbourg: Council of Hunt, E. S.; Bergan, S. (eds.) (2010), Developing attitudes to recognition. Europe Publishing. Council of Europe Higher Education Series No 13)

Lockhoff, J., Wegejis, B., Durkin, K., Wagenaar, R., González, J., Dalla Rosa, L., & Gobbi, M. (2011). *A guide to formulating degree programme profiles. Including programme competences and programme learning outcomes. University of Deusto:* http://core-project.eu/documents/Tuning%20G%20 Formulating%20Degree%20PR4.pdf

Moon, J. (2002), The Module and Programme Development Handbook, London: Kogan Page Limited: http://books.google.co.uk/books?id=1uKQAgAAQBAJ&printsec=frontcover&source=gbs_ge_summary_r&cad=0#v=onepage&q&f=false

Moon, J. (2004). Linking levels, learning outcomes and assessment criteria, Edinburgh: http://www.ehea.info/Uploads/Seminars/040701-02Linking_Levels_plus_ass_crit-Moon.pdf

Moon, J. (2004). Some thoughts on learning outcomes – their roles and use in higher education in the UK; Presentation slides from the 'Using Learning Outcomes' Conference, Edinburgh: http://www.ehea.info/Uploads/ Seminars/04070102Moon.pdf

Vlăsceanu L., et al. (2004), Quality Assurance and Accreditation: A Glossary of Basic Terms and Definitions, Papers on Higher Education, UNESCO-CEPES: http://siteresources.worldbank.org/INTAFRREGTOPTEIA/Resources/UNESCO_Glossary_of_QA_and_Accreditation.pdf

**ئەنجامەکانی پڕۆژە:**

Competences in Education and Recognition project (CoRe): http://www.core-project.eu/

EAR Manual – a European Area of Recognition project: http://www.eurorecognition.eu/emanual/

EMQT project (Erasmus Mobility Quality tools), co-funded by the EU Lifelong Learning Programme: https://lirias.kuleuven.be/handle/123456789/403903

European Grade Conversion System project (EGRACONS), co-funded by the EU Lifelong Learning Programme: http://egracons.eu/

European Recognition Manual for Higher Education Institutions: http://eurorecognition.eu/Manual/EAR%20HEI.pdf

Joint Degrees from A to Z project, co-funded by the EU Erasmus Mundus Programme: http://www.nuffic.nl/en/expertise/jdaz

Mapping University Mobility project (MAUNIMO): http://www.maunimo.eu/index.php/the-maunimo-project

Portal on joint programmes of the European Consortium for Accreditation in Higher Education (ECA), co-funded by the EU Erasmus Mundus Programme: http://ecahe.eu/w/index.php/Portal:Joint_programmes

Practical Guide to designing degree programmes with integrated transnational mobility – MOCCA project (Model for Core Curricula with Integrated Mobility Abroad), co-funded by the EU Socrates Programme.

Student-Centred Learning toolkit for students, staff and higher education institutions, Brussels, project of the European Students Union, co-funded by the EU Lifelong Learning Programme: http://www.esu-online.org/ resources/6068/Student-Centred-Learning-Toolkit/ Tuning Academy project: http://tuningacademy.org/

## پاشکۆی ٤ نمونەکان: هەگبەی پرۆگرام

**نمونەکانی هەگبەی پرۆگرامەکە و شێوازی ئەنجامەکانی پرۆگرامی فێربوون**

ئەم نمونانەی خوارەوە چەند شێوازێکی جیاواز لە پێناسەی پرۆگرامەکە یان یەکەکانی کۆرسێك نیشان دەدەن. هەرچەندە ئەمانە نمونەی کۆنکرێتی ئەو شێوازە نین، کە بە ناچاری پەیڕەوبکرێن، بەڵام بریتین لە نمونەی باش لە چوارچێوەی لایەنە کرداریەکاندا، بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی لە ڕێنماییەکانی پرۆگرامی ECTS ئاماژەیان پێکراوە.

**نمونەی یەکەم**

پێناسەی بروانامەی پرۆگرامی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر و ئەنجامەکانی فێربوون لە خولی یەکەم بەپێی یەکەی کۆرس لە بابەتی (فیزیا١)

**هەگبەی بڕوانامەی پرۆگرام**

بروانامەی بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری کۆمپیوتەر، بۆ ئەوە دانراوە خوێندکار ئامادەبکات، کە وشیاریی پێبدرێت دەربارەی لێهاتوویی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بە پشت بەستن بەو زانست و توانایانەی دەربارەی لایەنە کلتورییەکان هەیەتی، لە بوارە جیاوازەکانی ئەندازیاری کۆمپیوتەری و زانست و لێهاتووی لە زانستی کۆمپیوتەر.

کۆرسەکان بە شێوەیەك پێشکەش کراون کە بەشداربووەکان زانستی تەواویان پێدەدرێت بۆ بەدەستهێنانی لێهاتووی لەبواری دیزاین، دامەزراندن، چاکردنەوەی سیستەمی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، بەرنامە و نەرمە کاڵاکان، سیستەمە وەگەڕخەرەکانی پیشەسازی، سیستەمەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی زانیارییەکان، فەرمانە ئاڵۆزەکان و سیستەمەکانی کۆنترۆل کردن. ئەندازیاری کۆمپیوتەر سەرەڕای ئەوەی ئەندازیاری کۆمپیوتەرە لە هەمان کاتدا شارەزایە لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری.

**ئەنجامە سەرەکییەکانی فێربوون**

دەرچوانی خولی یەکەم، کە بڕوانامەی ئەندازیاری پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر بەدەست دێنن، دەتوانن ئەم کارانە ئەنجام بدەن: دیزاین، دامەزراندن و چاکردنەوەی سیستەمی کۆمپیوتەر، تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، بەرنامەکانی کۆمپیوتەر، سیستەمەکانی خودکاری لە بوارە پیشە سازیەکاندا، بەڕێوەبردن لە سیستەمەکانی زانیاری، سیستەمە تێکەڵاو و کۆنترۆڵیەکان.

**هەگبەی پیشەیی دەرچوان**

دەرچووانی هەڵگری ئەم بڕوانامەیە، دەتوانن ببنە خاوەن کار لە ناو کۆمپانیاکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەرهەمەکانی هاردوێر و سۆفتوێر و هەروەها لەو دامەزراوە پیشەسازیانەی کە سیستمی کارکردنیان خودکاریە، هەروەها لەو ناوەندانەی کە سیستەمی زانیاری و تۆڕەکانی کومپیوتەر بەکاردێنن لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و پرۆسەی بەڕێوەبردنی سیستەمی زانیاری. بە هەمان شێوە دەتوانن گرێبەست لەگەڵ خاوەنکارە بێسنورەکان بکەن، کە بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر پێشخستنی سیستەمە کۆنترۆڵیە دیجیتاڵیەکان دەکەن بەبەکارهێنانی چەند بەرنامەیەکی تایبەت. لەهەمان کاتدا پرۆگرامەکە یارمەتی خوێندکارەکان دەدات بۆ بەدەستهێنانی داخوازیە سەرەکییەکان، بەمەبەستی بەرەو پێشچونیان لە بواری ئەندازیاریی کۆمپیوتەر و بوارە خودکارییەکان.

**مۆدیوڵێک یان تاکە کۆرسێکی پرۆگرامەکە**

**فیزیا ١**

**دەرئەنجامەکانی فێربوون**

ئەو خوێندکارانەی کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کۆرسەکە تەواو دەکەن، لەتوانایاندا هەیە، کە ببنە خاوەنی ڕێسا بنچینەییەکانی فیزیا بەهەردوو شێوازی نیوتنی و شێوازی کلاسیکیی کارۆموگناتیسی. دەرچووی ئەم کۆرسە دەتوانیت زانیاری بەردەست پێشکەش بکات لەسەر یاساکانی پاراستن و هاوکێشەکانی (ماکسوێل) کە جێبەجێکردنەکانی یارمەتیدەردەبن لە شیکارکردنی کێشە بنچینەییەکان لە جوڵەکانی سیستەمی میکانیکی و ئەو بوارانەی گرفتەکان ڕێکدەخەن لە سیستەمی کارۆموگناتیسیدا.

**میتۆد و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن**

**میتۆدەکانی هەڵسەنگاندن**

- **تاقیکردنەوەی کۆتایی نوسراو**
- **تاقیکردنەوەی کۆتایی زارەکی**

تاقیکردنەوەی نوسراو وەك دەروازەیەکە بۆ چونە ناو تاقیکردنەوەی زارەکیی کۆتایی. بەدەستهێنانی ١٥ خاڵ لە کۆی ٣٠ خاڵ مەرجە بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەی نوسراو. هەرکاتێك خوێندکار لەم هەڵسەنگاندنە دەرچوو، ئەوا ڕێژەی تاقیکردنەوەی زارەکی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی نزیکەی ٧٠% دەبێت.

**پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن**

خوێندکار بە گوێرەی نیشاندانی تواناکانی بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کۆرسەکە و توانای بەکارهێنانی لە چارەسەری پرسیارەکاندا هەڵدەسەنگێندرێت، لە تاقیکردنەوەی نوسراو (٣ کاتژمێر، ٢ پرسیار)، پێویستە خوێندکار توناکانی نیشان بدات بۆ بەکارهێنانی ڕێسا بنچینەییەکان لە دۆزینەوەی وەڵامی دروست بۆ سێ هەنگاوە باوەکانی پرسیار لە هەر کێشەیەکدا. لەکاتی تاقیکردنەوەی زارەکی (1/2 کاتژمێر) پێویستە خوێندکار تواناکانی نیشان بدات، کە دەتوانێت لەبواری کرداریدا جێبەجێیان بکات و پەیڕەویان بکات، لەگەڵ هەبوونی ئاگایی تەواو. گرنگترین یاساکانی فیزیا لە کۆرسەکەدا گفتوگۆیان لەسەر کراوە.

**نمونەی دووەم**

پێناسەی بروانامەی مێژوو لە خولی یەکەمدا (بەکالۆریۆس) و ئەنجامی فێربوون لە یەکەکانی کۆرسی مێژووی هاوچەرخ

**هەگبەی بروانامەی پرۆگرامەکە**

بروانامەی مێژوو کار لەسەر ئامادەکردنی خوێندکار دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کرداری لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەنجام بدات، بۆ زانستی بەردەست لە بابەت و دیدارە مێژووییەکان و فێربوونی بیردۆزەکانی ڕێگە چارە و لێکدانەوەی سەرچاوەکان. هەروەها بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون و دروست، کە گونجاوبێت لەگەڵ بابەتە مێژووییەکاندا. ئەزموونی فێربوون بە جۆرێك ڕێکخراوە، کە چەندین وانە و سیمینار و ۆرکشۆپ و بابەتی شیکاری لە تاقیگەکاندا لەخۆ دەگرێت، هەوەها لەگەڵ چەندین چالاکیی جۆراوجۆردا. هەروەها خوێندکاران دەتوانن لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و کۆبونەوەکاندا ئامادەبن بۆئەوەی پەیوەندییان هەبێت لە گەڵ دیدارە زانستیەکاندا لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی. بروانامەی بەشەکە چوار ڕێچکەی هەیە، کە بریتین لە: مێژووی کۆن، مێژووی ناوەڕاست، مێژووی نوێ، مێژووی هاوچەرخ.

**ئەنجامە بنچینەییەکانی فێربوون**

دەرچووانی خولی یەکەم (بەکالۆریۆس) لە پرۆگرامی مێژوو دەتوانن تێگەیشتنەکانیان نیشان بدەن لە بارەی پەیوەندیی نێوان ئێستا و داهاتوو، زانیاری و توانای بەکارهێنانی تەکنیکە سەرەکییەکان لە ئەنجامدانی توێژینەوەی

مێژوویی، هەروەها توانای ناسینەوەی هونەری زانستیی پەیوەندیدار، سەرگوزشتە و سەرچاوەکان بۆ ئاماژەدان و نیشاندانی گرفتە مێژووییەکان، هەروەها توانای قسەکردن لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکان بە شێوازی جیاواز بەپێی جۆری ئامادەبوان، زانیاری و توانای بەکارهێنانی ئامرازە سەرکییەکانی زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکانی تر، هەروەها مێژوو، زانیاری تەواو دەربارەی هێڵە گشتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، زانیاریی تایبەت دەربارەی بوارێکی فراوان لە مێژوودا (کۆن، ناوەڕاست، تازە، هاوچەرخ)، هەروەها توانای گفتوگۆکردن لانیکەم بە یەکێک لە زەمانەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا و لەگەڵیشدا زمانی ئیتالی، هەروەها بنەماکانی تەکنەلۆژیای زانیاریی ئاخاوتن بۆ گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی دەق و زانیارییە مێژووییەکان.

**هەگبەی پیشەیی دەرچووان**

ئەوانەی لە خولی یەکەم دەردەچن و بڕوانامەی (Lauera)یان پێدەدرێت لە مێژوو، دەتوانن چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن بۆ ڕێکخراوە گشتی و تایبەتییەکان، بە ڕاییکردنی کارەکانی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی کردن و جێبەجێ کردنی توێژینەوە مێژووییەکان، بۆ پاراستن و بەرزنرخاندنی سەروەتی کلتوری، بەتایبەت لەبابەتی پەیوەندیدار بە هەڵگرتن و ئەرشیف کردن، کتێبخانە و کەرەستە کلتوریەکان و ناساندنیان، کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەناویشیاندا بەڕێوەبردنی گشتی و پەیوەندییە کلتوریە نێو دەوڵەتییەکان. دەرچوان دەتوانن بچنە ناو پڕۆگرامەکە بە مەبەستی ئامادەکاریی مامۆستاکان لەو بوارانەی کە پەیوەندیدارن بە مێژوو و ئەدەب، دەتوانن پێشبڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی کار لە ناوەندە گشتییەکاندا بەتایبەت لە بواری پەیوندیدار بە وانە وتنەوە، بەڕێوەبردنی ئەرشیف، کتێبخانە و مۆزەخانەکان، بە دۆکیومێنتکردنی نوسراو و زانیارییەکانی پەرلەمان، هەروەها کارە دیبلۆماسیەکان.

**مۆدیوڵێک یان تاکە کۆرسێکی پرۆگرامەکە**

**مێژووی تازە**

**ئەنجامەکانی فێربوون**

ئەو خوێندکارانەی بە سەرکەوتوویی کۆرسەکە تەواو دەکەن، دەتوانن زانیاری تەواو بخەنە بەردەست لەسەر پرۆسە و ڕوداوەکان لە مێژووی ئەوروپا و جیهان لەسەردەمی لێکۆڵینەوەی جیۆگرافی بۆ سەردەمی ناپلیۆن.

لەوەش زیاتر ئەو دەرچووە دەتوانێت زانیاری سەردەمیانە دەربارەی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانی لە تێکستەکانی پەیوەست بە دەریای ناوەڕاست و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی، هەروەها کێشە و بابەتە مێژووییەکانی پەیوەندیدار، لەگەڵ ئەمەشدا دەرچووان دەتوانن شیکار و خوێندنەوە بۆ ئەو بەڵگەنامە و دەقانە بکەن کە پەیوەندیدارن بەو سەردەمەوە.

**پێوەرەکان و ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن**

**ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن**

- **تاقیکردنەوەی کۆتایی زارەکی**
- **تاقیکردنەوەی کاتی نوسراو**

ئەو خوێندکارانەی ئامادەی وانەکان دەبن و بەشداری دەکەن لە گفتوگۆکاندا و شیکاری بەڵگەنامەکان دەکەن ڕەنگە تاقیکردنەوەیەکی کاتیی نوسراو ئەنجام بدەن، زۆر جار ئەم تاقیکردنەوەیە بریتی دەبێت لە وەڵامی نوسراو بە شێوەی وتار، کە پەیوەندیدارە بە ماددەکانی کۆرسەکە، کە ئەم تاقیکردنەوەیەش هەژماردەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت لەتاقیکردنەوەی کۆتایی زارەکیدا. ئەوانەشی کە ناتوانن ئامادەی ئەم تاقیکردنەوەیە بن هەڵسەنگاندنەکەیان تەنها لە سەر تاقیکردنەوەی کۆتایی زارەکی بۆ ئەنجام دەدرێت.

**پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن**

شێواز و کاتی تاقیکردنەوەی نوسراوی کاتی، لە کاتی وانەکاندا لەگەڵ ئەو خوێندکارانە تاوتوێ کراوە، کە ئامادەی وانەکان دەبن، مەبەست لە تاقیکردنەوەی کۆتایی زارەکی بۆ ئەوەیە، کە دڵنابین کە خوێندکار دەتوانێت زانست و بابەتەکانی کۆرسەکە پێشکەشبکات و هەروەها تاو توێی بابەتە هەڵبژێردراوەکان بە دروستی و بە تێگەیشتنەوە بکەن.

**نمونەی سێیەم**

**پێناسەی بڕوانامەی كارگێڕی كار لە خولی یەكەم (بەكالۆریۆس)**

**ناونیشانی پرۆگرامەكە**

كارگێڕی كار

**ئاستی پرۆگرامەكە**

بڕوانامەی بەكالۆریۆسی پیشەیی

**لێهاتویی بەخشراو**

بەڕێوەبەری پرۆژە و بونیادنان

**ئاستی لێهاتووی**

دەرچوویەكی سەركەوتووی پرۆگرامەكە دەبێتە هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆسی پیشەیی ، بەڕێوەبەری پرۆژە و بونیادنان، كە بڕوانامەكەی هاوتایە بە ئاستی شەشەمی بڕوانامەی لاتیڤی و هەروەها یەكێتی ئەوروپا.

**پێداویستیە تایبەتییەكانی وەرگرتن**

وەرگیران لە خوێندنی پرۆگرامەكەدا ڕێكخراوە، كە بەپێی ڕێنماییەكانی وەرگرتن لە سكوڵەكە، كە پشتڕاست كراوەتەوە لەلایەن پەرلەمان بۆ هەر ساڵێكی ئەكادیمی.

**ئامادەكارییە تایبەتەكان بۆ دانپێدانانی فێربوونی پێشوەخت.**

بەمەبەستی دانپێدانانی خوێندنە نافەرمییەكان چوارچێوەیەكی یاسایی هەیە بۆ بەرەو پێش بردن و جێبەجێ كردنی فێربوون بە درێژایی ژیان، لە ١٠-١-٢٠١٢، كابینەی وەزیران یاسایەكی دەركرد بەناوی ' یاسای ژمارە ٣٦ ی پەیرەوی دانپێدانانی ئەنجامەكانی خوێندن لە فێربوونی بەرایی و ئەزموونە پیشەییەكان'. بەڵگەنامەكانی پەیرەوەكە گەشەیان پێدراوە لەلایەن سكوڵەكەوە و پەرلەمانیش پشتڕاستی كردونەتەوە. چالاكییەكانی فێربوون بە درێژایی ژیان بە جۆرێك ڕێكخراون، كە كارئاسانی بكەن بۆ فیربوون بەدرێژایی ژیان (Life Long Learning). پرۆگرامەكان بەشێوەیەك دروستكراون، كە ئەنجامەكانی فێربوون زۆر ڕوون و بەراوردكارانەن. سیستمی ECTS پەیرەو دەكرێت بۆ فێربووی بەدرێژایی ژیان. ڕێكخستنە گشتیەكان بۆ دانپیدانانی خوێندنە نافەرمییەكان و فێربوونی بەرایی لە پەیرەوی یاسای تایبەت بە دانپێدانانەكەدا ڕوونكراونەتەوە و لە ٢٠١٢ لەلایەن پەرلەمان پشتگیریان لێكراوە. بەڵگەنامەكان پرۆسە و ڕینمایی و شیوازی دانپێدانانەكە ڕوون دەكەنەوە.

**نمونەی سێیەم**

مەرج و داخوازیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامە

بۆئەوەی بڕوانامەیەكی پیشەیی بە كالۆریۆس بەدەستبێنێت، پێویستە خوێندكار ئەم داخوازیانەی خوارەوە جێبەجێ بكات.

- دەرئەنجامی فێربوونی كۆرسە گشتی و تایبەتەكانی بەدەستبێنێت.
- دەرئەنجامی فێربوونی كۆرسە ئارەزوومەندانەكان بەدەستبێنێت.
- پەیرەوی لەشوێندانانی كۆمپانیایەك بكات.
- تاوتوێی توێژینەوەی بەكالۆریۆسی بكات.

**هەگبەی پرۆگرامەکە**

پرۆگرامەکە خویندکاران فێردەکات، بە زانست و بەهرە و توانا بۆ ئەوەی ببنە بەڕێوەبەری پێشبڕکێکار، لە گۆڕانکاری لە بارودۆخە ئابوریە کۆمەڵایەتییەکاندا. خوێندکاران فیردەبن، کە زانستەکەیان بە شێوەی کرداری جێبەجێ بکەن بە بەڕێوەبردنی پڕۆسەکان و شیکارکردنی گرفتەکان و بڕیاردان. بروانامە بەخشراوەکان ئەوە دەردەخەن، کە دەرچوەکان دەتوانن پەیرەوی پڕۆژەکان دیاری بکەن و نەخشەڕێیان بۆ دانێن.

هەروەها پلان دانێن و کاربکەن بەپێی ئامانجەکانی کارەکە، هەروەها بتوانن کار لەگەڵ خەڵك بکەن و هەمیشە ئامادەبن بۆ ڕاییکردن و بەڕیوەبردنی هەر گۆڕانکارییەکی لەناکاو کە لەژینگەی کارەکەدا ڕوودەدات، ئەمەش بەپێی لێهاتووی ئاستی ٥ لەستانداردی ' بەڕێوەبەری پڕۆژەو دامەزراوەکان' بەدەست دێت، کە هاوتایە لەگەڵ ئاستی ٦ ی هەردو بڕوانامەی لاتیڤی و ئەوروپی. خوێندکارەکان ٢٤٠ کریدیتی ECTS بەدەست دێنن، ( دەکاتە ١٦٠ کریدیتی سیستەمی لاتیڤی) لە ناوەندێکی نێو دەوڵەتی. خوێندکارەکان شیاون، کە لە ژێر پڕۆگرامی ئیراسموس پڵەس بخوێنن. هەروەها دەرفەتی ئەوەشیان پێدەدرێت کە لە گەڵ ستافی ئەکادیمی لە زانکۆ هاوبەشەکان بخوێنن. ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و کاری خۆبەخشی بەشێکە لە پڕۆگرامەکە.

**نمونەی سێیەم**

**ئەنجامە سەرکییەکانی فێربوون**

لە پڕۆگرامەکەدا خویندکاران توانای تێگەیشتن لە پەیرەو و پرۆسە گەشەسەندنە ئابوورییەکان ئابووری نیشتیمانی بەدەست دێنن، فێری ئەوە دەبن، کە ڕونیاڕونکردنەوە بدەن ، بەشداری گفتوگۆ سەرەکیەکان بکەن و بڕیاری دروست بدەن بەپێی گۆڕانکاریی بارو دۆخەکان.

هەروەها دەتوانن زانیارییە بەدەستهاتووەکانیان لەبواری کرداری بخەنە بواری جێبەجێکردن لە ناوەندەکانی بەڕێوەبردن بەپێی چالاکی و خواستە ستراتیجیەکان. و فێری ئەوە دەبن، کە بەدواداچوون بکەن بۆ پڕۆسەکانی جێبەجێکردن، و بڕیار بدەن لەپێناو باشکردنی بەڕێوەچوونی چالاکییە ستراتیجیەکان.

خوێندکاران دەتوانن ئەرکەکە پیشەییانە بگرنە ئەستۆ، هەروەها زانیاری و گرفتەکان ڕێکبخەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە بوارەکەی خۆیاندا بەبەکارهێنانی ڕیگای زانستیانە.

سەرەڕای ئەوە خوێندکاران تێدەگەن، کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن بەشێوەی دروست و گونجاو لەگەڵ داب و نەریت و لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەجۆرێك، کە بتوانێت کاریگەربێت لە کۆمەڵگا و ناوەندە پیشەییەکاندا.

لەکۆتاییشدا خوێندکاران بەگروپ هەست بەئارامی دەکەن لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا، ئەرکەکان بریتی دەبن لە پلان و ڕێکخستنی کارەکان بە شێوەی کاریگەر و مامەڵە کردن لە گەڵ بارودۆخەکاندا.

**هەگبەی پیشەیی دەرچووان لەگەڵ نمونەکان**

دەرچوان لە کۆمپانیا و دامەزراوەکان کاردەکەن، لە هەردو کەرتی گشتی و تایبەت، دەرچووان دەتوانن لە کۆمپانیا بچوك و مامناوەندەکان ببنە بەڕێوبەر و لێپرسراوی بەشەکان.

**بەدەستهێنانی خویندنی زیاتر**

دەرچووانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پیشەیی شیاوی ئەوەن، کە درێژە بەخویندنەکەیان بدەن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر..

**هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کڕیاران لە مارکێتە جیهانیەکان دا**

**ئەنجامەکانی فێربوون:**

- خوێندکاران دەتوانن پێناسەی دەستەواژە و زاراوە تایبەتەکانی پەیوەندیدار بە هەڵسوکەوتی کڕیارەکان بکەن و بە شێوەی کرداری بەکاریان بینن.
- خوێندکارەکان دەتوانن شیکار و خوێندنەوە بۆ هەڵسوکەوتی کڕیارەکان بکەن و بیخەنە بواری جیبەجێکردن لە بازاڕی کڕیاران دا.
- خوێندکاران دەتوانن ئەو هۆکارانە باس بکەن کە کاریگەریی دەبێت لەسەر کڕیار بۆ بڕیاردان لەسەر کڕینی کاڵایەك.
- خوێندکاران دەتوانن کاریگەریی ڕیکلامە جیاوازەکان و چالاکییە پێشکەوتووەکان هەڵبسەنگێنن لە سەر هەڵسوکەوتی کڕیارەکان .

**نمونەی چوارەم**

**پێناسەی بروانامەی پرۆگرامی سپێکترۆسکۆپی (زانستی پێوانەی خاسیەتەکانی ڕوناکی) پێشکەوتوو لە کیمیا بۆ دەرچووانی خولی دووەم (ماجستێر) و ئەنجامەکانی فێربوون لە کۆرسی ' زانستی گشتی پێوانەی خاسیەتەکانی ڕوناکی.**

**هەگبەی بروانامەی پرۆگرامەکە**

پرۆگرامی ماستەر خوێندکاران ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ببنە کەسانی شارەزا و توانا و بەهرەکانیان بەرەوپێشببەرن بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکاری بکەن بۆ خوێندنی دکتۆرا یان کارکردن لە دامەزراوە پیشەسازییەکان کە بتوانن کاری شیکاری و ناسینەوەی ماددە کیمیاویەکان بکەن. ناوەڕۆکی ئاڵوگۆڕەکە دڵنیایی ئەودەدات کە سەرەڕای ئاستبەرزیی پسپۆڕییەکان و، گەیشتن بە ئاستەکانی دەستگەیشتن بە کەرەستە تەکنەلۆجیەکان، خوێندکاران پەیرەوی پرۆگرامێکی هاوبەش دەکەن بۆ خوێندن لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ناو یەکێتی ئەوروپا دا.

**ئەنجامە سەرەکیەکانی فێربوون**

خوێندکاران کارامەیی سەرەکی بەدەست دێنن لە:

- شیکارە کیمیاییەکان.
- خەسڵەتە پێکهاتەییەکان
- وێناکردن و پێکهاتەی گەرد و گەردیلەکان
- دیاریکردنی کاردانەوە خێراکان
- کۆنترۆڵی جۆری
- ماددەکان

خوێندکاران کارامەیی پەیوەندیدار بەدەست دێنن لە:

- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی
- بڕیاردان لە پرۆسەی بەڕێوەبردندا
- زمانە بیانییەکان( پێشکەشکردنی پرۆژەیەك بەزمانی ئینگلیزی بە نوسین و قسەکردن
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە هەردو شێوازی نێو دەوڵەتی و فرەکەلتوری.
- ئاڵوگۆڕی جیۆگرافی

**بابەتێکی (کۆرسێکی) بروانامەکە**

**زانستی پێوانەکردنی خاسیەتەکانی ڕوناکی پێشکەو**

ناونیشانی یەکە: زانستی پێوانەکردنی تابەتمەندییەکانی

کۆدی یەکە: ASC 01-LI semester I

کریدیتەکانی ECTS : ٥ کریدیت

پێداویستی پێشەکی: بەکالۆریۆس لە کیمیا یان هاوتاکانی

**هەگبەی پیشەیی دەرچووان لەگەڵ نمونەکان**

دەرچووان لە کۆمپانیا و دامەزراوەکان، لە هەردو کەرتی گشتی و تایبەت کاردەکەن ، و دەتوانن لە کۆمپانیا بچوك و مامناوەندەکان ببنە بەڕێوبەر و لێپرسراوی بەشەکان.

**بەدەستهێنانی خویندنی زیاتر**

دەرچووانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پیشەیی شیاوی ئەوەن کە درێژە بەخویندنەکەیان بدەن بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر..

**هەڵسوکەوت لەگەڵ کڕیارەکان لە بازارە جیهانییەکان**

**ئەنجامەکانی فێربوون:**

- خوێندکارەکان دەتوانن پێناسەی دەستەواژە و زاراوە تایبەتەکانی پەیوەندیدار بە هەڵسو کەوتی کڕیارەکان بکەن و بە شێوەی کرداری بەکاریان بینن.
- خوێندکارەکان دەتوانن شیکار و خوێندنەوە بۆ هەڵسوکەوتی کڕیارەکان بکەن و بیخەنە بواری جیبەجێکردن لە بازاڕی کریاران دا.
- خوێندکاران دەتوانن ئەو هۆکارانە باس بکەن، کە کاریگەریی دەبێت لەسەر کڕیار بۆ بڕیاردان لەسەر کڕینی کاڵایەك.
- خوێندکاران دەتوانن کاریگەریی بانگەشە جیاوازەکان و چالاکیە پێشکەوتووەکان هەڵبسەنگێنن لە سەر هەڵسوکەوتی کڕیارەکان .

**نمونەی چوارەم**

**پێناسەی بڕوانامەی پرۆگرامی (سپێکترۆسکۆپی) پێشکەوتوو لە کیمیا بۆ دەرچووانی خولی یەکەم و ئەنجامەکانی فێربوون لە کۆرسی ' ماس سپێکترۆسکۆپی'**

**هەگبەی بڕوانامەی پرۆگرامەکە**

پرۆگرامی ماستەر خوێندکاران ئامادەدەکات، بۆ ئەوەی ببنە کەسانی شارەزا و توانا و بەهرەکانیان بەرەوپێشبەرن بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکاری بکەن بۆ خوێندنی دکتورا یان کارکردن لە دامەزراوە پیشەسازییەکان کە بتوانن کاری شیکاری و ناسینەوەی ماددە کیمیاویەکان بکەن. ناوەڕۆکی ئاڵوگۆڕەکە دڵنیایی ئەودەدات کە سەرەڕای ئاستبەرزیی پسپۆڕییەکان و گەیشتن بە ئاستەکانی دەستگەیشتن بە کەرەستە تەکنەلۆجیەکان. خوێندکاران پەیرەوی پرۆگرامێکی هاوبەش دەکەن، بۆ خویندن لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ناو یەکێتی ئەوروپادا.

**ئەنجامە سەرەکیەکانی فێربوون**

خوێندکاران کارامەیی سەرەکی بەدەست دێنن لە:

- شیکارە کیمیاییەکان.
- خەسڵەتە پێکهاتەییەکان
- وێناکردن و پێکهاتەی گەرد و گەردیلەکان
- دیاریکردنی کاردانەوە خێراکان
- کۆنترۆلی جۆری
- ماددەکان

خوێندکاران کارامەیی پەیوەندیدار بەدەستدێنن لە:

- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی
- بڕیاردان لە پرۆسەی بەڕێوەبردندا
- زمانە بیانییەکان( پێشکەشکردنی پرۆژەیەك بەزمانی ئینگلیزی بە نوسین و قسەکردن)
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە هەردو شێوازی نێو دەوڵەتی و فرەکەلتوری.
- ئاڵوگۆڕی جیۆگرافی

**بابەت (وەرزێکی) بروانامەکە**

**زانستی پێوانەکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕوناکی پێشکەوتوو لە کیمیادا**
ناونیشانی یەکە: زانستی پێوانەکردنی تایبەتمەنییەکانی ڕوناکی گشتی (Prof. XY)
کۆدی یەکە: ASC 01-LI semester I
یەکەکانی ECTS : ٥ کریدیت
پێداویستی پێشەکی: بەکالۆریۆس لە کیمیا یان هاوتاکانی
**پێناسەی کۆرسەکە:**

کۆرسەکە بەشەکانی گەردیلە و شەبەنگی گەورە و لەناویشیاندا پێشکەوتوترین ئامێری دروستکراو و تەکنیك و شیوازی تێگەیشتن لە پرۆسەی بڵاوبونەوەی شەبەنگەکان. بیردۆزەکان لەبەردەستن بۆ ناساندنی نمونە شیکارییەکان، هەروەها لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەم بیردۆزە لەبەرچاوگیراون، شێوازە جیاوازەکانی شیکاریە ئاڵۆزەکان، لەگەڵ بنەماکانی کارکردنیان گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بەرنامە تازەکانی شیکارکردنی داتاکان و شێوازەکانی پەیوەندی. نمونەی بەرنامەکانی تارماییە گەورەکان لە بوارە جیاوازەکانی کیمیادا نیشاندراون .

**ئامانجەکان:**

ئامانجەکانی ئەم بەشە بریتیە لە:

- دروستکردن و فراوانکردنی بنچینە بیردۆزی و ئامێرییەکان، کە لە کاتی خوێندنی بەکالۆریۆس ناسێندراون.
- بەرەوپێشکردن و ڕەخساندنی بواری پێشبڕکێ و متمانە بەخۆبوونی خوێندکاران لە تارماییە گەورەکان.
- کارکردن لەسەر ئامراز و شێوازی پێشکەوتوو لەگەڵ تارمایی گەورەدا.
- دیاریکردنی ئامرازی گونجاو بۆ بەرنامەی تایبەت.

**ئەنجامی فێربوون**

لەدوای تەواوکردنی ئەم بابەتە خوێندکارەکان دەتوانن:

- بە شێوەیەکی تێگەیشتووانە گفتوگۆی ڕێگا بەردەستەکانی پێناسەکردنی نمونەکانی شەبەنگیوی ئاڵۆز بکەن.
- دیاریکردنی ڕێگاکانی بەئایۆنبوون و لایەنە ئەرینی و نەرێنیەکانی.
- چاوخشاندنەوە بە ئامێرە شیکارییە ئالۆزە بەردەستەکان.
- گفتوگۆکردن دەربارەی بەکارهێنانی بەرنامەکان بۆ بەدەستهێنان و شیکارکردنی زانیاریەکانی شەبەنگی ئاڵۆز.
- دیاریکردنی گونجاوترین ئامراز بۆ بەرنامە تایبەتەکان و پێناسەکردنی ڕادەی زیادبوون و سنوردانان لە داتای بەدەستهاتوو.
- لێکدانەوە و شیکارکردنی شەبەنگی ئاڵۆز و نیشاندانی ئەنجامی وێنە کێشراو، بەشێوەی نوسراو و زارەکی.
- ڕونکردنەوەی چۆنیەتی گریمانەکردن، کە شەبەنگی ئاڵۆز دەتوانێت زانیاری بایەخدار بخاتە بەردەست لە بوارە جیاوازەکانی کیمیا و بنەما پەیوەندیدارەکان بۆ کەسانی دوور لە پسپۆڕیەکە.

**چالاکیەکانی فێرکردن و فێربوون:**

وانە و گفتوگۆکان: ٤٠ کاتژمێر
خوێندن، کە تێیدا خوێندکار چەقی فێربوون بێت: ٩٠ کاتژمێر
تێکڕای کۆششی خوێندکار: ١٣٠ کاتژمێر
**ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن:**
تاقیکردنەوەی تەواوکردنی خوێندن: نوسراو و زارەکی (هەژمارکردنی ١٠٠%)
**سەرچاوە:**

Mass Spectromtry, Principles and Applications, E, de Hoffmann and V. Stro-bant, Wiley, Chichest, 2001.

## پاشکۆی ٥: نمونەکان: ئەنجامەکانی فێربوون

نمونەی ئەنجامەکانی فێربوون

**ئەنجامی فێربوون١ : پێشبرکێ لە شیکاری بەبازارکردن دا**

LO1.1: بەرەوپێش بردنی شێوازەکانی بڕیاردان لە بەبازارکردنی ئاڵۆزدا بە پێی بیردۆزەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ کڕیارەکاندا.

LO1.2: تێکەڵکردنی سیستەمی بڕیارەکانی بەبازارکردن، لە بواری ڕاستەقینەی کاری کۆمپانیاکاندا.

LO1.3: شیکارکردنی بابەتە پەیوەندیدارەکانی کاری کڕین و فرۆشتن و شیکارکردنی داتا و زانیارییەکان بەشیوەیەکی سەربەخۆیانە.

LO1.4: بەشێوەی چالاکانە و پەیرەوکردنی لایەنی هونەری پاسادانکردنی زانیاریەکان بەکارهێنانی هونەری گونجاو بۆ بابەتە پەیوەندیدارەکان.

LO1.5: بەگەڕخستنی خستنە بواری جێبەجێکردنی بیردۆزەکانی لێکۆڵینەوە بەشێوەی چالاکانە لە هونەری بەبازارکردن و بابەتە پەیوەندیدارەکان.

**ئەنجامی فێربوون٢ : پێشبڕکێی توێژینەوە.**

LO2.1: هەڵبژاردن و بەردەستخستنی ڕێگاکانی شیکارکردنی داتاکان و شێوازی سەرژمێریکردن بۆ دۆزینەوەی گرفتە ئالۆزەکانی بواری بەبازارکردن.

LO2.2: وەرگێرانی گرفتە ئالۆزەکانی بواری بازارکردن بۆ توێژینەوەی زانستی بەشێوەی پرسیار.

LO2.3: پەیرەوکردنی ڕێگای لێکۆڵینەوە لە توێژینەوە بڵاوکراوەکان (ئەوانەی کە لەسەر کێشە ئاڵۆزەکانی بە بازارکردن ئەنجام دراون) ی ناو جۆرناڵە نێودەوڵەتیە هەڵسەنگێندراوەکان، لە لایەن کەسانی ترەوە.

LO2.4: پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانیان بە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی بواری بەبازارکردن دا.

LO2.5: زیادکردنی پێکهاتەی زانیاریی ئاڵۆز.

**ئەنجامی فێربوون ٣: توانستی هۆشیاری و ژیری**

LO3.1: شارەزابوون لە چەندین شێوازی دروستکردنی بەرنامەو سۆفت وێر پێویست بۆ دروستکردنی چەندین شێوازی ئاڵۆز لە بڕیاری بەبازارکردندا.

LO3.2: فراوانکردنی بەردەوامی بیرۆکەی یەکێك لە پێشبرکێکان بۆ بەدەستهێنانی هەڵسوکەوتی کاریگەر.

LO3.3: پێشبینی کردنی سەربەخۆیانەی ئەنجامەکانی گرفتە ئاڵۆزەکانی بەبازارکردن.

LO3.4: یەکخستنی ڕوانینە جیاوازەکانی خاوەن سەرمایەکان و کۆکردنەویان لە شێوەی چارەسەرێکی بەبازارکردن.

**ئەنجامەکانی فێربوون 4: پێشبڕکێ بۆ هاوکاری و دروستکردنی پەیوەندی.**

LO4.1: ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دروست بەشێوەیەکی زانستیانە دەربارەی ئەنجامە پەیوەندیدارەکانی توێژینەوەی بەبازارکردن.

LO4.2: جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی بازرگانی ڕاستەقینەی نێودەوڵەتی، کە دەستەیەکی لێهاتوو و خاوەن ئاستی جیاواز لە ئەزمووندا کاری تێدابکەن.

LO4.3: ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی پیشەییانەی نوسراو، دەربارەی بارودۆخە ئاڵۆزەکانی کڕین و فرۆشتن و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

LO4.4: پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێکی پیشەییانەی زارەکی، دەربارەی گرفتەکانی کڕین و فرۆشتن و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

LO4.5: ئەنجامدانی گفتوگۆ بەزمانی ئینگلیزی، لەگەڵ کەسە پێشکەوتوو و تازەکان دەربارەی چارەسەرکانی کڕین و فرۆشتن.

LO4.6: خۆتەرخانکردنی تاکەکەسیی ڕاستەقینە، بۆ پرۆژەیەکی بازرگانی لە ژیانی ڕاستەقینەدا.

**سودەکانی فێربوون5: پێشبرکێی کۆمەڵایەتی**

LO5.1: یەکخستنی ئەنجامی گەشەسەندنە تازەکان، لە کۆکردنەوەی داتاکان دا.

LO5.2: دانانی شێوازەکانی بڕیاردان، بۆ مەرجدارکردن و ئامانجەکانی بازرگانیکردن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی ڕاپەڕین

# ڕێبەری بەکارهێنەری ECTS


www.uor.edu.krd

www.facebook.com/UoRofficial/

relations@uor.edu.krd
info@uor.edu.krd

(+ 964) 772 3041313
(+ 964) 750 2659191

عێراق، هەرێمی کوردستان، ڕانیە، شەقامی گشتی.


٢٠١٨ - ٢٠١٩